سیروان کاوسی

# هۆکارەکانی بەدەوڵەتنەبوونی کورد

بەرگی یەکەم

چۆنبۆری/ تایلاند

خەرمانانی 2015

By: Sirwan Kawsi



# Why The Kurds Have Not Been Able to Form Their Own State Up to Now!

## A Historical Analysis

First Volum.

September; 2015

Chonburi/Thailand

# هۆکارەکانی

# بەدەوڵەتنەبوونی

# کورد

**بەرگی یەکەم**

ناوی پەرتۆک: هۆکارەکانی بە دەوڵەتنەبوونی کورد/ بەرگی یەکەم

نووسەر: سیروان کاوسی

تایپ و رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی

چاپی یەکەم: لە چاپخانەی:

Digital Printservice AS, Oslo ,Norway

لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە

هەژمار: 500 دانە

مافی چاپکردنەوەی بەدەست نووسەرە.

# ناوەرۆک


چەند دێڕێک لەجیاتی پێشەکی ......................................... ل 7

کورتەمێژووی ناو و زمان و شارستانێتیی کورد............................. ل 10

سەرهەڵدانی ئاینەکان لە میسۆپۆتامیا.................................. ل 14

یەکەمین هەلی مێژوویی بۆ کورد........................................ ل 30

شۆڕشی "خۆرمدین/خۆرم دین"، یان "خرٍمدین" (خورەمدین)!؟........... ل 43

ڕەگەز و بنەچەی ڕاستینەی بابەک و پێڕەوانی، شۆڕشی خۆرمدینان و، ئامانج و بیروباوەڕیان! ......................................................... ل 51

مردنی مەئموون و ئاکامی شۆڕشی خۆرمدین لەسەردەمی خەلیفە موعتەسەم عەباسی دا ....................................................... ل 70

زمان، ئاین، ولات و جەنگەکانی سوپای خۆرمدین لەزمانی مێژوونووسانی عەرەب و ناعەرەبەوە! ......................................................... ل 107

ئەو هۆكارانەی رۆڵی كاریگەریان هەبوو لەهەرەسپێهێنانی شۆرشی مەزنی
خۆرمدینان بەسەرۆكایەتیی پاپەكی خۆرمدین! ........................ ل 119

چارەنووسی سوپاسالاری ئیسلام "ئەفشین" .............................. 127

ژێدەرەكان ........................................................ ل 130

سەرچاوە........................................................ ل 149

لە بەرهەمەكانی دیكەی نووسەر...................................... ل 152

## چەند دێڕێک لەجیاتی پێشەکی

## بۆ بەرگی (1)ی "هۆکارەکانی بەدەوڵەتنەبوونی کورد!"

**خوێنەرەوەی هێژا!**

**دوای لێکۆڵینەوە و شەنوکەوکردنی دەیان سەرچاوەی مێژوویی کە پتر لە دوو ساڵ و شەش مانگی خایاند، بەرهەمێکی تازە و، بەرگی یەکەمی "هۆکارەکانی بەدەوڵەتنەبوونی کورد" کۆتاییهات. لەم پەرتۆکەدا پشت بەدەیان سەرچاوە بەستراوە و مێژووی نووسینیان دەگەڕێتەوە بۆ 1200ساڵ لەمەوبەر تاکو سەردەمی ئێستا و، لەلایەن نووسەران و مێژوونووسانی سەردەمی ئیمپراتۆریی ئیسلامی و یۆنان و کورد و گەلانی دیکەوە نووسراون.**

**لەم پەرتۆکەدا جگە لەخستنەڕووی چەند لایەنێکی مێژووی دێرینی کورد، هەروەها لاپەڕەکانی چەندین بزووتنەوە و شۆرشی گەورەی کورد هەڵدەدرێتەوە کە لەسەدەکانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان و پەلاتی ئێران بەگشتی دەستیپێکرد و چەند سەدەیەک بەردەوامبوو.**

**لەم پەرتۆکەدا لاپەڕەکانی شۆرشێکی مەزن و دزراوی کورد هەڵدەدرێتەوە کە لە 1200 ساڵ لەمەوبەر لەسەرتاسەری کوردستانی ئەوکات لەدژی ئیمپراتۆریی ئیسلامی و بنەماڵەی عەباسییەکان هەڵگیرسا و، بناخەکانی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی تووشی مەترسیی گەورە کرد و، بوو بە هەوێنی مانەوەی لقوپۆپەکانی ئاینی زەردەشتی لە کوردستان و لەئەگەری سەرکەوتنیدا، کورد، نەک هەر خاک و کیان و ئاین و کولتوور و نیشتمانەکەی دەپاراست، بەڵکو تووشی ئەو هەزاران کارەساتە یەکلەدواییەکانەش نەدەبوو کە بەدرێژایی هەزارودووسەتساڵی رابردوو**

لەلایەن ئیمپراتۆرییەکانی ئیسلامی و، ملهۆرانی دیکەی مێژووەوە بەسەریدا هێنرا.

بۆچی "هۆکارەکانی بەدەولەتنەبوونی کورد" م، لە چاخی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان دەستپێکردووە؟ چۆنکە لەئەنجامی لێکۆڵینی ورد و بەدواداچوونم لەبارەی ئیمپراتۆریی ساسانییەوە دەرکەوت بۆم کە دەسەلاتێکی لەسەداسەد کوردی بووە و، زمان و کۆشک و پەرستگەی میرانی ساسانی و پێتەخت و پێگەی سەرەکیی جەماوەری و سەربازی و ئاینییەکەشی هەر کوردستان بووە.

دوای رووخانی ئیمپراتۆریی ساسانی، کوردستان داگیرکرا، بەڵام بیری دەوڵەتداری و مەزنیخوازیی کورد نەڕووخا، هێشتا هەرەسیپێنەهێنرابوو، چۆنکە سەدان ساڵ پێش ساسانییەکانیش کوردستان ناوەندی ئیمپراتۆری گەورەی ماد و یەکێ بوو لە گەلانی خاوەن شارستانێتیی گەورەی سەردەمی میزۆپۆتامیا (1*) و، ناوەند و چاوکانیی سەرهەڵدانی چەندین ئاینی مرۆڤدۆستانە و مرۆڤپەروەری وەک میترایزم و زەردەشتی و مانیزم بوو، لەبەر ئەوە دوای داگیرکردنی خاکەکەی لەلایەن سوپای ئیسلامەوە بەزۆری شمشێر و سەربڕین و رووخانی حکوومەتی ساسانی کە خوێنەر دەتوانێ لەدووتوێی کتێبەکەدا هۆکارەکانی بخوێنێتەوە، هەست و بێزاری و تووڕەی و بیری راپەڕین و راماڵینی سوپای عەرەب، لەنێو دڵی جەماوەر و بەشێ لە میران و گەورەکانی زەردەشتیی بەوێنەی پشکۆی بن خۆڵەمێش بوون و، بوون بە هەوێنی ئەو بزووتنەوە یەکلەدواییەکانەی کە چەند سەدەیەک کوردستانی کردە گۆڕەپانی نەبەردی خوێناوی و ئەنفال و کردنی کوردستان بە پێگە و لەشکرگەی سوپای موسڵمانان بەتیرە و رەگەزی جیاجیاوە.

**لیکۆڵینەوە و پێداچوونی ورد لەبارەی ئاکامی شۆڕشەکانی دوور و نێزیک و هۆکاری سەرنەکەوتنیان و لەدەستدانی ئەو دەرفەتە مێژووییانەی لەچاخ و قۆناخەجیاجیاکانی مێژوودا بۆ کورد هەڵکەتوون، هەوڵێکی ریشەییە بۆ تێگەیشتن لە ناخ و قووڵایی هۆکارەکانی مانەوەمان لەبندەستی و کۆیلەتی.**

**بەکورتی: دۆزینەوە و ساخکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کورد، کار و ئەرکێکی ماندوونەناسانەیە و، پشوودرێژی و زانایی و بیری وردی دەوێ کە خشت بەخشتی ئەم مێژووە ونبووە لەژێر خۆڵوبەردوداری داڕووخاوی هەزارانسالە دەربهێنرێ و بەبرژانگی چاو تەپوتۆز و خۆڵی لەسەر لاببرێ و، سەرلەنوی وەک خۆی بنووسرێنەوە، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد پێناسەیەکی هەبوون و کەسایەتیی خۆی بکا، رابردووی راستینەی خۆی بزانێ و، رێچکەیەکی رۆناک بەرەو رزگاریی خۆی دەستنیشان بکات.**

**هیوامایە لەم رێگەوە خزمەتێکی رۆشنبیریی کوردیم کردبێ و، ئەم بەرهەمە گچکەیەش رووی ئەوەی هەبێ لەسووچێکی پەرتۆکخانەی کوردیدا جێی بێتەوە.**

**سیروان کاوسی**

18/9/2015

## کورتەمێژووی ناو و زمان و شارستانێتیی کورد پێش هاتنی ئارییەکان بۆ کوردستانی ئێستا و پەلاتی ئێران!

مێژووی دێرینی گەلان بەگشتی تەژییە لەتێکهەڵپرژان و سەرکەوتن و هەڵەنگوتن و نووچدان و سەرهاتیی دڵتەزێن، هزر و رامان و مێتۆلۆژیا و کۆمەڵەچیرۆکی جۆراوجۆر کە دەماودەم هاتوون، لەدرێژایی زەماندا مێژوو، شارستانێتی، ئاین و کولتوور و داونەریتی گەلانی ئەوڕۆیان لەسەر بنیادنراوە. مێژووی دوور و نێزیکی کورد بەهۆی ژێردەستی و نەبوونی کیانی سەربەخۆی کوردی و، پێڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیی هەر لەسەدەکانی کۆن و ناوەڕاستی زاینەوە کە بندەستی سێ ئیمپراتۆریی ئیسلامیی عەرەبی و ئێرانی و تورکی بوو، دواتریش لەسەدساڵی رابردوودا بەشێوەیەکی سیستەماتیک لەلایەن رژێمەکانی داگیرکەرییەوە بەرەوڕووی جینۆسایدی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و رەگەزی و تالانکردن و تووناکردنی ئاسەواری بووەتەوە و هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی مێژووی راستینەی ونکرێ و بشێوێندری.

ئەگەرچی زۆرینەی کورد رەچەڵەکی خۆمان دەبەینەوە سەر ئیمپراتۆریی مادەکان و، شانازیی بەرابردووی خۆمانەوە دەکەین، بەڵام کەم نین ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی کورد و بیانی کە دەڵێن: چ پێوەندییەکی رەگەزیی لەنێوان کورد و مادەکاندا نەبووە و نییە و، باوەڕیانوایە بنەچە و رەگەزی کورد لەو هۆز و گەلانە پێکهاتووە کە

پێش هاتنی ئارياييەكان لە باكووری **قەفقازياوە** بەرەو **هێندستان** و **پەلاتی ئێران**، لەزنجيرەچياكانی زاگروس و ئەو ناوچەيە ژياوە كە لە يۆنانی كۆن بە **"ميسۆپۆتاميا" نێوی هاتووە**.

مێژوونووسانی كورد و بيانی، هەروەها نووسەرانی سەر بە داگيركەرانی كوردستان، سەبارەت بە رەچەڵەک و پەيدابوونی كورد بۆچوونی جياواز و دوور لەيەكيان هەيە، لەنێوياندا ئەوانەی وا بەشێوازێكی زانستی لەمێژووی كەونارانی كورديان كۆڵيوەتەوە، دەڵێن: **رەگەزی ئێستای كورد تێكەڵاوێكە لەو هۆز و گەلەخەڵكانەی وەک: گۆتی، لۆلۆ، كاشی، ئيلامی، ئايری، هەتيتی، سۆمەری، خۆری، ميتانی، يۆنانی، بابلی و... هتد، كە پێش هاتنی هۆزی "ماد" لەو ناوچەيە ژياون، يان بەهۆی شەڕوشۆر وداگيركارييەوە ئاوێتەی يەكبوونە و، دوای شۆڕبوونەوەی ئارييەكانيش بۆ هەرێمەكە، لەگەڵ رەگەزی ئاری تێكەڵبوونە و، پاش هەزاران ساڵ، ئەم گەلەی لێخولقاوە كە ئەوڕۆكە پێيدەگوترێت: "نەتەوەی كورد"**.

لەلايەنی باوەڕی ئاينيشەوە چەند هەزارساڵێک بەرلەئەمڕۆ و، پێش هاتنی ئاينی ئيسلام، ميسۆپۆتاميا و زنجيرەچيای زاگرۆس ناوەندی چەندين ئاينی وەک **ميترايزم و زەردەشتی و بووديزم و مووسايی و عيسايی و مانيزم (2*)** بووە، دوای سەرهەڵدانی ئاينی ئيسلاميش چەندين ئاينی خۆجێی وەک **پاپەكيزم** و **مەزدانيزم و ياری** و **ئێزدی** و **ئارەويی** سەريانهەڵداوە. لەڕووی مێژوی شارستانييەوە، كوردستان بەيەكێ لەكۆنترين ناوچەكانی خاوەن شارستانێتی جيهان ناسراوە.

لەپێوەندیی لەگەڵ زمانی کوردیدا، کۆنترین شێوەی وشەی کورد لەنێو نووسراوەی کۆنی **"بزماری"** تاکو ئەوڕۆ دۆزرابێتەوە لەشێوازی نووسینی **"مات کورداکی"** دا هاتووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێی پێشزاین. وشەی **"مات"** بەمانای هەوارگەیە و، **"کی"** نیشانەیەکی کۆنی سۆمەرییە و مانای **"زەوی"** بووە.

یەکێ لەو هۆزانەی پێش هاتنی ئارییەکان، لەکوردستان و لە ڕۆژاوای ئێستای کوردستان توانیویانە بۆ ماوەی هەزارساڵ حکوومەتێکی بەهێز دامەزرێنن و، هۆزەکانی دەوروبەریش بخەنەژێر ڕکێفیانەوە، هۆزی **هۆری (خۆری)** بوون، زمانەکەشیان زمانی زاگرۆسی بووە و، لەڕەوتی خۆیدا نێوی **"ئۆرارتوو"** ی لێنراوە. بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە خۆرییەکان بەزمانی **خۆری** و **"ئەکەدی"** بۆیان بەجێهێشتووین، دەردەکەوێ شوێنی نیشتەجێبوونیان هەر ئەم کوردستانەی ئێستابووە.

هەر لە سەدەکانی پێش زاینەوە لەلایەن ئاشوورییەکانەوە نێوی کورد بە "**KURHI**" هاتووە، دواتریش نێزیک بە سێ سەدە پێشزاین لەلایەن **"گزەنفۆن"** مێژوونووس و سەرلەشکری سوپای یۆنان، مێژوونووسانی وەک **"هێرۆدۆت"** و **"پۆلیپ"** و **"بەتلەمیۆس"** وە، **نێوی "مارد"** و **"کورت"**، **"کورتچەکە"** (**KURCHEKE**) و **"کوردیک"** (**KURDIKH**) و **"کۆردووک"** (**KURDUKH**) هێنراوە کە لە کوردستانی ئێستا و **ئازەربایجان (ئاترۆپاتاکان)** ژیاون.

لەگەڵ پەرەسەندنی قۆناخی کۆیلایەتی و شەڕوشۆر و پەلاماردانی هۆز و گەلان بۆ داگیرکردنی زەویوزاری بەپیتوبەرەکەت و نیشتگە و حەشیمەتی یەکتر، شار و کۆشکوتەلار و پێگەی سەربازی و چینی دەستڕۆیشتوو و، پلەنزم و پیشەوەر و جۆتکار پەیدابوون، لەمەوە قۆناخی فیۆدالیزم سەریهەڵدا بەڵام کۆیلەکردنی مرۆڤەکان وەک رابردوو مایەوە و لەکاتی داگیرکردنی وڵاتاندا خەڵکەکەی دەبوونە کۆیلە و لەسازکردنی کۆشکوتەلار و قەڵاوە هەتاکو خزمەتکردنی ئاژەڵ و باخداری و پەرەپێدانی کشتوکاڵی و بەردەستیکردنی چینەکانی گەلی داگیرکەر و باڵادەست بەکاردەهێنران.

## سەرهەڵدانی ئاینەکان لە میسۆپۆتامیا و دواتر پەیدابوونی ئاینی ئیسلام لە دورگەی عەرەب و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان!

شانبەشانی ئەم گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەلایەتییانە، لەنێو هۆز و گەلانی جۆراوجۆردا، بەپێی تێگەیشتنی ئەوکاتیان سەبارەت بە سروشت و رووداوەسروشتییەکان و ئاسمان و دەوروبەری خۆیان و، بەپێی هەلومەرجی ژیان و رامان و بیرکردنەوەیان، ئاینی جۆراوجۆری وەک **میترایزم و زەردەشتی، مانیزم، بوودیزم، مووسایی و عیسایی** پەیدابوون. پێشەنگ و پێڕەوانی سەر بەم ئاینانە هانی خەڵکیاندەدا باوەڕیان پێ بهێنن و، پشتگیریی لە رێبازەکەیان بکەن، لەمەوە چینی ئاینی سەریهەڵدا. بەرەبەرە ئەم ئاینە تازانە لەنێو هۆز و گەلانی خۆیاندا بوون بە ئاینی فەرمیی. پێشەوای ئاینی و پاشا و دەسەلاتدارانیش بەمەبەستی پەرەپێدانی ئاینەکەیان، هاوکات بەنیازی داگیرکردنی وڵاتانی رەنگین وزەنگین، خەڵک وپێڕەوانی خۆیان خستەڕێ و، لەشکرکێشیی ئەو جارەیان بەناوی ئاینەوە بۆ سەر یەکتری دەستپێکرد. ئەم دیاردەیە بەتایبەتیی لەسەردەمی پەیدابوونی ئاینی عیسایی و دواتر لەکاتی پەیدابوونی ئاینی ئیسلام، پەرەی سەند و داگیرکردنی وڵاتانی دی، بەنێوی فەرمانی خودێ و کوڕی خودێ و شەڕی رەوا وپیرۆز لەدژی **"کافران"** و نەیاران لەقەڵەم درا.

دوای ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام - محەممەد بەگرتنەبەری چەند شێوازێک، لەماوەی بیستوچەند ساڵێک ئاینی ئیسلامی لەعەرەبستاندا

بلاوكردەوە، ئەوجا جێنشینەكانی، بۆ بەهێزتركردنی ڕێبازەكەی دەستیانكرد بەلەشكركێشی بۆ سەر گەلانی ناموسڵمان. لەسەردەمی **"عومەری فارۆق" (عمر ابن خطاب) كە پاش خەڵیفە ئەبووبەكر لەساڵی 634 بۆ644ی زاینیی بوو بەخەڵیفەی دووەم، سوپای عەرەب هێرشیكردە سەر شاری تیسفون كە پێتەختی ئیمپراتۆری ساسانی بوو. شاری تیسفون و هەموو ناوەندەكانی دەسەلاتدارێتیی ساسانی لەنێو جەرگەی كوردستاندا هەڵكەوتبوون. دوای داگیركردنی پێتەختی ساسانی و تالانكردنی سامان و نەغدینەی حكوومەت و ڕاماڵدانی ڕەگەزی مێینە، ئەوجا سوپای ئیسلام بە متمانە و تێرادیوی زیاتروە ولاتانی میسر و پەلاتی ئێران و ولاتی "شام"ی داگیركرد** و، بناخەی ئیمپراتۆرییەكی تازەی ئیسلامیی لەناوچەكەدا دارشت كە لەلایەن گەلی عەرەبەوە سەرۆكایەتی دەكرا.

بەو پێیەی كە ولاتی ئەوسای كوردەواریی هاوسنوور بوو لەگەڵ عەرەبستان و، لەڕۆژهەلاتی عەرەبستان هەڵكەوتبوو، سوپای ئیسلام لەكاتی هێرشی بۆ سەر گەلانی نامۆسڵمان، دەبوو لەپێشدا كوردستان داگیربكات ئەوجا بەرەو خاكی ولاتانی دیكەی نێو پەلاتی ئێران و، هێند و قەفقازیا و رۆژهەلاتی ئۆروپا پەل بهاوێژێت. سەرتاسەری دانیشتوانی كوردستان لەو سەردەمەدا، سەر **بە ئاینی زەردەشتی بوون، ئیمپراتۆریی ساسانی رووخابوو، بەلام میرەكانی كورد لە ناوچەجیاجیاكان و هەروەها ڕەشەخەڵكەكەش ئامادەنەبوون، بندەستیی عەرەب قەبوڵ بكەن و، واز لە ئاینەكەی**

**خۆیان بهێنن. ناوچەکانی گەرمیان و دەشتاییەکانی بەغدا "Begudate" کە لە "خودێ داوە" هاتووە و کەرکووک (3*)، لەسەردەمی خەڵیفە عومەر کوڕی خەتاب، یەکەم ناوچەی سەرووی کوردستان بوون لەدوای رووخانی ئیمپراتۆریی ساسانی بەرهێرشی سوپای ئیسلام کەوتن. ئەو ناوچانە هەر زوو کەوتنە دەستی موسڵمانانەوە و، بەخێرایی شەڕ گەیشتنە ناوچە شاخاوییەکانی وەک شارباژێر و شارەزوور و بادینان و هەولێر و پشتدەر و دۆڵی مەرگە و زنجیرە چیای ئاسۆس لە باشووری کوردستان.**

**شەڕ و پێکدادانی کوردان بەسەرۆکایەتیی "فەڕۆخ پاشا" لە بنگرد و دۆڵی مەرگە و چیاکانی "ئاسۆس" لەدژی سوپای ئیسلام بەفەرماندەیەتیی "سەعد کوڕی وەقاس" و خالید کوڕی وەلید** لەساڵی **635** بۆ **650**ی زایینی، لەگەڵ زنجیرەیەک جەنگی گەورەوگران بەسەرۆکایەتیی **"میرچاتلیس"** فەرمانڕەوای **هەولێر**، **"میر پەترۆس"** لە ناوچەی **کۆیە** و" **پاشا "مێردانیکور"** لە**پشتدەر**، بەخوێناویترین جەنگەکانی ئەو سەردەمە دەژمێردرێن و، سوپای ئیسلام بەدانی هەزاران کوژراو کە بەشێکی گۆڕستانەکەیان لە سەرووی گوندی **"مەرگە"** لەنێزیک شاری **"دووکان"** بەجێماوە، توانی ناوچەی **پشتدەر و دوکان** داگیربکا و، دەست بکات بە قەڵاچۆکردنی دانیشتوانەکەی. لەم بارەوە **ئیمام واقدی کە بە یەکەم مێژوونووسی موسڵمان ناسراوە، باسی جەنگی پشتدەری بەم شێوەیە تۆمارکردووە:**

**دوای گرتنی قەڵاکەی میردانیکور تەواوی ناوچەکە کەوتە ژێر دەستی سوپای موسڵمانانەوە. ئەمیر خالید نامەیەکی نووسی بۆ خەلیفە عومەر کوڕی خەتاب، ئەمەش دەقی نامەکەیە:**

"بەناوی خودای بەخشندە و مێهرەبان. لە خالیدی کوڕی وەلیدەوە بۆ جێنشینی پێغەمبەر عومەری کوڕی خەتاب ڕەحمەتی خوا ببارێنیت بەسەرتانا. من سوپاسبێژی خودایەک دەکەم کە جگە لەو هیچ کەس شایەنی نییە. هەروەها ڕەحمەتی خوا بڕژێت بەسەر پێغەمبەر و هەموو موسڵمانان و یارانمان کە لە مەککەو مەدینەوە هاتوون و، بۆ سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر کافران نیشتمانی خۆیان جێهێڵاوە (انصار و مهاجر). سوپاس بۆ خودا ناوچەی "مەرگە" و "پشتدەر" و "دووگۆمان" مان گرت، لەقەلاچوارلان لەگەڵ کوردان بەسەرۆکایەتیی "میرجاچوور بەرەڕووی جەنگێکی زۆر دژواربووینەوە، سوپاس بۆ خودێ لەوێش بەسەر دوژمندا سەرکەوتین. میرەکوردەکانمان کوشت و لەشکرەکانیشیانمان توونا کرد. خەلکی ناوچەکەشمان گوێڕایەڵ کرد کە نەوێرن بەرەنگارمان ببنەوە بەمەرجەکانمان ڕازیبوون. ئێستا ئاڵای ئیسلام لەم وڵاتەدا دەشەکێتەوە. پەرستگە زەردەشتییەکانمان هەموو وێرانکرد، لە جێگەیدا مزگەوتمان بۆ دروستکردن. لاشەیەکی زۆر لەعەرەب و کورد لەگۆڕەپانەکانی جەنگدا کەوتبوون، خالید کوڕی وەلید فەرمانی بە کوردەکان دا گۆڕ بۆ عەرەبەکوژراوەکان هەڵکەنن، ئەوجا لاشەی

کوردەکوژراوەکانیان لەگۆڕی بەکۆمەڵدا چاڵکردن و بەنیشانەی "کافربوونیان" یەکی حەوت بەردیان گرتە گۆڕەکەیان".

ئیمام واقدی لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێ: "پاش تووناکردنی هێزوتوانای کوردانی پشتدەر و قەڵاچۆکردنی دانیشتوانی گوندی "بێژوێ" لەپشتی شاری سەردەشت و ناوچەی "ئالان" لەلایەن قەعقاع کوری خەڵیفە عومەرەوە، ئەباعوبەید، "خالید کوڕی وەلید" ی نارد بۆ ڕۆژهەلات (رۆژهەڵاتی کوردستان) و قەعقاعی کوڕی خەڵیفە عومەریشی نارد بۆ شارەزوور".

**ڕۆژی نووسینی ئەم نامەیە** (**یەکشەممە بوو12ی ژی القعیدی سال21 هجری**).

واقدی دەڵێت: دوای ئەو سەرکەوتنانەی سوپای ئیسلام لەولاتی کوردان، به لەشکرێکی گەورەوە بە دۆڵ و شاخ و مەزرا و گردۆڵکەکاندا سەردەکەوتین و پێشڕەویمان دەکرد، چەند سەربازێک بە هەڵگرتنی ئاڵای ئیسلامەوە لەپێشی سوپاوە دەڕۆیشتن، بەرەو گوندەکانی ناوچەشاخاوییەکان هەڵدەکشاین. گەیشتینە دێیەکی گەورە لەدۆڵێک، لەنێوان دوو چیای بەرز هەڵکەوتبوو. رەز و باخاتێکی زۆری هەبوو ئاوێکی سازگاریش بە نێو گوندەکەدا دەهاتە خوارەوە، ئەم دێیە ناوی "هێرۆ" بوو. کاتێ گەیشتینە نێزیکی گوندی "هێرۆ" دانیشتووانەکەی بە گەورە و بچووکەوە هێرشیان بۆ هێناین، بوو بە شەڕێکی گەورە. هەرچەندە خەڵکی گوندی هێرۆ سوپایان نەبوو بەڵام زۆر نەبەردانە و بێ سڵەمینەوە بەگژ ئەم لەشکرە گەورەیەدا

چوون. پەلاماردانەکەیان زۆر لە ناکاو بوو، توانییان زیانێکی گەورەمان پێبگەیەنن. بە جۆرێک شەڕیاندەکرد، دەتگوت خۆیان بەختدەکەن و بە تەمانین جارێکی تر بژین.

گەورەی گوند ناوی "کراکر" بوو، زۆر ئازا و چاو نەترس بوو. دەهات و دەچوو بە شمشێرێکەوە لەنێو جەرگەی شەڕەکەدا ورەی جەنگاوەرەکانی بەرز دەکردەوە، هاواری دەکرد: هۆ خەڵکینە، دەتانەوێ سەروماڵ و دینەکەتان رادەستی عەرەب بکەن؟ دەتانەوێ عەرەب دەستدرێژیی بکەنە سەر کچەکانتان و ئابڕوتان بەرن؟ دەستی خۆتان بوەشێنن هەتا دەتوانن لێیان بکوژن!

شەڕەکە، هەتاکو دەمەوئێوارە درێژەیکێشا، یەکێ لە فەرماندەکانی سوپای ئیسلام بە ناوی "زراری ئەزوور" بە یەکەیەکی سەربازیی تایبەتەوە هێرشی کردەسەر "کراکر"، پاش شەڕێکی زۆر دەرفەتی هێنا و، لەدواوە شمشێرەکەی لەپشتی کراکر چەقاند و لە سنگییەوە دەرچوو، کراکری کوشت. جەنگاوەرانی هێرۆ کە ئەمەیان بینی ورەیان بەردا و هەڵهاتن. سوپای ئیسلام دوایانکەوتن هەتا لە نێو شاخەکاندا بڵاوەیان پێکردن.

ئەو شەوە کۆمەڵێک دیلیان هێنایە بەردەم سەرداری ئیسلام خالید کوڕی وەلید، ئەویش داوایلێکردن کە ببن بە موسڵمان! ئەوانیش، قبوڵیان نەکرد. خالید، فەرمانی کرد هەموویان سەر ببڕن بۆ ئەوەی ببن بە نموونە بۆ خەڵکی ناوچەکە  کە چیتر کەس نەوێرێ دژایەتی

سوپای ئیسلام بکا و، تێبگەن ئەوەی دژایەتیی ئاینی ئیسلام بکا بە دەردی دانیشتوانی گوندی هێرۆی دەبەین. چەکدارەکان، گوندەکەیان تالآن کرد و ئەو شەوە لەگەڵ مێینەی گوندەکە لە هێرۆ ماینەوە. بۆ ڕۆژی دوایی، هەموو کوژراوەکان نێژران. دوای ئەوەی هەموو مالآنی گوند رووخێندرا و وێرانکرا، خالید فەرمانی کرد سوپامان کۆببێتەوە و بەرەو داگیرکردنی شار و گوندەکانی دیکە پێشڕەوی بکەن.

سوپاکەمان کەوتەڕێ. گەیشتینە ناوچەیەکی دەشتایی زۆر فێنک و خۆش لەوێ دێیەکی لێبوو ناوی سۆسێنان بوو، خەڵکەکەی لە ترسا چۆڵیانکردبوو ڕوویانکردبووە شاخەکان. خالید فەرمانیدا لێرە پشوودەدەین و سێ رۆژ دەمێنینەوە! لەشکر کەوتە سازکردنی هۆردووگە. خالید هەرەشەنامەیەکی بۆ خەڵکی سۆسێنان نووسی و داوایلێکردن کە موسڵمان بن، یان سەرانە بدەن. ئەگەر هیچ کام لەم مەرجانە قبوڵ نەکەن، ئەوا سەرتان بەبڕین دەچێ ودەستدەگرین بە سەر ماڵوسامانتاندا.

میری سۆسێنان کاتی خۆی بە چەند هەزار چەکدارەوە یارمەتی "مالکی ئەژدەر" ی دابوو دژی لەشکرەکەی خالید، بۆیە نەیوێرا چیتر بەرەنگاری سوپای موسڵمانان بێتەوە. ناچار بە مەرجەکان ڕازی بوو. خالید بەم هەواڵە، زۆر دڵخۆش بوو. فرمانی بە چەکدارەکانی کرد ڕووبکەنە سۆسێنان و لەوێ سەربازگە سازبکەن.

کاتێ گەیشتینە سۆسێنان، گەورەو بچووک لە ترسا بەپێشوازمانەوە هاتن. خالید داوای لە گەورەو بچووکی دەشتی سۆسێنان کرد پەیمان نەشکێنن و پێبەندبن بە مەرجەکان و، گەر بێتوو سەرپێچی بکەن بەڵایەکتان بەسەر دێنم بیرتان نەچێتەوە. ئەوجا داوایکرد لە خەڵکەکە خواردن و خواردنەوە بۆ لەشکری ئیسلام و ئاڵفیش بۆ هەسپەکان دابین بکەن.

ئەو ماوەیە کە لە سۆسینان بووین ڕێگەنەدرا کەس لە گوند بچێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی دانیشتوانی شار و گوندەکانی تر لە هاتنی سوپای ئیسلام ئاگادار نەکرێن. ماوەیەک لەوێ ماینەوە، پشووماندا. خالید هەواڵی بۆهات کە لەم ناوچەیەدا شارێکی بچووک هەیە ناوی "شابارە" یە و میرەکەشیان ناوی "جاسومە"، ڕازی نین ببنە موسڵمان. خۆیان ئامادە کردووە بۆشەڕ! ئەم شارە بچووکە شوێنەواری ماوە و ئێستا پێیدەگوترێت: "دەشتی شوربە" و ئەکەوێتە خوارووی شاری سەردەشتەوە.

خالید کە ئەمەی بیست، دوو جار شمشێرەکەی لە کێلانەی دەرهێنا و خستیەوە جێی خۆی و وتی: شمشێرەکەم، تینووی خوێنە .لەشکرەکەی کۆکردەوە و ڕوویکردە شاری شابارە...! دوای داگیرکردن و قەڵاچۆکردنی دانیشتوانی شاری شابارە، ئەوجا سوپاکەمان بوو بە دوو کەرتەوە، بەشێکی روویکردە رۆژهەڵاتی کوردستان و، لە شاری مەهاباد لەگەڵ کوردان بەسەرۆکایەتیی شاژنی کورد "ئەرجانوس" بەرەوڕووی جەنگێکی گەورەوگران

**هاتین، له ئاکامدا شاری مەهاباد داگیرکرا و، هەزاران کەسیان لیٚ کوژرا و، شاژنەکەشیان بەدیلی کەوتە دەستی چەکدارانمانەوە. قەقعاع کوڕی عومەر، "ئەرجانووس" ی بەزۆر لەخۆی مارەکرد. ئالأی ئیسلام له مەهاباد هەڵدرا، ئەوجا سوپای ئیسلام روویکردە شاری "ورمیٚ" و دوای کوشتنی هەزاران چەکداری ئەم شارە، سەرۆکەکەشیان بەناوی "خۆشقەدەم" کوژرا و، شارەکە و هەموو ناوچەکە بە تەواوەتیی کەوتە دەستی لەشکری ئیسلامەوە...!"**

**بەشەکەی دیکەی سوپای ئیسلام دوای داگیرکردنی باشووری کوردستان، روویکردە هەورامان و شارەزوور،** خانەقی و کرماشان و، شارۆچکە و گوندەکانی ئەو ناوچانە و دەستیانکرد بە سووتاندنی پەرستگەکانی زەردەشتی و سەربڕینی جەنگاوەرانی کورد و بەدیلگرتنی هەزاران ژن و منداڵ و، تالانکردنی سامانی دانیشتوانەکەی. زانایەکی ئەو سەردەمەی ناوچەی **هەورامان 1378** ساڵێک لەمەوبەر بەسەرهاتی خەڵک و گەورەپیاوانی زەردەشتی لەهۆنراوەیەکدا هۆنیوەتەوە و دەڵیٚ:

**هورمزان رمان، ئاتران کوژان**

**ویٚشان شاردەوە گەورە گەورەکان**

**زۆرکاری عەرەب کردنە خاپوور**

**گنا ئی پالە هەتا شارەزوور**

**شەن و کەنیکا وەدیل بشیٚنا**

**مەرد ئازا تلی وەڕوی هویٚنا**

**ڕەوشتی زەردەشت مانۆوە بێ کەس**

**بزیکا نیگا هورمز وەهیچ کەس.**

بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی **"ئیمام واقدی"**، ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێ، هۆز و عەشیرەتەکوردەکان **تەنیا ئەوکات بەرەنگاری سوپای عەرەب بوونەتەوە کە هێرشکراوەتە خاک و سنووری هۆزی خۆیان، هەوڵیاننەداوە هەموو پێکەوە هێزێکی گەورە پێک بهێنن و، بەرەنگاری هێرشی سوپای عەرەب ببنەوە. سەرکردەکانی سوپای عەرەبیش، بۆ ترساندنی هۆزەکانی دیکە، هۆز و دانیشتوانی گوندێ یان چەند گوندێکیان بنبڕکردووە و، توانیویانە ترس بخەنەبەر هۆزەکانی دیکە و، یەک بەیەکیان بخەنە ژێررکێفی خۆیانەوە و ناچاریانکەن واز لەئاینی زەردەشتی بهێنن و، ئاینی ئیسلام بسەپێنن بەسەریاندا. بەشێ لەهۆزەکوردەکان دوای ئەوەی بەچارەنووسی ئەو هۆزانەیان زانیوە کە لەگەڵ لەشکری عەرەب بەشەڕهاتوون، بۆ پاراستنی خۆیان و ژن و منداڵ و سامانیان، لەترسا بوونەتە موسڵمان. هێزی هێرشکاری عەرەب کە بە ناوەرۆکی فەرمانی "جیهاد" (خەزا) و "ئەنفال" گۆشکرابوون، زۆر بێبەزییانە بەرەنگاری هەرجۆرە دژایەتیکردنێ دەبوونەوە. ئاینی ئیسلامیش ئەو ڕەوایەتی (شەرعیت) ەشی دابوونێ کە ماڵ و سامان و ژن و منداڵی وڵاتی داگیرکراو بەموڵک و سامانی خۆیان بزانن، لەبەر ئەوە سوپای ئیسلام بێسڵەمینەوە و، بەبیروباوەڕی دەستکەوتی ئەم دنیا و ئەو دنیای دەجەنگا. سەرەڕای ئەمەش، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان،**

**چەندسەدەیەک گۆڕەپانی بەرخۆدان و شەڕی نێوان کوردان و سوپای ئیسلام بوو.**

ڕووخاندنی دەسەلاتداریێتیی ساسانی کە ئیمپراتۆرییەکی لەسەداسەد کوردی بوو **(لەبەشەکانی دیکە دەچینە سەری!)**، کارکردی زۆری لەسەر جێننشینەکانی پەیامبەری ئیسلام و سوپای ئیسلام دانا، متمانە و باوەڕ بەخۆبوونی لەنێویاندا پەرەپێدا. دڵنیابوون پاش شکانی ئیمپراتۆریی ساسانی، بەهاسانی دەتوانن ناوچە و وڵاتانی دی داگیربکەن. لەبەر ئەوە سڵیان لەو بەرخۆدانە پەرتوبڵاوانە نەدەکردەوە کە لە بەلاتی ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتیی بەرەوڕوویان دەبووەوە. **بەکورتی، ئەو کێشەوگیروگرۆیانەی هۆکار بوون لەڕووخانی ئیمپراتۆریی ساسانی، بریتیبوون لەم خاڵانەی خوارەوە:**

**1- دەستنیشانکردنی شاری تیسفۆن بۆ پێتەختی ساسانی کە لە خوارووی کوردستان و لەسەرسنووری نێوان حکوومەتی ساسانی و هۆزەکانی عەرەبدا هەڵکەوتبوو، گەورەترین هەڵەی شا و فەرماندەکانی سوپای ساسانی بوو، هیچکاتێک باوەڕیان نەدەکرد، خێڵەکانی بیابانشینی کاکیبەکاکیی عەرەبستان ببنە جێی مەترسیی بۆ سەر پێتەختی ئیمپراتۆریی ساسانی. ئەوە بوو لەگەڵ داگیرکردنی پێتەخت و هەلاتنی شای ساسانی، شیرازەی حکوومەت و سوپا بەتەواوەتیی تێکچوو.**

**2- هێرشی ترکان بۆ رۆژهەڵاتی حکوومەتی ساسانی لەوکاتەدا سەرقاڵیی گەورەی بۆ ساسانییەکان دروستکردبوو.**

**3- لەنێوبردن و کوشتنی شازادەکان و سەردارانی بەناوبانگی ساسانی لەلایەن شای ساسانی (خوسرەو پەرویزەوە) لەترسی ئەوەی کودەتای بەسەردا نەکەن.**

**4- راگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن گوستاهم خاڵۆی خوسرەو پەروێز بەپشتیوانیی کوردانی خۆراسان و، جەنگێکی چەندین ساڵە لەدژی سوپاکەی.**

**5- کوشتنی "مەردانشا" حوکمڕانی ناوچەکانی لەک و کەڵوڕ لەلایەن خوسرەو پەروێزەوە بێزارییەکەی زۆری لەنێو کوردانی ناوچەکە لەدژی بنەماڵەی ساسانی بڵاوکردەوە.**

**6- کوشتنوبڕینی دەیان هەزار پێڕەوی ئاینی مەسیحی و مانیزم لە زەمانی خوسرەو پەروێز بەهاندانی پیرەکانی زەردەشتی کە دژی پەرەسەندنی ئەو دوو ئاینەبوون، ناڕەزایەتی وبێزارییەکی زۆری لەنێو جەماوەردا دروستکرد.**

**7- بناخەی ئیمپراتۆریی بەهۆی گەندەڵیی دەسەڵاتدارانەوە لاواز ببوو. بنەمالەی پاشایەتیی و سەردارانی سوپا و گەورەکانی زەردەشتی لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا ژیان وگیان و بژێویی دانیشتوانی ئیمپراتۆرییان پشتگوێخستبوو.**

**8- جەنگی چەندین و چەند ساڵە لەدژی ئیمپراتۆریی بیزانس "رۆمی رۆژهەڵات" لەزەمانی خوسرەو پەروێز شای ساسانی و "هێراکلیۆس" ئیمپراتۆری بیزانس لەنێوان ساڵانی (641-610) ی زاینی کە بوو بەهۆی شکستی سوپای**

**ساسانی لە چەند لاوە و لاوازبوونی سوپا، ئەوەش زەوینەی خۆشکرد بۆ راپەڕینی خەڵک بەهۆی زیادکردنی باج لەسەریان.**

**سەرباری ئەم نەهامەتییە خۆکرد و دەرەکییانەی بەرەوڕووی ئیمپراتۆریی ساسانی ببوونەوە، خوسرەوپەرویز لەلایەن "قوباد" ی کوڕییەوە کوژرا. قوباد چەند مانگێ حکوومەتی کرد، چەند کەسێ لە ئەندامانی بنەماڵەکەی پیلانێکیان بۆ دارِشت و توانییان تیرۆری بکەن و، بیکوژن. دوای کوژرانی قوباد لەماوەی پێنج ساڵدا دووان لەکچەکانی خوسرەو پەرویز و دوو سوپاسالار چوونە سەر تەختی پاشایەتیی، بەڵام بەهۆی ناکارامەی و رکەبەریی نێوانیان نەیانتوانی میروپاشاکانی ناوچەکان جارێکی دی لەژێر ئالآی ساسانیدا کۆبکەنەوە و،هێندەی دیکە حکوومەتیان سست ولاواز کرد. ئەوەبوو کاتێ لەساڵی 637ی زایینیی لەشکری عەرەب بە فەرماندەیەتیی خەڵیفە عومەر کوڕی خەتاب هیرشیکردە سەر سوپای ساسانی، توانی لەماوەی پێنج ساڵدا جگە لەداگیرکردن و تالانکردنی شاری تیسفۆن، زۆربەی خاکی ئیمپراتۆرییەکەش داگیربکا و کۆتایی بە دەسەلاتی کوردانی ساسانی بهێنێت کە لەساڵی 224 ی زاینەوە لەلایەن "ئەرتەخشترە" (پیرۆزشا/ئەردەشێری پاپەکان) وە دامەزرا و، تاکو سالی 640 زیاتر لە چوارسەدساڵ بەسەر ناوچەیەکی پانوبەرینی کیشوەری ئاسیا فەرمانڕەوایەتی کردبوو.**

ئەگەرچی دانیشتوانی کوردستان و گەلانی ناکوردی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ساسانی دژی چینەکانی باڵادەست و دەوڵەمەند بوون کە لەکاتی دەسەڵاتیاندا خەڵکیان دەچەوساندەوە، بەڵام ئەم بێزارییەی خەڵک نەبووە هۆی ئەوەی پێشوازیی لە هاتنی سوپای

**عەرەب بکەن و واز لە ئاینەکەی خۆیان بهێنن و ببن بە موسڵمان، بەپێچەوانەوە لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بەرەنگاریی دژوار و خوێناویی روویدا. وەک لەسەرەوە ئاماژەیەکی کورتم پێکرد، سوپای عەرەب بەزۆرەملێ و بەزۆری شمشێر و سەربڕین و دەستدرێژی و ئەنفال وتاڵانوبڕۆ و هەڕەشە و تۆقاندن خەڵکیان کردە موسڵمان (لەبەشەکانی دیکەدا رۆناکی زیاتر دەخەمە سەر ئەم راستینەمێژووییە).**

بەرەنگاریی کوردان لەدژی سوپای داگیرکەری عەرەب و ملنەدانی بەبندەستیی، بووە هۆی رقوبێزارییەکی زۆر بەرامبەر بە کورد. دەسەلاتداران و مێژوونووس و شاعیرانی عەرەب گەلێک وتەی ناشیرین و چیرۆکی سەیروسەمەریان لەدژی کورد بڵاوکردەوە. دواتریش کە دەسەلاتداریێتیی ئیسلامیی لە عەرەبەوە گوێزرایەوە بۆ بنەماڵەی **عوسمانیی سوننە** و **سەفەویی شیعە**، ئەمانیش وەک دەسەڵاتداران و مێژوونووس و وێژەڤانانی عەرەب، لەنێو گەلانی خۆیاندا شەپۆلێکی دژ بەکوردیان بڵاوکردەوە کە ئەوڕۆشی لەگەڵ بێ لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زاینیدا دەژین، نێوناسکردنی کورد بەدرندە و بێ کولتوور و تێکدەر و ئاژاوەگێڕ و ... هتد لەلایەن ئەم داگیرکەرە لەمێژینانەیەوە درێژەی هەیە.

"**عەلی کوڕی حسێن مەسعوودی**" مێژوونووس و جوگرافیزانی ناوداری عەرەب کە لەساڵی 896 بۆ957ی زاینیی ژیاوە، سەبارەت بە کورد لەکتێبەکەی بەناوی "**مروج الذهب و معادن الجوهر**"

نووسیویەتی: **"پەیدابوونی رەچەڵەکی کورد لەئاکامی زیناکردنی شەیتان و کەنیژەکانی سلێمان پێغەمبەرەوە بووە!".**

**لەزەمانی خەڵیفە عومەر کوڕی خەتاب و هێرشی سوپای ئیسلام بەفەرمانده‌یەتیی خالید کوڕی وەلید بۆ کوردستان و بەرەنگاریی سەخت ودژواری کوردان بۆ چەند سەدەیەک، ئەم پەندە عەرەبییە لەنێو عەرەبدا بڵاوبووەوە کە دەڵێ: "ثلاثه في الدنيا على الفساد: ١- الكردى ٢- الجريدى ٣- الجراد.** دەڵێ سێ شت خراپەکاری و **بێڕەوشتی لەجیهان بڵاودەکەنەوە: 1- کورد 2 - جرج (مشکەکوێرە) 3- کولله!**

شاعیر و فەیلەسووفی گەورەی عەرەب بەناوی " **ابوالعلاء معری" (ئەبوو العلاء المعەریی)** کە خاوەنی چەندین بەرهەمە و ساڵی 973 ی زاینی لە شاری **"مەعرە نەعمان"** لەنێزیکی شاری **"حەلەب"** هاتووەتە دنیا و، لەساڵی 1058 ی زایینیی هەر لە **"حەلەب"** کۆچیکردووە، لەکتێبەکەیدا بەناوی **"رسالة الغفران"** دا **دەڵێ: ئەبوومسلم خۆراسانی و خوشکەزاکەی بەناوی "بابەکی خوڕەمی" هەروەها فەرماندەی لێهاتوو "خدری کوڕی کاوس" هەرسێکیان کورد و زەندیقی بوون".** هێژای گۆتنە وشەی **"زەندیق"**ی لەزمانی عەرەبیدا بەرامبەر کەسێ یان کۆمەڵەخەڵکێک بەکاردەبرێت کە رەوشتنزم و تاوانکار و بێدین و پاشکەوتووبن.

لێرەدا ناوی "**ئەبوومووسلم**" هێنرا، بابزانین بۆچی ئەو شاعیر و مێژوونووسەی عەرەب، **ئەبوومووسلم** بە"**زەندیق**" نێودەبا، لەکاتێکدا ئەبوومووسلم یەکێ بوو لەسەردارانی گەورەی ئیسلام!؟

## یەکەمین هەلی مێژوویی بۆ کورد لەزەمانی سوپاسالاری ئیسلام "بێزادان" (ئەبوموسلم خۆراسانی!)

"**ئەبوموسلم**" ناوە راستینەکەی "**بێزادان**" کوڕی "**ونداد**"، ساڵی 718ی زاینی هاتووەتە دنیاوە. لەکوردەکانی خۆراسان و لەناودارانی مێژووی کورد و دنیای ئیسلام ئەژماردەکرێت. لەسەردەمی خۆیدا جەنگاوەر و بلیمەتێکی تاکهەلکەوتوو بووە، لەخۆراسانەوە ناوبانگی زانای و وریای و ئازایەتیی بەهەموو ولاتانی ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە. بێزادان لەکێشەی نێوان دوو هۆزی گەورەی عەرەب **(ئۆمەوی و عەباسی)** بۆ بەدەستەوەگرتنی فەرمانڕەوایەتیکردنی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی، لەخۆراسانەوە دەبێتە پشتیوانی بنەماڵەی "**عەباسی**" و دژایەتیی حکوومەتی "**ئۆمەویی**" فەرمانڕەوا دەکات. هەرچی سوپا و نێردراو و دانیشتووی عەرەبە لەخۆراسان قەڵاچۆیان دەکا و، هێزێکی تۆکمە و ئازا و پۆشتەوتەیار لە کوردان و گەلانی دیکەی ناوچەکە پێکدەهێنێ و، ساڵی 745ی زاینی، هێرشدەکاتە سەر وڵاتی **شام** و، سوپای "بەنی ئۆمەییە" لە **شام** و **میسر** تووناەکات. بەوتەی مێژوونووسان لەو نەبەردە خوێناوییەدا دەیانهەزار چەکداری عەرەب دەکوژرێن. بێزادان پاش ئەم سەرکەوتنەی، بەرەو خوارووی کوردستان دەچێ و، لەنەبەردێکی گەورە و چارەنووسساز کە لەناوچەی **خانەقین** روودەدا، شکستی گەورەتر بەسەر سوپای ئۆمەویدا دێنێ. پاشماوەی سوپای ئۆمەویی

بەرەو بەغدا هەڵدێن. ساڵی 132ی کۆچی بەرامبەر بەساڵی 749ی زاینیی، ئەبوومۆسلم هێرشدەکاتە سەربەغدا و لەگەڵ لەشکری حکوومەتی ئۆمەوییی بەرەوڕووی جەنگێکی گەورە و گراندەبێ، دوای کوشتنی هەزاران چەکداری عەرەب، سوپاکەی ئۆمەوییی تێکدەشکێنی و **"مەروان"** دواخەلیفەی بنەماڵەی **"ئۆمەوییی"** دەکوژێ و، ئیمپراتۆری ئیسلامیی دەداتەدەستی **"ئەبولعەباس عەبدۆڵڵا سەفاح"** سەرۆکی عەشیرەتی **"عەباسیی"**.

**ئەبولعەباس** دوای بوونی بەخەلیفەی ئیسلام، ڕێزێکی زۆر لە ئەبوومۆسلم دەگرێ، خەلاتیدەکا و، حوکمڕانیی خۆراسانی پێدەسپێرێ و، دەسەلاتی تەواوی خۆراسان دەداتە دەستی. ئەبوومۆسلم لەخۆراسان هێزودەسەلاتی خۆی پەرەپێدەدا، بەناوی خۆیەوە دراو لێدەدا و، بێ ئیزنی خەلیفەی بەغدا حوکمڕان بۆ هەرێمەکانی خۆراسان و ئەفغان و وڵاتانی سەرووی خۆراسان دەستنیشاندەکا. دوای ماوەیەک ناوبانگی ئازایەتی و خۆشەویستیی بێزادان ترس دەخاتەدڵی **"مەنسوور"** خەلیفەی دووەمی عەباسییەوە. بڕیاردەدا لەخۆراسان دووریخاتەوە و، پێشنیازی حوکمڕانیی میسر و سووریای پێدەکا، بەڵام ئەبوومۆسلم قەبووڵی ناکا. ئەوجا خەلیفە مەنسوور پیلانی کوشتنی دادەڕێژێ، بەنێوی دیدار و مێوانداریکردنی بانگێشتی دەکات بۆ کۆشکی خۆی، سەربازەکانی ئاگاداردەکا، کاتێک سێ جار چەپلەم لێدا، هێرش بکەنەسەری و بیکوژن. ئەبوومۆسلم بەپیلانەکە نازانێ، بانگهێشتنەکەی خەلیفە مەنسوور قەبووڵدەکا.

کاتێک لەگەڵ پاسەوانەکانی دەگەنە دەروازەی کۆشک، ئاگاداریاندەکەن جگە لەپاسەوانی تایبەتیی کۆشک، چ کەسێ ناتوانێ بە چەکەوە بچێتە خزمەتی خەڵیفە، چەکەکانیان لێدەستێنن، پاسەوانەکانی لەدەرەوە رادەگرن و ئەبوومسلم بەتەنێ دەبەن بۆ دیداری مەنسوور. خەڵیفەی مەنسوور باوەشی بۆ دەگرێتەوە و بەخێرهاتنی دەکا و، بەفێڵ شمشێرەکەی لێدەستێنێ، ئەوجا روخساری گرژ دەکا و، بە بێزادان دەڵێ: "ئەبوومسلم! **راستە تۆ خزمەتی گەورەت بە بنەماڵەی ئێمە کرد، بەڵام تۆ تاوانێکی زۆریشت ئەنجامدا، بەبیانووی پشتیوانی لەئێمە، عەرەبێکی زۆرت کوشتن، تۆ بەرامبەر نەتەوەی عەرەب تاوانت کردووە. باشدەزانم چیت لەمێشکدایە، دەتەوێ خیانەت لە من و بنەماڵەکەم بکەی!". "ئەبوومسلم" بە توندی بەرپەرچی قسەکانی دەداتەوە! خەڵیفە مەنسوور سێ جار چەپڵەلێدەدا، پاسەوانەکانی کۆشک دەرژێن بەسەریدا و بەنووکی شمشێرەکانیان سەرتاپێی لەشی ئەنجن ئەنجندەکەن و، دەیکوژن.**

**ئەبوومسلم لەساڵی 780ی زاینی و لە تەمەنی37 ساڵیدا کوژرا. لەسەردەمی ئەبوومسلمدا یەکەمین هەلی گەورەی مێژوویی بۆ کورد هەڵکەوت کە دەستبگرێت بەسەر ئیمپراتۆریی ئیسلامیدا. ئەبوومسلم نەک هەر جەماوەری کوردستانی ئەوکاتی لەگەڵ بوو کە سنووری دانیشتوانەکەی لەباکوور و باشووری رۆژهەڵاتەوە خاکی هەموو خۆراسان و بەلووچستانی بەرەگەز کوردی تێدەپەڕاند،**

**بەڵکوو دوو هۆزی گەورەی عەرەب (ئۆمەوی و عەباسی) کە خاوەنی سوپای چەکداری تایبەت بەخۆیان بوون، بۆ بەدەستەوەگرتنی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی لەدژی یەک سەرقاڵی جەنگێکی نێوخۆیی گەورە و خوێناویی بوون. گەر بهاتایە ئەبوومۆسلم بەناوی خەلیفەی موسوڵمانانەوە قسەی بکردایە و پێتەختەکەی دوور لەسنووری عەرەب لەنێوجەرگەی کوردستان دابنایە، کورد سەدوچل ساڵێک دوای دامەزرانی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی، دەیتوانی گەلانی ناوچەکە بەعەرەبیشەوە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، سنوور و دەسەلاتی خۆی و سەروەریی خۆشی بپارێزێ، وەک ئەوەی کە چەند سەدەیەک دواتر ترکان و فارسان بەناوی ئاینەوە بەپشتیوانیی کورد، کردیان و پێیگەیشتن...**

شاعیرێکی عەرەب بەناوی **"ئەبوو دەلامە"**، لەهۆنراوەیەکیدا **ئەبوومۆسلم خۆراسانی** بەکوردێکی خوێنڕێژ نێودەبا و دەڵێ:

**"ئەی ستەمکار و خوێنڕێژ کە بەنووکی شمشێرەکەت سەری شەشسەت هەزار لەرۆڵەکانی رەگەزی گەورەی عەرەبت پەڕاند. ئەی باوکی تاوان و بێڕەوشتیی، ئایە پاداشتی چاکە و خێر و مێهرەبانیی یەزدانی مەزن دەبێ بەم شێوە بدەیتەوە؟ ئەتۆ لەدەوڵەتی ئەبوو جەعفەر مەنسووردا هەوڵی غەدر و خیانەتت دا! بەڵام من لێتناگرم، چۆنکە پیشەی باوباپیرانی کوردت هەر تاوان و زۆرداریی بووە!"**.

کوژرانی **ئەبوومۆسلم (بێزادان)**، رقوبێزارییەکی زۆری لەنێو دڵی کوردان و گەلانی پەلاتی ئێراندا بڵاوکردەوە. راپەڕین لەهەموو

لایەکەوە سەریهەڵدا. ئەگەرچی ئەبووموسلم، موسڵمان و لەریزی پێشەوەی گەورەترین سەردارەکانی دنیای ئیسلامدا بوو، هەروەها زۆرینەی کوردیش لەوکاتەدا بەڕوالەت ببوونە موسڵمان، بەڵام هێشتا لەژێر کاریگەریی ئاینی زەردەشتی و مانیزمدا مابوون و، دوای مردنی ئەبوومو‌سلم چەندین راپەڕین و بزووتنەوەی جەماوەریی لەدژی سوپا و داودەزگەی داگیرکەری عەرەب هەڵگیرسان. یەکێ لەم بزووتنەوە گەورانە، بزووتنەوەی **سوپابۆد پیرۆز (سانبا)** بوو کە لە خۆراسانەوە سەریهەڵدا.

"**محەممەد کوڕی خواوەندشا" (میرخواوەند)** لە سەیدەکانی بەڕەگەز عەرەبی دانیشتووی **خۆراسانی کۆن و شاری "بەلخ"** کە لەساڵی **837 تاکو ساڵی 903ی** کۆچی- هەتاویی ژیاوە، لەپەرتۆکی بەناوبانگی"**روضةالصفا**" دا دەڵێ: "**سوپابۆد پیرۆز (سانبای مەجووس)** لەکاتی هێرشی سوپای موسڵمانان بۆ داگیرکردنی خۆراسان لەسەردەمی **خەڵیفە عومەر کوڕی خەتاب**، لەریزی کەسایەتییەکانی بەناوبانگی زەردەشتی بوو، بە ئاگرپەرست دەناسرا. عەرەبەکان سەنبا و کوڕەکەیان گرت. دوای شکەنجەدانێکی زۆری هەردووکیان، سانبایان بەستەوە، لەبەر چاوییەوە کوڕەکەیان سەربڕی و، شکەنجەیەکی زۆریاندا و بەزۆر خوێن و گۆشتی کوڕەکوژراوەکەیان بەقوڕگیدا کرد. سانبا ئەم رقەی لەدڵدا هەڵگرت. پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، لەسەردەمی خەلافەتی **"ئۆمەوی"** یەکاندا، ناوبانگی ئازایەتی و لێهاتوویی ئەبوومو‌سلم بەخۆراساندا

بڵاوببووەوە. هەزاران چەکدار بە جلوبەرگ وئاڵای رەشەوە لەدەوری ئەبوموسلم کۆببوونەوە. ئەمەش خۆی نیشانەیەک بوو بۆ دژایەتیکردنی ئاشکرای خەلاقەتی ئۆمەوییەکان لەلایەن ئەبوموسلم و پێڕەوانییەوە، چۆنکە ئاڵای سوپای ئیسلام رەنگی سەوز بوو. ئەبوموسلم لەسەردانێکی بۆ شاری "مەرڤ" (**ناوە مێژووییەکەی مەرگیانە و، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاین و، لەشارەکانی سەردەمی مادەکان بووە**)، چوو بۆ ماڵی سانبا بۆ ئەوەی لەبارەی داهاتووی خۆی و بیروباوەڕییەوە پرسوراوێژی پێ بکات. سانبا پێشوازی گەرمی لێدەکا و، پێیدەڵێ: هەر راز و نهێنییەک لەدڵتدایە پێمی بڵێ، ئەوی لای من دەیدرکێنی، دڵنیابە لەدڵمدا دەمێنێ و، ئاشکرای ناکەم! بێزادان کورتەیەک لەبیروباوەڕی خۆی بۆ سانبا باسدەکا. سانبا دەڵێ: نیشانەکانی کەسایەتییەکی گەورە لە تۆدا دەبینم، تۆ دەبی بە مرۆڤێکی گەلێک مەزن، کەسایەتی و ناوداران و خەڵکیکی زۆری عەرەب بەدەستی تۆ دەکوژرێن...!". ئەبومسلم بە بیستنی وتەکانی سانبا کەیفخۆش دەبێت. هەر ئەو رۆژە هەردووکیان پەیمان دەبەستن تاکو مردن پشتیوانی یەک بن. بێزادان دوو هەزار چەکداری هەڵبژاردە و ئازای دەداتێ بۆ ئەوەی لەکات و رۆژی دیاریکراودا لەشار وناوچەکانی نەیشاپوور و بۆناباد و مەرڤ و ناوچەکانی دیکەی خۆراسان هەرچی هێزی عەرەب و داودەزگەی ئیمپراتۆریی ئیسلام (خەلافەتی ئۆمەییەکان) ی لێیە لەنێوی بەرن و، ئاسەواریان نەهێڵن.

بەماوەیکی کەم دوای ئەو دیدارەی نێوان ئەبوومسلم و سانبا، لەتەواوی شارەکانی خۆراسانەوە، هێرشدەکرێتە سەر هێزی چەکداری عەرەبەکان و کاربەدەستان و بنەماڵەی عەرەبەکانی دانیشتووی خۆراسان، هەموویان لەنیودەبەن و، تەواوی خۆراسانی گەورە کە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێستای ئەفغانستانیشی دەگرتەوە، لەهێزی عەرەب پاکدەکرێتەوە. ئەبوومسلم دەبێتە فەرمانڕەوای هەموو خۆراسان. سانبا و براکەی و دانیشتوانی شاری "مەرڤ"یش رۆڵی گەورە دەگێڕن لە قەلاچۆکردنی هێزەکانی عەرەب.

دوای کوژرانی ئەبوومسلم لەساڵی137 ی کۆچی لەبەغدا، سانبا هێز کۆدەکاتەوە و، بە چەکدارەکانی دەڵێ: **نەک هەر هێزی عەرەب لە ولاتمان ناهێڵین، بەڵکو دەبێ هەتا شاری مەککە بڕۆین، خەلیفەی موسڵمانان لەتۆڵەی خوێنی ئەبوومسلم سەرببڕین و، کەعبەش بەسەریاندا برووخێنین!"**. سەد هەزار زەردەشتی و شیعە و مەزدەکی و چەکدار و لایەنگرانی ئەبوومسلم لەدەورەی کۆدەبنەوە. هێرشدەکەنە سەر شاری **"رەی"** و **"قەزوێن"**، دوای داگیرکردنی ئەو دوو شارە و کوشتنی حوکمدار و کاربەدەستانی گەورەی عەرەب، سانبا دەستدەگرێت بەسەر خەزێنەی حکوومەت و مالوسامانی دەسەلاتدارانەوە. سانبا خەزێنە و چەند تەن زێڕوزێوی **"ئەبوو عەبدۆڵلا"** حاکمی رەی و قەزوێن و کاربەدەستانی دی هەڵدەگرێ و، روودەکاتە **تەبەرستان** و دەچێ بۆلای **"پاشا خۆرشید" میری تەبەرستان** کە هاوڕێتییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە و، هاوبیری یەکن

و، خۆرشیدشا، کاتی خۆی لەریزی هاوپەیمانانی ئەبوومولسم و بە نەیارێکی گەورەی عەرەب دەناسرا و سەربە ئاینی زەردەشتی بوو. دوای دیدار و حەسانەوە لە کۆشکی خۆرشیدشا، ئەوجا سانبا زێڕوزیوەکانی لای خۆرشید شا بە ئەمانەت دادەنێ و، بۆ خۆشی لەگەڵ سوپاکەی بەرەو هەمەدان دەڕوا بۆ ئەوەی بەلێن و سوێندەکەی بباتەسەر و خەڵیفە مەنسوور بکوژێ و"کەعبە" ش بڕووخێنێت.

کاتێ **مونسوور خەڵیفەی عەباسی**، ئاگاداری هێرشی سانبا دەبێ بەو هێزە گەورەوە بەتەمایە بەرەو پێتەختەکەی بێت، بە پەلە یەکێ لەسەردارەکانی بەناوی **"جمهور کوڕی مرارعجلی"** لەگەڵ بیست هەزار چەکدار دەنێرێ بۆ لەنێوبردنی سانبا. هێزەکەی سانبا و لەشکری ئیسلام لەنێزیکی **هەمەدان** بەیەکدەگەن. بێوەستان شاڵاو بۆ یەکدەبەن. هێزەکەی سانبا کە زۆرینەی پیاوانی گۆپاڵ بەدەست و داربەدەست دەبن، لەبەرامبەر هێزی چەکداروپۆشتە و شەڕزانی ئیسلامدا تێدەشکێن. لاشەی زیاتر لە شەستهەزار (60000) لەهێزەکەی سانبا لەگۆڕەپانی جەنگدا بەجێدەمێنێ. هەرچی ژن ومنداڵە بەدیلی دەکەونە دەستی لەشکری ئیسلامەوە. سانبا بەهێزێکی کەمەوە بەرەو تەبەرستان هەڵدێ، بەو هیوایەی لەگەڵ **خۆرشیدشای تەبەرستان** هێزێکی تازە کۆبکەنەوە و سەرلەنوێ هێرش بکاتەوە سەر عەرەبەکان. کاتێ دەگاتە سنووری تەبەرستان، براکەی خۆرشیدشا کە ناوی **"تووس"** دەبێ، دەچێتە پێشوازی، لەنیو

دارستانەکاندا دەرفەتی لێدێنێ و، سانبا دەکوژێ. خۆرشیدشا سەری سانبا دەبڕێ و، بەدیاری دەینێرێ بۆ خەڵیفە مەنسوور. بەم شێوەیە بزووتنەوەی سانبا دوای تێپەڕبوونی دوومانگ و دە رۆژ کۆتایی دێت. خەڵیفە مەنسوور بەم کارەی خۆرشیدشا زۆر دڵخۆش دەبێ، شاندێکی فەرمی و کاروانێک زێڕوزیو و دیاریی بەنرخ دەنێرێ بۆ خۆرشیدشا. پاش تێپەڕبوونی مانگێ کوڕە گەورەکەی خەڵیفە مەنسوور (**مەهدی عەباسی**) بەدیدارێکی فەرمی دەگاتە تەبەرستان و پەیمانی هاوکاریی لەگەڵ خۆرشیدشا دەبەستێ و، داوای لێدەکات رێ بە هێزی ئیسلام بدات لە ڕێگەی تەبەرستانەوە هێرش بکەنە سەر خۆراسان کە ماوەیەکە دوای کوژرانی "ئەبوومۆسلم" تووشی ئاڵۆزی و پشێوی بووە! خۆرشیدشا داواکەی مەهدی عەباسی قەبووڵ دەکات. دوو حەفتە دوای ئەم دیدارە، سوپایەکی گەورەی موسڵمامان لەمانگی گەلاوێژی ساڵی 759ی زایینی، لەناکاو دەڕژێنە نێو تەبەرستانەوە، دەستدەکەن بە کوشتنوسەربڕینی پیاوان و لاوان و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و کچانی تەبەرستان. زۆربەی شار و شارۆچکەکان داگیردەکەن. خۆرشیدشا لەگەڵ ژنەکانی و منداڵەکانی و هەزاران کیلۆ زێڕوزیو و کەلوپەلی بەنرخ کە زۆرینەی "سانبا"ی هاوڕێی بە ئەمانەت دابوویە دەستی، لەئەشکەوتێک دەشارێتەوە. ژنەکانی و منداڵەکانی لەگەڵ چەند پاسەوانێک لە ئەشکەوتەکە جێدێڵێ و، ڕوودەکاتە قووڵایی دارسانەکانی تەبەرستان و لە نێزیکی شاری "**دیلم**"، فێرگەی شەڕ و سەربازگەیەک دادەمەزرێنێ بەو

مەبەستەی هێزی چەکداری تازە پەروەردەبکا و، سوپای داگیرکەری عەرەب لە تەبەرستان راماڵبدا و، سەرلەنوێ حکوومەت و دەسەڵاتی لەدەسچووی بگێڕێتەوە کە لە باوباپیرانییەوە بۆی بەجێمابوو. ماوەی دووساڵ سەرقاڵی پەروەردە و کۆکردنەوەی هێزدەبێ و دەتوانێ پەنجاهەزار سەربازی شەڕزان ئامادەبکات. لەڕۆژێکی وەرزی پایزی ساڵی 761ی زاینیی هەوالی پێدەگا، عەرەبەکان لەڕێگەی سیخوڕەکانیانەوە ئەشکەوتەکەیان دۆزیوەتەوە، ژنەکانی و مندالەکانی بەدیل گیراون، دەستیشیانگرتووە بەسەر خەزێنە و داراییەکەی لە ئەشکەوتەکەدا شاردبوویەوە.

**خۆرشیدشا خۆی پێڕاناگیرێ، شێت و هەراسان دەبێ و بەشمشێرەکەی دەستی خۆی دەکوژێ و کۆتایی بەژیانی خۆی و هەستی بەرەنگاریی خەڵکی ناوچەکە لەباتی ئەو خیانەتەی خۆرشیدشا بە "سانبا"ی هاوڕێی کردی، بهاتایە لەگەڵ سانبا بەرەیەکی هاوبەشی پێکبهێنایە، دەیانتوانی پێکەوە بەهاسانی بەرەنگاری سوپای ئیسلام ببنەوە، سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و، لەناوچەکانی دیکەی کوردستان و پەلاتی ئێرانیش خەلک هانبدەنەوە بۆ راماڵدانی سوپا و داودەزگەی عەرەب لەسەرتاسەری کوردستان و پەلاتی ئێران. بەتایبەتیی دوای کوژرانی "ئەبوومسلم" بەو شێوە نامرۆڤانەیە لەلایەن خەڵیفەی موسڵمانانەوە، زەوینە لەبار بوو بۆ راپەڕینێکی گشتی لەدژی سوپا و داودەزگەی عەرەب.**

ئیتر بەکردەوە خۆکوژییەکەی خۆرشیدشا، هەرێمی تەبەرستان بەتەواوەتیی کەوتە دەستی سوپای موسڵمانانەوە. دوو حەفتەیەک دوای داگیرکردنی تەبەرستان و هەر لەساڵی 761ی زاین، لەڕێگەی تەبەرستانەوە هێرشیانکردە سەر خۆراسان. لەگەڵ گەیشتنی سوپای ئیسلام بە شار و گوندەکانی خۆراسان، خەڵک و هێزەکانی خۆجێی خۆراسان سەریانلێشێوا و شپرزەبوون و نەیانتوانی بەرگرییەکی ئەوتۆ لەخۆیان بکەن، چۆنکە لەو باوەڕەدابوون سوپای ئیسلام ناتوانێ لای سەروویان لێبگرێ و لەڕێگەی دارسانەکانی باکوورەوە هێرش بکاتەسەریان. دوای کوشتنوبڕین و بەدیلگیرانی هەزاران ژن ومنداڵ، سەرلەنوێ ئیمپراتۆریی ئیسلامیی دەستیگرتەوە بەسەر هەرێمەکانی خۆراسان و تەبەرستاندا، بەڵام ئازادیخوازان و پێڕەوانی زەردەشتی و نەیارانی عەرەب بەگشتی لەهەوڵی زیندووراگرتنی ئاگری شۆرشدا بوون.

دوای لەنێوچوونی بزووتنەوەکەی سانبا، رێکخستنێکی سیاسی سازکرا بەناوی "بزووتنەوەی رەوەندی" بەسەرۆکایەتیی "عەبدوڵلا رەوەندی". پێڕەوانی ئەم بزووتنەوەیە خۆیان بە موسڵمانی سوننە پیشاندەدا و نوێژیان دەخوێند و دەیانگوت: خەڵیفەی موسڵمانان "مونسووری عەباسی" لە "محەممەد پێغەمبەر" گەورەترێکە. کۆشکی خەڵیفە مەنسوور کۆشکی خودایە و، کاتی نوێژخوێندن لەباتی "کەعبە" دەبێ رووبکرێتە کۆشکی مەنسوورا!". بەڵام بەنهێنی و لەنێو خۆیاندا لەسەر ئاینی زەردەشتێتی بوون و داونەرێت وپەرستکاریی

تایبەت بە ئاینی زەردەشتییان پێڕەودەکرد. باوەڕیان بە گەڕانی رۆح (دۆنادۆن/ کراس گۆڕین) بوو، دەیانویست خۆیان لە مونسوور نێزیک بکەنەوە و وەک چۆن ئەو فێڵی لە ئەبوومسلم کرد و کوشتنی، ئەمانیش دەرفەتی لێ بێنن و لەنێوی بەرن. لەخۆراسانەوە روویانکردە شاری "کوفە" و لەنێزیکی بارگە و کۆشکی خەڵیفە مانەوە. ماوەیەکی پێچوو خەلیفە بە نەخشەکەیانیزانی، عەبدوڵڵا رەوەندی و گەورەکانی رەوەندی گرت و خستنیە زیندانەوە. پێڕەوانی رەوەندی ئیتر خۆیان پێڕانەگیرا، هێرشیانکردە سەر بەندیخانە، پاسەوانەکانیان کوشت و دەرگەیان شکاند و دیلەکانیان رزگارکرد و زیندانەکەشیان رووخاند. ئەوجا بەنیازی کوشتنی خەڵیفەی موسڵمانان، روویانکردە کۆشکەکەی و پاسەوان و لەشکری تایبەتی خەڵیفە رێیانلێگرتن و بوو بە شەڕی مانونەمان. دوای کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی عەرەب، ئەمانیش تێکرایان لەگەڵ سەرۆکەکانیان تێداچوون و کۆتایی بەم رێکخستن و بزووتنەوەیەش هێنرا.

دوای لەنێوچوونی رێکخستنەکەی کوردانی "رەوەندی"، ئەوجا لەنیو جەرگەی کوردستانەوە بناخەی شۆرشێکی مەزن و تازە دامەزرا بەناوی "شۆرشی خۆرمدین" کە لەمێژووی دزراو و ونبوونی هەزارنسالەی کورددا بەیەکێ لە گەورەترین شۆرشەکانی کورد ئەژماردەکرێ و، زیاتر لە بیست ساڵ درێژەیکێشا.

خۆرمدینان باوەڕیانوابوو: "**ئەبوومۆسلم نەمردووە و دەگەڕێتەوە و، دادپەروەریی لەجیهان دادەمەزرێنێ، ئەبوومۆسلم بەلەش مردووە، بەڵام رۆحی لەنێوماندایە و وەک رابردوو سەرکردەیەتیمان دەکات!**".
چاوکانیی ئەم رامانە ئایینییەی خۆرمدینان مێژووەکەی بۆ ئاینێکی کۆنتری کوردان دەگەڕایەوە، بۆ پێش پەیدابوونی ئاینی **مووسایی و عیسایی و بوودایی** واتە بۆ سەردەمی "**میترایزم**" کە دەڵێ: "**رۆژێک میترا دێتە سەرزەوین و هەرچی خراپەیە لەسەر زەوین لەنێویدەبا**".
ئەم رامانە **لە میترایزمەوە گویزرایەوە بۆ ئاینی زەردەشتی و دواتر بۆ ئاینی مەسیحی و ئەوجا بۆ ئاینزای شیعە کە دەڵێ: "ئیمامی زەمان رۆژێک رادەبێ و، جیهان لەخراپە دەسڕێتەوە".**

نیشانەیەکی دیکەی بۆچوونی پێڕەوانی پاپەکی خۆرمدین کە لەسەر ئاینی زەردەشتیی بوون، ئەوەبوو ئەمانیش باوەڕیان بە "**گەڕانی رەوان**"، "**رۆح**"، "**دۆنادۆن**" (**تناسخ بقاء**) بوو، ئەوی کە پێڕەوانی ئاینی "**یاری**" و "**ئێزدی**" ئەوڕۆکە باوەڕیان پێیەتی.

## **شۆرشی "خۆرمدین/خۆرم دین"، یان "خڕمدین"** (**خوڕەمدین**) **کامیان راستە!؟**

شۆرشەکەی بابەک، لەمێژووی ئیسلامدا بە گەورەترین بەرخۆدان و نارەزایەتیی چەکداری و جەماوەری دەژمێردرێ کە لە دژی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی تۆمارکراوە. ئەم شۆرشە گەورە و خوێناوییە لەساڵی 816 وە تاکو 836 ی زاینی بۆ ماوەی بیست ساڵ درێژەیکێشا.

هێژای گۆتنە، هەر لەسەرەتای دامەزرانی رژێمی ناسیۆناڵی فارسی لەلایەن رەزاشای پەهلەویی کە دەکاتە نێزیکی سەدساڵێک بەرلە ئەمڕۆ، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی رژێمی پاشایەتییەوە مێژوویەکی خەیالیی پڕلەقارەمانەتی و پڕ لە شارستانێتییان لەسەریەک هەڵچنی و نێویانلێنا مێژووی گەلی فارس و **سیاسەتی یەکزمان ویەک نەتەوە و یەک ئاڵا بەسەر گەلانی ئێران (4*) دا سەپێنرا.** دوای مردنی رەزاشا، لەزەمانی حەمەڕەزاشای کوڕییەوە گرنگییەکی زیاتر بەشێواندنی مێژووی پەلاتی ئێران درا و، سەرچاوەی ئەو مێژووە دەستکرد و خەیاڵییەیان بردەوە بۆ دووهەزاروپێنجسەت سال بەر لە ئەمڕۆ، بۆ سەردەمی **کۆرشی هەخامەنشی، تاکو حکوومەتی شاهنشا (شای شاکان) حەمەڕەزاشا** و، هەرچی کەلەپوور و ئاسەوار و بەرهەمی ناوداران و خەبات و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی پەلاتی ئێرانە، بەناوی ئاسەوار و

بزووتنەوەی ئێران (فارس) وە نووسران و کران بە پەرتۆکی قوتابخانە و زانستگە و ناوەندەکانی فەرهەنگی و بابەتی سەمینار و پێخۆری میدیای ئێرانی. بەوەش چەندین وەچی فارس بەم بیروباوەڕە رەگەزپەرستانەیە پەروەردەکران و، کوردی رۆژهەلاتیش هەر لەمندالییەوە، لەگەڵ **خوێندنی یەکەم وانەی خوێندنگە فێری ئەوەکرا کە ئێرانییە و زمانەرەسەن و فەرمییەکەی فارسییە و، دەبێ فێری ئەو پەرتۆک و وانە و مێژووە بێت لە خوێندنگەکاندا دەیانخوێنێت.**

وەکو لەسەرەوەش ئاماژەمداپێی، یەکێ لەم بزووتنەوەگەورانەی هەزارودووسەتساڵ لەمەوبەر لەسنووری ڕۆژهەلاتی کوردستانی ئەو چاخ و سەردەمە لەدژی دەسەلاتداریێتیی ئیسلامیی هەڵگیرسا و، ئەوڕۆکە فارس خۆی لێکردووە بەخاوەن و نێوی **"خوڕەمدین/خرمدین"**، یان لەسەر بزووتنەوەکە داناوە. شۆرشی **"خۆرمدینان"** ە بەسەرۆکایەتیی **پاپەکی خۆرمدین**. وەک چۆن شۆرشەکە لەکورد دزرا، هەروەها بۆ مەبەستی گێژکردنی زیاتری کورد لەبارەی مێژوو و رابردوویەوە، ناوی راستینەی شۆرشەکەش شێوێندرا، نێوی ئەم شۆرشە گەورەی کورد لە **خۆرمدین" وە کرا بە "خڕمدین" (خوڕەمدین!).**

**خۆرمدین** لە دوو وشەی **"خۆر"** و **"دین"** **(5*)** پێکهاتووە، پێرەوانی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر ئاینی **مەزدایزم و زەردەشت** بوون، خۆر یان خۆرەتاویش هێما و نیشانەیەکی پیرۆزی سەردەمی

ئاینی **میترایزم و مەزدایزم و زەردەشتیی** بووە و چەق و چاوکانیی ئەم رامانە هزری و ئاینانەش کوردستان بووە. "**خۆر**" یان "**هۆر**"ی کوردی، کە لەهێندی دەبێتە "**سور**"، **هەر بۆ ئەم ڕوانینە هاوبەشە ئاینییە دەگەڕێتەوە.** وشەی "**خۆرمشار**" کە ئێستا بووە بە "**خرمشهر**" ئەوی عەرەبەکان پێیدەڵێن "**محمرە**" مانای "**سوور**" ی "**هێند**" ی و، بە مانای "**خۆرم شار**" **(شاری رۆناکیی/ شاری هەتاو)** ە، هەروەک وشەی "**سوورێن**"، هەموو ئاماژەن بۆ رەنگی ئاگر و رۆناکیی خۆر. مێژووی ئەم رامانە وەک ئاماژەمداپێی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی **میترایزم و زەردەشتی و مانیزم**. بندەستبوونی کورد بەدرێژایی سەدانساڵ و، سیاسەتی بەپیلان و بەرنامەی داگیرکەران وایکردووە، کورد مێژووەکەی خۆی لەبیرچێتەوە و، ئەو مێژووە بەراست بزانێ کە داگیرکەران بۆیاننووسیوە و بەگوێیدا داویانە و دەیدەن.

هەڵبژاردنی ناوی "**خۆر**" وەک هێمایەک بۆ ناوی شۆرشی خۆرمدین، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەبوومسلم کە لە نێو کوردانی خۆراسان، ئاینێکی تازە لەلایەن گەورەیەکی زەردەشتیی بەناوی "**وەبهافەرین/وەبهافەرید**" وە دامەزرا. وەبهافەرین خۆی بە پێغەمبەری دوای زەردەشت دایەقەلەم، دژی دەولەمەندان و چینی خاوەنسامان و چینی گەورەکانی زەردەشتی کەوتە پرۆپاگەندەکردن. و، داوای لە پێڕەوانی دەکرد رۆژی حەوت جار نوێژ بخوێنن. لەباتی رووبکەنە قیبلە و مەککە، روو لە **هەتاو**

بکەن. خوەرتاو لەهەر کوێ بوو روو لەوێ بکەن. **"ئافەرینخانە"** **(پەرستگە)** ی سازکردن و حەوت دەستووری بۆ پێڕەوانی دانا کە دەبێ لەکاتی پەرستکاریدا بیخوێننەوە : **1- نوێژی پەرستنی خودێ (ئاهورمەزدا). 2- نوێژی پەیدابوونی زەوین و ئاسمان. 3- دروستبوونی گیانلەبەران و، بژێوییان. 4- نوێژی مردن. 5- نوێژی رابوون. 6- بەهەشت و دۆژە (دۆزەخ). 7- ستایشکردن و رێزگرتن لەوانەی جێیان بەهەشتە (مرۆڤچاکان).**

وەبهافەرین هەروەها خواردنی گیانداری کێویی گۆشتخۆری رێبەند (حرام) کرد. مارەکردنی دایک و خوشک و **خوشکەزا و برازای رێبەند کرد، کە ئەوکات لەنێو کۆمەڵگەدا باو بوو. گوتی نابێ مارەیی ژن لە چوارسەد "درهەم" زیاتر بێت. داوای لە پێڕەوانی کرد نەچنە ژێر باری باج و چەوساندنەوەی داگیرکەرانی عەرەب و گەورەکانی زەردەشتی و بەگ و بازرگانەکان. بەماوەیەکی کەم جەماوەرێکی زۆر بوونە پێڕەوی رێبازەکەی. گەورەکانی زەردەشتی و هەروەها عەرەبەکانیش پەنایانبردە بەر ئەبوومسلم و گوتیان لەدەستی وەبهافەرید رۆژگارمان تاڵ و رەش بووە، دەبێ رێیلێبگری. ئەبووموسلم بۆ رازیکردنی دڵی گەورەکانی زەردەشتی، وەبهافەریدی گرت و لەسێدارەی دا و، پێڕەوانیشی زۆربەیان کوژران و تووشی دەرکردن و راوەدوونان هاتن. بەڵام رامانە ئاینییەکەی لەنێو دڵی پێڕەوانیدا مایەوە و لەنێو نەچوو، ئەوە بوو بەماوەیەکی کەم دوای کوژرانی ئەبووموسلم، لەلایەن زانایان و**

**ئازادیخوازانەوە، ناوی "خۆرمدین" بوو بە ناوی ئەو ڕێکخستن و شۆرشە تازەیەی، سەرەتا لە نێو جەرگەی لۆڕستان و ئیلام (مادسبزان) وە دەستیپێکرد و، پەلی هاویشت و سەرتاسەری پەلاتی ئێران و کوردستانی ئەوکاتی گرتەوە کە ئێستێ بەشێکی گەورەی بووە بە ئازەربایجانی بە ترککراو.**

هەربەنیشانەی پیرۆزیی "خۆر" **(لە ئاڤێستا دا بە خوەر Xwer و بە هەڤەرە Hevere هاتووە)**، چەکدارەکانی سوپای خۆرمدین جلی سۆریان لەبەرکردووە. خۆشەویستی و حەزوخولیای ئێستای کوردیش بۆ ئاگرکردنەوە لە جێژنی نەورۆز و تەنانەت لە کاتی سەیران و دەربڕینی خۆشی و شادمانی هەر بۆ ئەم مێژووە ئاینی و کولتوورە کۆنەی کورد دەگەڕێتەوە. ئەوڕۆکەش لەناوچەکانی **ژاوەرۆ و ئەردەڵان و هەورامان**، کاتێ سوێند دەخۆن، دەڵێن **"بەو ڕۆجیارە قەسەم"**. **ڕۆجیار** مەبەست لە **هەتاو** و خوەرەتاوە. پاش چەند هەزارساڵیک ئەمڕۆکەش لەنێو **پەرستگەکانی ئێزدی و یارسان و کاکەیی و بەگشتیی زەردەشتیی،** ئاگرکردنەوە ڕۆلی گرنگی هەیە لەئەنجامدانی پەرستکاریی پێڕەوانی ئەم ئاینە لەمێژینانەی کوردستان. ئەوجا عەرەب کە وشەی **"خۆر"** ی نەزانیوە ، بە **"خۆڕەم دین"** (خرمدین/سەوزدین) .نێویانهێناوە و تۆماریان کردووە، هاوکات، بۆ سووککردن و شکاندنی پێگەی جەماوەریی شۆرشەکە، گوتوویانە: **"خڕمدین (سەوزدین) بەواتای ئەوەدێ کە ئەم خەڵکەی وا پێڕەوی ئەم ئاینەن، کاروپیشەیان ڕابواردن و**

خواردنەوە و مێبازی و کوشتن و سەربڕینە. ژنی مارەکراویان نییە و هەرکەسەیان دەتوانێ ژنی ئەوی دی بۆ خۆی بەرێت".

لەسەردەمی ئێستاش و دوای تێپەڕبوونی دوانزەسەدە، داگیرکەرانی ترک و فارس و عەرەب، بە هێزی پێشمەرگە و گریلا و نیشتمانپەروەرانی کورد دەڵێن: "تێرۆریست" و "ضد انقلاب" و "مخرب". گەر هاتوو نووسەر و مێژوونووسانی پەنجاساڵی داهاتووی کورد و ناکورد، ویستیان بەشێوازیکی زانستانە و بابەتانە بە مێژووی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەدا بچنەوە، بێگومان دەبێ ئەو ناوە ڕاستینەیە بنووسنەوە کە ئازادیخوازانی کورد و جەماوەری کوردستان لەسەر ناوی هێزی چەکدار و ڕێکخراوەکانی خۆیان داناوە، نەک ئەو ناوەی داگیرکەران بۆ شێواندن و سووککردنی ڕێکخراوەی کورد وئامانجەکانی بەکاریان هێناوە!

دوای ئەم ڕۆنکردنەوەیە لەبارەی ناوی شۆرشی "خۆرمدین" ەوە، ئیستا دینە سەر ناوی ڕاستینەی ئەو دەڤەرەی کە چەند سەدەیەک چاوکانیی شۆرش و بەرخۆدانی گەورە بوو لەدژی ئیمپراتۆریی ئیسلامی و، فارس بە "خراسان" دەینووسێ و نێویدەبا! بابزانین وشەی "خراسان" لەچییەوە هاتووە؟

لەسەردەمی ساسانییەکاندا ناوی خاک و سنوورەکانی ڕۆژهەلاتی ئیمپراتۆریی نێویلێنرا "خوەرەستان/ خۆرستان دواتر "ت" لەسەر "ستان" لابرا و بوو بە خوەرەسان/ خۆراسان). خوەرەسان بەمانای وڵات یان سەرزەوینی "خۆر"ە. هەروەک ناوی هۆزی "خۆرگام" کە

**یەکێکە لەو هۆزە گەورانەی بەناوبانگی خۆراسان و بەمانای "جێ پێی خۆر" ە. ئەم هۆزە ئێستەش ماون و دوای رووخانی ئیمپراتۆریی سەفەویی لەلایەن نادرشای بەرەگەز کوردەوە گوێزرانەوە بۆ نێزیکی "روودبار" لە ستانی "گێلان"، بۆ ئەوەی سنوورەکانی باکووری وڵات لەبەرامبەر هێرشی ترکاندا بپارێزن. دواتر لە پارێزگەی گێلان ناوی هۆزەکە گۆڕا و بوو بە "عەمارلوو". ئەم هۆزە ئێستەش لەو ناوچەیە ماوە و، لەنێو نەچووە و خۆیان بەکورد دەزانن. دوای تێپەڕبوونی سەدان ساڵ ناوی زۆرێک لە شارۆچکە و گوند و چیاکانی ئەو دەڤەرە وەک خۆی ماون، بۆ نموونە: "سراوان "(سەرئاوان)، خرارود (خۆرەروود)، "خریو" (خۆرێو)، "خرم کوە" (خۆرم کێو)، "برەسر" (برا سەر/ لەهەندێ سەرچاوە پیرەسەر)، "خورگام" (خۆرگام/ وەک گوتم بەنامای (جێ پێی خۆر) ە.**

ونبوونی مێژووی پڕ لەسەروەریی کورد، گەیشتووەتە ئاستێ، ترکانی ئازەربایجان لەرۆژی کوژرانی بابەکدا دەچنە سەر قەلاکەی لە چیای "**بەز**"، بەناوی پاڵەوان و ئازادیخوازێکی گەورەی رەگەزی ترک یادیدەکەنەوە! ئەمە لەکاتێکدا لەو چاخەی ئاگری بزووتنەوەی خۆرمدینان لە کوردستان هەڵگیرساوە، چ نەتەوەیەکی دیکە جگە لە کورد لەو ناوچەیە نەژیاوە. ئێستاش هەزاران "**یارسان**" لەئازەربایجان ماون کە زمانەکەیان بووە بەترکی، بەڵام خۆیان بەکورد دەزانن و دوای سەدانساڵ ئاینەکەیان پاراستووە و، لە

ئازەربایجانەوە دەچن بۆ کوردستان و لە جێژنی سێ ڕۆژەی **"خاوەندکار" بەشداریدەکەن** کە هەموو ساڵێ لەوەرزی پاییز لە سەر مەزارگەی **"سوڵتان ئیسحاق"** لە ناوچەی **کرماشان** بەڕێوەدەچێ، لەگەڵ دەیانهەزار یارسان لە **داڵەهۆ و ڕێژاو و ناوچەی "کرێند"** ی سەر بە **کرماشان و ناوچەی ئیلام و لۆڕستان کۆدەبنەوە و داونەریتی ئاینیی خۆیان بەڕێوەدەبەن**. لەمانگی گەلاوێژی ساڵی 2010 ی زاینیی لەشاری ئۆسلۆ **فیلمی بۆنەی تایبەتی جێژنی خاوەندکار، لەلایەن هاوڕێکمەوە کە ناوی کاک "زۆراو" ە و سەر بە ئاینی یارسانە، دراپێم. لە فیلمەکەدا یارسانەکانی ئازەربایجان لەبەرێوەچوونی بۆنەکەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. هەر لەو مانگەدا فیلمەکەم نارد بۆ تەلەفزیۆنی "NewrozTV" کە لەشاری ستۆکهۆڵم پێتەختی وڵاتی سویدەوە بەرنامەکانی پەخشدەکات!**

## ڕەگەز وبنەچەی ڕاستینەی بابەک و پێڕەوانی،

## شۆرشی خۆرمدینان و، ئامانج و بیروباوەڕیان!

**بابەک یان پاپەک که لەسەرچاوه ئەرمەنییەکاندا ناوی به "باب" هاتووه، کوڕی کابرایەکی ڕۆنفروشی گەڕۆک بوو بەناوی "مەرداس" (ناوه ئیسلامییەکەی عەبدۆڵڵا بووه).** مەرداس لەخوارووی ناوچەی **لۆڕستان و، لەشاری تیسفۆن لەدایکبووه. مەرداس** بەسەڵتی و پێش ئەوەی ژن بێنێ، لەخوارووی کوردستانەوه ڕوودەکاتە **ئازەربایجان** و لەگوندێ بەناوی "**مێمز**" نیشتەجێدەبێ. لەوێ لەگەڵ ژنێکی یەکچاو بەناوی "**ماهڕوو**" هاوسەرگیریدەکا، سێ کوڕیان دەبێ، بچووکترینیان نێودەنێن "**حەسەن**" که دواتر به "**بابەک**" مەنشوور دەبێ. حەسەن هێشتا ساوادەبێ، باوکی بۆ ڕاو دەچێتە کێوی بەناوبانگی "**سەبەلان**" (**ناوی ڕاستینه و مێژووییەکەی "سەهۆلان" ە**)، لەسەرتاشێک هەڵدەدێرێ و سەرومل و پشتی دەشکێ. خزمان و خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر کێومالّی بۆ دەکەن و دەیدۆزنەوه و به دارتەرم دەیبەنەوه بۆ ماڵەوه، بەڵام چەند حەفتەیەک زیاتر ناژی و دەمرێ.

**دوای مردنی مەرداس** ژنەکەی ئەرکی بەخێوکردنی هەرسێ کوڕەکەی دەگرێتە ئەستۆ. دەبێتە کارەکەر و جلشۆری ماڵان. حەسەن تاکو تەمەنی دووانزەسال شوانی گوندەکەیان دەبێ. ئەوجا دایکی دەینێرێتە گوندی "**سەراو**"، لەلای وەستایەک دەبێتە مەیتەر و

شارەزای دەستەمۆکردنی هەسپ. تاکو تەمەنی هەژدەساڵی بەچەندین پیشەی دیکەوە ژیان دەباتەسەر، ئەوجا بە هێندێک پاشەکەوت و دیارییەوە دەگەڕێتەوە بۆ گۆندەکەیان بۆلای دایکی.

لەناوچە شاخاوییەکانی نێزیک گوندی "**مێمز**" و گوندی "**بەز**"، دوو سەرۆکخێڵی دەستڕۆیشووی خاوەنسامان بەناوی "**جاویدان**" و "**ئەبووعومران**" هەبوون، سەرۆکایەتیی پێڕەوانی خۆرمدینیان دەکرد. ئەم دوو سەرۆکهۆزە لەلایەک بۆ بەدەستەوەگرتنی گێڵکە و مووچەومەزرا و لەوەڕگەی ناوچەکە دژی یەکتر بوون و، هەریەکەیان خۆی بەسەرۆکی خۆرمدینان دەزانی، لەلایەکی دیشەوە، نەیاری عەرەبەکان و ئاینی ئیسلام بوون و خەڵکیان هاندەدا بۆ دژایەتیکردنی ئیمپراتۆریتی ئیسلامیی. **هێژای گۆتنە، بۆ چەند سەدەیەک دوای رووخانی ئیمپراتۆریی ساسانی، کوێستانەکان و چیاسەرکێشەکانی کوردستان کە ئەوکات ئازەربایجانی ئێستاشی دەگرتەوە، مەکۆی هەزاران جەنگاوەر و نەیاری دەسەڵاتداریتیی ئیسلامی بوون، چەکدارانی سوپای ئیسلام نەیاندەوێرا بەرەو قووڵایی کوێستانەکان بڕۆن. ئەمەش بۆ پێڕەوانی زەردەشتیی دەرفەتێکی باشی هێنابووە پێشەوە کە خۆیان و ئاینەکەیان لەنێو دڵی کوێستانەکاندا بپارێزن!**

لەرۆژێکی وەرزی زستاندا لەڕێگەی "**زەنگان**" (**ZENGAN**) کە فارس کردوویانە بە (**زنجان**) " **ZENCAN**" بۆ گوندی "**بەز**" (**BEZ**)، "**جاویدان**" لەگەڵ دەستەیەک چەکداری هاوڕێی، لەنێو بەفر

و کڕێوەدا بەشوێن ماڵ و پەناوپەسێوێکدا دەگەڕێن، دەگەنە ماڵی حەسەن. دایکی حەسەن لەبەر هەژاری و دەستکورتی ناتوانێ چ خواردنێکیان بۆ دانێ، بەڵام تەندووریان بۆ گەرمدەکا و خۆیان لەبەریدا گەرمدەکەنەوە. حەسەنیش سەرقاڵی خزمەتکردنی هەسپی جاویدان وهاوڕێکانی دەبێ. جاویدان بانگی حەسەن دەکا و، دەینێرێ بۆ کڕینی خواردەمەنی و شەراو بۆخۆیان و ئالف بۆ هەسپەکان. حەسەن دەڕوا و هاتنەوەی زۆرناخایەنێ و، شتەکانی داوایانکردبوو، دێنێتە ماڵەوە. **"جاویدان"**، حەسەن دەدوێنی، زیرەکی و قسەزانی و چوستوچالاکییەکەی سەرنجی رادەکێشێ. جاویدان بەدایکی حەسەن دەڵێ: **"حەسەن بسپێرە بە من بۆ خزمەتی هەسپەکانم پێویستم پێیەتی"**. دایکی دەڵێ: **"قەبووڵیدەکەم بەمەرجێک هەموو مانگێ 50 درهەم لەبری کاری حەسەن بنێری بۆم"**. جاویدان قەبوڵیدەکا و حەسەن لەگەڵ خۆیدەبا. لەو رۆژەوە **"حەسەن"** پێدەنیتە ریزی خۆرمدینانەوە...

**"جاویدان"** چەندین رۆژی لەسەریەک بیروباوەڕی خۆیان و ئامانجی راپەڕینەکەیان بۆ حەسەن دەگێڕێتەوە. **حەسەن** بەگیانودڵ قسەورامانی جاویدان وەردەگرێ و، دەڵێ: **بەڵێنت پێدەدەم دڵسۆزێکی هەمیشەیی بەڕێزت دەبم و گیانی خۆشم لەپێناو رێبازەکەتدا بەختدەکەم!** چەندمانگێ حەسەن لای جاویدان دەمێنێتەوە. جگە لەپەروەردەی هزریی، هەروەها فێری هەموو جۆرەکانی شەڕ دەکرێت. حەسەن بەماوەیکی کەم دەبێتە

شۆڕەلاوێکی سوارچاک و بەدەستوبرد و لە شمشێر و تیروکەوان هاویشتندا سەرنجی هەموو هۆز رادەکێشێت. لەشەوێکی وەرزی پایزدا هۆزەکەی **"ئەبووعومران"** شەویخوێنێکی خێرا دەکەنە سەریان، هەتا خێوەتی **"جاویدان"** یش دەچنە پێشێ، جاویدان بەسەختی برینداردەکەن، بەڵام **حەسەن** و هۆزەکەی جاویدان دەتوانن شەویخوێنەکە تێکبشکێنن و، لەسنووری خۆیان دووریانخەنەوە. جاویدان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە هەر ئەو شەوە دەمرێ، بەڵام پێش مردنی لای ژنەکەی **"وەسیەت"** دەکا و دەڵێ **"لەدوای من، حەسەن ببێتە سەرۆکی پێرەوانی خۆرمدین"**. ژنەکەی جاویدان وەسیەتەکە بە **حەسەن** رادەگەیەنێ و، دەڵێ: **"سبەی هەموو خێڵ و چەکدارەکان لەوەسیەتی جاویدان ئاگاداردەکەم کە پێش مردنی وەسیەتی کرد تۆ ببێتە جێنشینی!"**.

رۆژی دوایی گەورەوبچووکی خێڵ بەبانگەوازی ژنەکەی سەرۆک جاویدانی کۆچکردوو کۆدەبنەوە، پێیاندەڵێ: **"جاویدان پێش ئەوەی بمرێ وەسیەتی کرد حەسەن ببێتە جێنشینی"**. کەسایەتییەکانی هۆز و فەرماندەکان و ردێنسپییەکان، دەڵێن: **"بۆچی پێش مردنی ئێمەت ئاگادارنەکرد کە گوێمان لەوەسیەتەکەی بێت؟"**. ژنەکەی جاویدان دەڵێ: **چۆنکە هەریەکەتان لەشوێنێ بوون، هاتنی هەمووشتان لەشوێنی جیاجیاوە مەترسیدار بوو، پاشان جاویدان کتوپڕ باری تەندروستی تێکچوو، نەدەکرا دەمودەست بگەنەئێرە. بێوەژنەکەی** جاویدان درێژە بەقسەکانی دەدا و دەڵێ: **"دوای ئەوەی جاویدان**

**وەسیەتی کرد و گیانی دەرچوو، ئەوجا رۆحی هاتەدەرەوە و چووە نێوجەستە ورۆحی حەسەنەوە. ئێستا رۆحی جاویدان لەلەشی حەسەندایە و هەرکەسێک سەرپێچی کا، ئەوا بە بێدین ئەژماردەکرێت!".** گەورەکانی خێڵ وهەموو چەکدارەکان سوێندیانخوارد، چۆن لەجاویدان پشتیوانییاندەکرد، ئاوەهاش لەفەرمانەکانی حەسەن پشتیوانیدەکەن. چەند رۆژیک دواتر بێوەژنەکەی جاویدان لەبۆنەیەکی زۆر ئاساییدا بە بەشداریی تێکڕای ردێنسپی و گەورەکانی عەشیرەت و جەماوەر و هێزی چەکداری خۆرمدینان، بوو بە هاوسەری "**حەسەن**". لەو رۆژەدا حەسەن رایگەیاند: لەمەودوا نێوم "**بابەک**" ە. ئەوی لەبۆنەکەدا بوو، سەری رێزیان بۆ **بابەک** دانەواند و وەک سەرۆکی تازەی خۆیان قەبووڵیانکرد. حەسەن بەخێرایی دەستیکرد بە پەروەردەی زیاتری جەنگاوەرانی خۆرمدین و رێکخستنی بە چواردەوری بنکەی فەرماندەیەتیدا بڵاوکردەوە. بەماوەیەکی کەم هێزەکەی "**ئەبوو عومران**" ی رازیکرد کۆتایی بە جەنگی ناڕەوای چەندین ساڵەیان بهێنن و، ببن بە یەک و پێکەوە بەرەنگاری دەسەڵاتی عەرەبەکان ببنەوە.

وەک ئاماژەمکردپێێ هەزارودوو سەت ساڵ لەمەوبەر لەسەر رووباری **ئاراس**، گوندی "**بەز**" هەڵکەوتبوو. دوای ئەوەی پاپەک بوو بەسەرۆکی خۆرمدینان، زۆرینەخایاند، حەشیمەتێکی زۆر لەلایەنگرانی خۆرمدینان روویان کردە ئەم گوندە و بوو بە شارێکی

گەورە. ئەگەرچی شارەکە لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی عەرەبدا بوو، بەڵام لایەنگرانی خۆرمدینان بێئەوەی ئاینەکەی خۆیان ئاشکرابکەن، روویان لەم شارەکرد و تێیدا نیشتەجێ بوون. شاری بەز ئێستێ تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە و، کەسی لێناژی. لەنێزیکی "**بەز**" زنجیرەچیای رژد و سەرکێش هەڵکەوتوون کە زەمانی زوو بەچیاکانی "**بەز**" نێودەبران. دواتر ناوەکەی و مێژووەکەی گۆرا و، بەناوی "قەلای بابەک" لەمێژووی ئیسلامی و گەلانی ناوچەکە تۆمارکراوە. بابەک لەسەر بەرزترین و سەختترین لووتکەی چیا سەخت و سەرکێشەکانی بەز قەلایەکی سازکرد و، ئەوێی کردە ناوەندی حوکمڕانی و فەرماندەیەتیی سوپا بەهێز و دوژمنتۆقێنەرەکەی. ئەوجا هەر لەئەردەبیلەوە هەتاکو زنجیرەچیاکانی زەنگان و ورمێ زنجیرەیەک قەڵاوشۆرەی دیکەی لەسەر چیاکان سازکرد و، لووتکەی شاخەکان بوون بە بناخە و پێگەیەکی پتەو بەرەو رزگارکردنی شار وهەرێمەکانی کوردستان.

**ئەبوو عبادە وەلید کوڕی عوبەید بۆحتۆری شاعیری عەرەب** کە لەنێوان سالانی 206 - 284ی هەتاویدا ژیاوە، لەشێعرەکانیدا پانتایی سنووری هێزەکەی بابەک بەزنجیرەچیاکانی **ئەردەبیل** و **جەلفا** و **نەخجەوان** تاکو دەشتی **مۆغان** و **شێروان** و **شماخی** و **ورمێ** نێودەبات.

بەوتەی مێژوونووسان، بابەک جگە لەئازایەتی و دلێریی بێوێنەی، لەداڕشتنی پلانی جەنگی و زیرەکیی لە رادەبەدەری لەهەڵبژاردن و

گۆڕینی شێوازەکانی جەنگی بەرەیی و پارتیزانی و لەداوخستن وسەرلێشێواندنی فەرمانده و سوپای دوژمن و تووناکردنیان بێوێنە بوو. بۆ ماوەی پتر لەبیست ساڵ، گەورەترین کێشە و مەترسیی بۆ سەر ئیمپراتۆریی ئیسلامیی دروستکرد. پاپەک، هەروەها لەلێدوان و ئاخافتنیشدا قسەزانێکی بلیمەت بوو، دەیزانی چۆن بەلێدوانەکانی کار بکاتە سەر جەماوەر و پێڕەوانی.

بابەک لەوتەکانیدا باسی زۆروزەنگ و دڕندەیەتیی دەسەلاتداران و سوپای عەرەبی دەکرد. داوای راماڵینی داوودەزگەی ئیسلامی و سوپای عەرەبی دەکرد. بەئاشکرا وبەڕاشکاویی دژی ئاینی ئیسلام و حکوومەتەکەیان و رەگەزی عەرەبی داگیرکەر دەدوا و، ئاینی ئیسلامی، بەئاینێکی ناڕاست و درۆ و هاوردەی داگیرکەری عەرەب دەدایەقەلەم و، دەیگوت: "نەک هەر عەرەب، بەڵکو کورد و ناعەرەبیش دەبێ بکوژرێن و تووناکرێن ئەگەر بوونەتە موسڵمان و لەئاینی رەسەنی خۆیان لایانداوە!". ئەم روانینە هزری و فەلسەفییەی پاپەک، دووسەد ساڵ پاش دامەزرانی ئیمپراتۆری ئیسلامیی، شۆرشێکی گەورەی هزری و ئاینی و بیری خۆیبوونی لای کورد دروستکرد و بۆ دوو سەدە دواتریش هەوێن و رەمزی بەرخۆدان بوو لەدژی دەسەلاتدارانی عەرەب لە کوردستان.

شۆرشی بابەک تەنیا دژی دەسەڵاتدارێتیی عەرەب و ئاینی ئیسلام نەبوو، بەڵکو شۆرشێ بوو دژ بەچینی گەورەکانی زەردەشتی (مۆغەکان) و سەرۆکخێڵ و دەرەبەگ و شازادەکان و بازرگانانی

سەرتاسەری کوردستانی ئەوکات و بەگشتیی پەلاتی ئێران کە بۆ پاراستنی پێگە و بەرژەوەندیی چینایەتییان ببوونە موسڵمان، یان بۆ پارێزگاریی لەدارایی و بەرژەوەندییەکانیان، لەگەڵ عەرەبەکان سازابوون. ئەمانە شانبەشانی دەسەلاتدارانی عەرەب، زۆر بێبەزەییانە چینی جۆتکار و هەژارانی شار و گوندەکانیان دەچەوساندەوە و خاوەنی ماڵوگیان و ناموسی جۆتکار و رەنجدەران بوون و، بەشێوازی جۆراوجۆر باجیان بەسەر خەڵکی رەشوورووتدا سەپاندبوو. کاتێ پاپەک بانگی هەڵگیرسانی شۆرشی دژی خەلیفەی ئیسلام و تێکرای زۆردارانی عەرەب و ناعەرەبی ناوچەکە راگەیاند، هەزاران مرۆڤی لێقەوماو زۆرلێکراو و بەگشتی چینی هەژار بوونە پشتیوان و لایەنگری و، تەنانەت ئەو هەزاران چەتەی بەهۆی زۆرداریی عەرەب و سەرۆکخێڵەکانەوە ببوونە رێگر و هەڵیاندەکوتایە سەر کاروانی بازرگانان، ئەوانیش چوونە ریزی سوپای پاپەکەوە.

کاتی پەرەسەندنی شۆرشی خۆرمدینان هاوکاتبوو لەگەڵ بەدەسەلاتگەیشتنی خەلیفە ئەبولعەباس عەبدوڵڵا مەئموون. مەئموون کوڕی هاروون ئەلرەشید بوو، لەساڵی 786ی زایینیی لەشاری بەغدا هاتووەتە دنیاوە. حەوتەمین خەلیفە و لەریزی زاناترین و گەورەترین حوکمرانی ئیمپراتۆری ئیسلامیی بوو لەسەردەمی دەسەلاتدارێتیی عەباسییەکاندا.

هەواڵی رزگارکردنی شاری "**بەز**" وەک پووشوئاگر، بەماوەیەکی کەم لەسەرتاسەری ناوچەکاندا بلاوبووەوە. هێزەکانی بابەک بەم سەرکەوتنەوە نەوەستان، لەباکووری رۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجانی ئێستا، هێرشیان بردەسەر پێگە و لەشکرگەکانی عەرەب. هەزاران بەندکراو لەشارەکان رزگارکران و لەگەڵ ئازادبوونی هەر ناوچەیەک، کۆمەڵێک لاو و پیرو ژن و پیاو دەچوونە ریزی سوپای بابەکەوە. لەگەڵ ئازادکردنی هەر شار و گوندێک، ئەو سەرۆکخێڵ و فیۆدالانەی ساڵانێکی زۆر کەوتبوونە بەر رقوبێزاریی خەڵکی هەژار، لەگەڵ ژنومنداڵ و دەستوپێوەند و پاسەوانەکانیان قەلاچۆکران و ماڵوسامانیان بەتالان بران، دواتر لەلایەن بابەکەوە فەرمان دەرکرا، لەگەڵ ئازادکردنی هەر شارێ، پێڕەوانی خۆرمدینان بهێنرێنە نێو ریزی سوپاوە بۆ ئەوەی پەروەردەبکرێن، ئەوانەش وا لەشارەکەدا هاوکاریی دەسەڵاتدارانی عەرەبیان کردووە، لەگەڵ عەرەبەکان و هەموو دەستوپێوەندەکانیان بیانکوژن. سزای هەموویان مردنە. شارەکانیان بە تەواوەتیی خاپوور بکەن و داری بەسەر بەردەوە مەهێڵن، بۆ ئەوەی دوای لەشکرکێشیی دووبارەی عەرەب بۆ سەرمان، نەتوانن لە شارەکان وەک شوێنی حەسانەوە و بەهێزکردنی خۆیان بەکاری بهێنن.

دوای ئەم فەرمانەی بابەک، لەگەڵ ئازادکردنی شار وشارۆچکە و هەر مەڵبەندێک، جگە لەکوشتنی میران و فیۆدال و بازرگانە

دەوڵەمەندەکان و، بنبڕکردنی ئەندامانی بنەماڵەکانیان، شار و گوندەکانیشیان دەسووتاند و، پێگەکانیان دەڕووخاند. ئەم کردەوانەی سوپای خۆرمدین بەماوەیەکی کەم ترسوسامێکی زۆری لەنێو دڵی هێزەکانی داگیرکەری عەرەب و چینەکانی چەوسێنەری کوردستاندا بڵاکردەوە، بەتایبەتیی چینەکانی دەولەمەندی ئەو شارو مەڵبەندانەی نێزیک بوون لەناوچەی بندەسەلاتی خۆرمدینانەوە، بەنهێنی پێوەندییان بە بابەکەوە دەگرت و، دراو و دانەوێڵە و ئاژەڵیان دەناردبۆی و، خۆیان بە لایەنگری بیروباوەڕی خۆرمدینان دەدایەقەلەم.

**لەسەروبەندی ئازادکردنی شاری "بەز" و، گوندەکانی دەوروبەری لەلایەن سوپای خۆرمدینەوە، حوکمڕانی ئەرمەنستان بەناوی "هەرمسە کوڕی عەلی"، بەفەرمانی خەڵیفە مەئموون برا بۆ بەندیخانەی بەغدا و، لەژێر شکەنجەدا کوشتیان. ئەرمەنستان لەلایەن سوپای ئیسلامەوە داگیرکرابوو. ڕووداوی کوشتنی شای ئەرمەنستان هاوکات بوو لەگەڵ ئازادکردنی شاری "بەز" لەلایەن سوپای خۆرمدینانەوە. کوڕەکەی هەرەمسە کە ناوی حاتەم بوو لەگەڵ چەند هەزار چەکداری ئەرمەنی بەرەو چیاکان هەڵاتبوو، هوردووی لێدابوو، لەوێوە شاندێکی نارد بۆلای بابەک و، پشتیوانیی خۆی لەسەرکەوتنەکەی دەربڕی و داوایلێکرد وەک دوو هاوپەیمان بەرەنگاری سوپای موسڵمانان ببنەوە. حاتەم هاوکات هانی**

**سەرۆکخێڵەکانی ئەرمەنستانی دەدا لەدژی خەڵیفە مەئموون راپەڕن. رووداوی کوشتنی حوکمڕانی ئەرمەنستان بەسوودی بابەک تەواو بوو، چۆنکە توانی پشتیوانیی سەرۆکخێڵەکانی هەرێمی ئەرمەنستان بۆلای خۆی راکێشێ.**

لەکاتی ئازادکردنی شاری "**بەز**"، خەڵیفە مەئموون چووبوو بۆ خۆراسان بۆ دەستنیشانکردنی حوکمڕانی ئەو ناوچەیە. لەبەرئەوە هیچ بڕیارێکی دەرنەکرد. کاتێک گەیشتەوە بەغدا، یەکێ لە سەردارەکانی بەناوی "**یەحیا کوڕی معاز**" ی دەستنیشانکرد بۆ لەنێوبردنی بابەک و بزووتنەوەکەی. یەحیا کوڕی معاز بەلەشکرێکی گەورەو تەیارەوە، بەهوتاف و هاواری "**اللهاکبر**" ی لەشکرییەوە، بەرەو قەڵای بابەک کەوتەڕێ. هێزەکانی بابەکیش چاوەڕێی هاتنی لەشکری عەرەبیان دەکرد، لەشەویخوێنێکی خێرا و بەدەستوبرددا، لەشکری عەرەب بەتەواوەتیی شپرزەکرا. شەڕ چەندین شەووڕۆژی خایاند. یەحیا معاز زانی هێزەکانی بابەک دەیانەوێ لەچواردەورەوە گەمارۆیان بدەن، رای کرد و، لاشەی هەزاران چەکداری سوپاکەی لەگۆڕەپانی جەنگدا بەجێهێشت و بە پەلە بەرەو بەغدا گەڕایەوە.

بۆ ماوەی شەش ساڵ لەشکری عەرەب نەیوێرایەوە روو لە هەرێمی سەرووی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجان بکات. بابەکیش ئەم دەرفەتەی قۆستەوە بۆ بەهێزترکردنی سوپاکەی. خەڵیفە مەئموون کە پاش شکستەسامناکەکەی یەحیای کوڕی معاز،

هەستی بەگەورەیی شۆرشەکەی بابەک کردبوو، کەوتە پرسوڕاوێژکردن لەگەڵ کەسایەتییەکانی دەوروبەری و سەردارانی سوپای ئیمپراتۆرییەکەی و، لەساڵی 820-821ی زاینیی، **عیسا کوڕی محەممەد کوڕی خالیدی** کرد بەحوکمڕانی **ئەرمەنستان و کوردستان**. ئەم کابرایە لەنێو سەردارانی خەڵیفەدا بەفەرماندەیەکی دلێر و شارەزا لەکاروباری جەنگیی بەنێوبانگ بوو. لەبەهاری ساڵی 822ی زاینی، **عیسا محەممەد خالید** بەلەشکرێکی گەورەتر لە هێزەکەی **یەحیا معاز**، بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان ملی رێیگرتەبەر. هێزەکانی بابەک لەنێو تەنگەوداوێنی چیاسەرکێشەکاندا خۆیان حەشاردابوو، چاوەڕێی هاتنی سوپای دوژمنیان دەکرد. لەگەڵ نێزیکبوونەوەی سوپای عەرەب، لەچواردەورەوە وەک برووسکە هەڵیانکوتایە سەری، ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن و، هەزارانیان لێ بریندارکردن، ئەویشی کە مایەوە لە گەڵ سەردارەکەیان **سەردار عیسا محەممەد خالید** بەرەو **ئەرمەنستان** هەڵاتن. لەم شەڕەدا دەستکەوتێکی زۆری جەنگی لەچەکوچۆڵ وهەسپ وخواردەمەنیی کەوتەدەستی سوپاکەی خۆرمدینانەوە.

**خەڵیفە مەئموون، بەپەلە، "عیسا محەممەد خالید" ی لە حوکمڕانیی ئەرمەنستان و کوردستان** لابرد و، **"زریق کوڕی عەلی کوڕی سدقە"ی** لەجێی ئەو دانا، ئەوجا یەکێکی دی لەسەردارەکانی بەناوی **ئەحمەد جونەید ئەسکافی**، هەڵبژارد بۆ فەرماندەیەتیکردنی لەشکرێکی تازە کە بەرەو ئەرمەنستان و کوردستان دەنێردرێتەوە. سوپای

خۆرمدین، کاتێ لەڕێگەی ڕێکخستن و لایەنگرانیانەوە ئاگادارکران کە لەشکرێکی تازەی عەرەب بۆ داگیرکردنەوەی ناوچەکانی خۆرمدینان بەڕێکەوتووە، چەند فرسەخێک دوور لە قەلای بابەک و، بەرەو قوولایی خاکی کوردستان ڕۆیشتن و، لەنێو تەنگە و داوێنی چیاسەرکێشەکاندا خۆیان مەلاس دا. بابەک خۆی فەرماندەیەتیی شەڕەکەی دەکرد. کاتێ **ئەحمەد جونەید بە لەشکرییەوە** بە تەواوەتیی گەیشتە نێو تەڵە وداوی شەڕکەرانی خۆرمدین، لەهەر چوار دەورەوە دابارینە سەریان، نەیانهێشت دەست بکەنەوە و، سوپای عەرەبیان بەتەواوەتیی شپرزەکرد. هەزاران ئەسحابە کوژران، هەزارانیش بەدیل گیران، **سەردارەکەشیان ئەحمەد جونەید ئەسکافی بەزیندوویی گیرا، کۆتوزنجیر لەمل و دەستوپێی کرا و برا بۆ خێوەتەکەی بابەک. لەبەردەم بابەکدا کەوتە سەر ئەژنۆ. بابەک فەرمانیدا ئەحمەد جونەید و هەموو دیلەکان بکوژن.** دوای کوژرانی جونەید و لەنێوچوونی سوپاکەی، خەڵیفە مەئموون دەستبەجێ لەشکرێکی تازەی بەفەرماندەیەتیی **ئیبراهیم لەیس کوڕی فەزڵ** بەڕێکردەوە. ئەم سەردارەی عەرەب کە ئاگاداری چارەنووسی فەرماندە و سوپاکانی پێشووی ئیسلام بوو، نەیوێرا ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر قەلای بابەک، بەڵکو چەند شەڕوشۆڕێکی پەرتوبڵاو ولابەلای لە دژی سوپای خۆرمدین ئەنجامدا، کە جگە لەبەکوشتندانی ژمارەیەکی دیکەی چەکداری عەرەب، چ ئەنجامیکی دیکەی نەبوو، ئەمیش پاش ماوەیەک بانگێشتی بەغدا کرایەوە.

سەرکەوتنی یەک لەدواییەکی سوپای بابەک بەسەر سوپای موسڵمانان، لەلایەک ببووە هۆی ورەبەردانی سوپای ئیسلام و موسڵمانان بەگشتی، چۆنکە سوپای خۆرمدین جگە لەوەی لە لەشکرگەکاندا فێری هەموو جۆرە شێوازێکی شەڕکردن دەبوون، لەڕووی هزریشەوە وا پەروەردە دەکران کە رقیان لە عەرەب و ئاینەکەی بێت. فێردەکران لەپێناو رزگاریی خاک و ئاینییاندا سڵ لە مردن نەکەنەوە. دیلیان رانەدەگرت، ئەوی بەردەستیان کەوتبا بەخەنجەر و ساتور و شمشێرەکانیان پارچەپارچەیاندەکردن و، لاشەی موسڵمانانیان لەچۆڵەوانیی دادەنا بۆ ئەوەی ببنە خۆراکی داڵ و دڕندەی کێویی. شێوازی کوشتنی ئەسحابەکانی ئیسلام و ئازایەتیی بێوێنەی سوپای خۆرمدین، ترسوسامێکی زۆری خستبووەدڵی موسڵمانانی عەرەب و ناعەرەبەوە، کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی حکوومەتی ئیسلامیی لەترسی گیان و سامانیان لە سنوورەکانی ژێر دەسەلاتی خۆرمدینان دوور دەکەوتنەوە. خەڵکی ناوچەکە بەگشتی کە دووسەتساڵێک بوو پیرۆزیی ئاینی ئیسلام و، ئەفسانەی تێکنەشکانی سوپای ئیسلام بەگوێیاندا دەدرا، ئەو تێڕوانینەیان نەما و، هومێدێکیان بۆ پەیدابوو، کە دەتوانن بەپشتیوانیکردنی بابەک و سوپاکەی، لەبندەستیی عەرەب و بازرگانان و دەرەبەگ و میرانی زۆرداری خۆیی رزگاریان بێ. ئەوجا عەرەبی خاوەندەسەڵات و خاوەن ئیمپراتۆریی کە هەر لە عەرەبستانەوە هەتا بەشێکی ئۆرووپا و سنوورەکانی هیندستان و

باکووری ئەفریقیا حوکمی بەسەر دەیان نەتەوەدا دەکرد، ئامادە نەبوو لە کوردستانی پەناگوێیدا دەسەڵات و سەروەرییەکەی بکەوێتە مەترسییەوە. لەبەر ئەوە هەردوولایان شەڕی مانونەمانی یەکیاندەکرد و، دەبوو لەونێوەدا یەکیان ئەوی دی لەنێو بەرێ.

شۆرشی خۆرمدین بەردەوامبوو، لەگەڵ هەر سەرکەوتنێ، سنووری دەسەلاتی خۆرمدینان پەرەی دەسەند. مەئموون و کاربەدەستانی ئیمپراتۆرییەکەی سەرقاڵی کۆکردنەوەی سوپایەکی گەورە و بەهێزتربوون بۆ لەنیوبردنی شۆرشی کوردان. لەساڵی 827 - 828 زاینیی، **محەممەد حەمید تووسی** فەرماندەیەتیی ئەو سوپا تازەیەی کرد و، بەڵێنی بە خەڵیفە مەئموون دا، لەم جەنگەیدا سەردەکەوێ و، بابەک بەزیندوویی یان بەکوژراوی دێنێتە بەغدا. لەگەڵ گەیشتنی سوپای تازەی عەرەب، بەپانتایی هەزاران کیلۆمەتر شەڕوپێکادادانی گەورەو خوێناویی دەستپێکرد. شەڕ ماوەی شەش مانگ درێژەیکێشا بێئەوەی لایەکیان بەسەر لاکەی دیکەدا سەرکەوێ. دوای شەش مانگ، بابەک فەرمانیدا شاری بەز و دەشتاییەکان چۆڵ بکەن و بۆ کوێستانەکان بکشێنەوە! سوپای عەرەب بەکشانەوەی سوپای خۆرمدین دڵخۆشبوون و دڵنیابوون کوردان توانای بەرگریکردنیان نەماوە. بەفەرمانی محەممەد حەمید تووسی، سوپای ئیسلام بەسەدهەزار چەکدارەوە شوێن چەکدارانی خۆرمدینان کەوتن کە ژمارەیان بەدەیانهەزار ئەژمارکراوە. پاش ئەوەی سوپاکەی عەرەب بەتەواوەتیی لە تەختای وپێدەشت دابڕان و، کەوتنە داوێن و

هەورازەڕێی شاخەکان، ئەوجا بابەک فەرمانیدا هێرش بکەنەسەریان. لەهەموو بەرزاییەکانەوە دەیان هەزار چەکداری خۆرمدینان وەک هەرەسی چیابەرزەکانی کوردستان دابارینە سەریان. تەواوی سوپای عەرەب، تەنانەت فەرماندەکەشیان **محەممەد حەمید تووسی** لەو هێرشەگەورەیەدا کوژرا و بەڵێنەکەی دابووی بەخەڵیفە بۆی نەچووەسەر. لە سوپای عەرەب تەنیا هەشت فەرماندەی پلەنزم توانییان لەکوشتارگەکە خۆیان رزگاربکەن. کوژرانی محەممەد حەمید تووسی وەک کارەساتێک بۆ دنیای ئیسلام لەقەڵەمدرا. چۆنکە جگە لەئازایەتییەکەی، هەروەها لەنێو کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و رۆشنبیریی عەرەبی و ئیسلامیدا کەسایەتییەکی خۆشەویست و بەناوبانگ بوو. کۆمەڵێک شاعیری عەرەب، تەنانەت **زانا و بلیمەتی کورد "ئەبوو حەنیفە دینەوەری"** (6*) بەهۆنراوە خەموپەژارەی خۆی لەکوژرانی محەممەد حەمید تووسی دەربڕی.

دوای تەواوبوونی پرسەوماتەمینیی محەممەد حەمید تووسی، ئەوجا مەئموون یەکێ لەسەردارانی ناوبەدەرەوەی دیکەی عەرەبی بانگهێشتکرد  کە ناوی **"عەبدوڵڵا تاهیر"** بوو. مەئموون پێیراگەیاند: **لەنێوان حوکمڕانیی خۆراسان و شەڕ لەگەڵ سوپای بابەک یەکیان هەڵبژێرێ!** عەبدوڵڵا تاهیریش حوکمڕانیی خۆراسانی هەڵبژارد. لەم بارەیەوە **"نزامەلمولکی تووسی"** کە بەرەگەز ئێرانی و لەدایکبووی باکووری ئێرانە و، لەسالانی نێوان 1018 بۆ 1093ی زاینی ژیاوە، لە پەرتۆکی **"سیاسەتنامە"** دا دەڵێ: **عەبدوڵڵا تاهیر بەلەشکرێکی**

**بێئەژمارەوە لەپێشدا بەنیازی هێرشکردنەسەر بابەک چوو بۆ "دینەوەر" لە کرماشان، ئەوجا رووی لە هەرێمی رزگارکراوی بابەک کرد. کاتێ بابەک زانی لە دەشتاییەکاندا توانای بەربەرەکانێی ئەو سوپا زەبەلاحەی نییە، بەرەو ناوچە شاخاوییەکان و قەڵاکەی خۆی لە بەز کشایەوە. دوای کشانەوەی سوپای خۆرمدینان، محەممەد تاهیر لەنێو فەرماندەکانی سوپاکەی "عەلی کوڕی هشام" ی کردە حوکمڕانی هەرێمەکانی کوردستان و ئەسفەهان، خۆشی بەرەو خۆراسان بەڕێکەوت".**

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێ لەهاتنی ئەم دەسەڵاتدارەی عەرەب **(عەلی کوڕی هشام)** بۆ کوردستان، هاوڕێتی و پێوەندییەکی توندوتۆڵ بەڵام نهێنیی لەنێوان بابەک و عەلی هشامدا دروستدەبێ. هۆی ئەمەش روون نییە و تاکو ئێستەش نەزانراوە، بۆچی سەرکردەیەکی عەرەب کە بۆ لەنێوبردنی بابەک و شۆرشەکەی دەستنیشانکراوە و، دەیانهەزار عەرەبی کوشتووە و بە دڵڕەقترین دوژمنی عەرەب دەناسرێ، پەیمانی هاوکاری و هاوڕێتیی لەگەڵ دەبەستێ و بەدوژمنی خۆی نازانێ، تەنانەت هاوکاریشی دەکا. دەنگۆی ئەم پێوەندییە نهێنییە، لەلایەن سیخوڕەکانی عەرەبەوە دەگاتە لای خەلیفە مەئموون. ئەوجا مەئموون نوێنەرێکی خۆی کە ناوی **عەجیف عەنبەسە** دەبێ، دەنێرێ بۆ لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە. کاتی نێردراوی خەڵیفە دەگاتە بارگەی هشام، هەوڵدەدا لەکاتی نووستندا بیکوژێت، بەڵام عەجیفی کوڕی عەنبەسە

بەنەخشەکەی دەزانێ و هشام دەگرێ و بەکۆتوزنجیرەوە بەڕێیدەکات بۆ بەغدا، لەگەڵ کوو دەیگەیەننە بەغدا، خەڵیفە مەئموون بەشمشێرەکەی خۆی هشام دەکوژێ. دوای کوژرانی عەلی هشام، **تاهیری کوڕی ئیبراهیم** لەجێی دادەنرێت، لەبەختی خۆرمدینان، جەنگی نێوان **ئیمپراتۆریی رۆمی رۆژهەڵات (بیزانس)** و ئیمپراتۆریی ئیسلامیی پەرەدەستێنێ، لەبەر ئەوە تاهیر ئیبراهیم هێزێکی وا گەورەی بەدەستەوە نابێ بۆ هێرشکردنەسەر ناوچەی بندەسەڵاتی بابەک.

بابەک، سەرقاڵبوونی سوپای ئیسلام بەشەڕی دیانەکانی رۆمی رۆژهەڵات بە هەلدەزانی، فەرمانی هێرشکردنەسەر سوپای عەرەب دەردەکا، سوپای رزگاریخوازی خۆرمدین لەکوێستانەکانەوە بەرەو پێدەشت و سەربازگە و شارەکانی بندەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی بەڕێدەکەون. دەیانهەزار خەڵکی ئاسایی کە لە شار و گوندەکاندا بەنهێنیی سەر بەرێبازی خۆرمدین بوون، تێکەڵیانبوون، ئەرخەوانەسوورئاسا بەشێکی زۆر لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تاکو سەقز و ژاوەرۆ و هەورامان و شارەزوور و خانەقی و هەمەدان رزگارکران، ئاگری شۆرش و راپەڕینی جەماوەریی لەماوەی دوومانگدا گەیشتە خوارووی کوردستان **"مێهرگان کەزک" و " ماسبزان" یشی گرتەوە کە دوو شاری مێژوویی بوون لە لۆڕستان و لەنێو ئێلی کەلوڕ هەڵکەوتبوون. شۆرشی جەماوەریی بەخێرایی کرماشان و ناوچە فارس و**

**کوردنشینەکانی وەک ئەسفەهان و رەی و شیراز و کاشان" یشی گرتەوە.** بەکورتی، لەسەرتاسەری کوردستانەوە هێرشکرایە سەر لەشکرگە و پێگەسەربازییەکانی عەرەب و لایەنگرانیان. سوپای خۆرمدینان بەهۆی سەرقاڵبوونی حکوومەتی ئیسلامیی بەجەنگی لەگەڵ بەرەی ئاینی مەسیحیی هەلێکی گەورەی دەستکەوتبوو کە ناوچەی زیاتر رزگاربکا و، هێزەکانیان بە هەموو ناوچەکاندا بڵاوبکەنەوە.

خەڵیفە مەئموون لەم دۆخە نالەبار و شێواوەی بەرەورووی خۆی و حکوومەتەکەی ببووەوە، لەساڵی 833ی زاینیی، کۆچیکرد، بەڵام پێش ئەوەی بمرێ، وەسیەتنامەیەکی بەجێهێشت و تێیدا نووسی: "**بۆ جێنشینم موعتەسەم ئەم وەسیەتە جێدێڵم، داوایلێدەکەم، هەموو هەوڵوتێکۆشینێ لەڕووی سەربازی وداراییەوە ئەنجامبدە بۆ لەنێوبردنی بابەک و شۆرشەکەی. من لەبەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەمدا سەرکەوتوو نەبووم، بەڵام تۆ بۆ رزگاریی ئیسلام و حوکمرانییەکەمان پێویستە بەهەر نرخێک بووە، ئەم ئەرکە گرنگە تەواوبکەی...**".

## مردنی خەڵیفە مەئموون و ئاکامی شۆرشی خۆرمدین لەسەردەمی خەلیفە موعتەسەمی عەباسیدا!

خەڵیفە مەئموون لەساڵی 833ی زایینیی مرد و دوو کێشەی گەورەی بە چارەسەر نەکراوی بۆ جێنشینەکەی موعتەسەم جێهێڵا. لەوەسیەتنامەکەی، شۆرشی خۆرمدینان بەسەرۆکایەتیی بابەک بە گەورەترین مەترسیی بۆ سەر دەسەلاتی عەرەب و ئاینی ئیسلام ناودەبا و، ئامۆژگاریی موعتەسەمی جێنشینی دەکا بەهەر نرخێک بووە بابەکی خۆرمدین و شۆرشەکەی لەنێوبەرێ. قووڵبوونەوەی جەنگی نێوان دوو ئیمپراتۆریی ئیسلامیی و مەسیحی و مردنی مەئموون، هەلێکی تاکهەڵکەوتووی بۆ بابەک و سوپاکەی رەخساند کە بەخێرایی سەرتاسەری کوردستان **(ئازەربایجانی ئێستا وپارێزگەی ورمێ)** لەسوپای عەرەب پاککەنەوە. ئەو عەرەبانەی لەشارەکان نیشتەجێبوون، ژمارەیەکی کەمیان فریاکەوتن رابکەن، زۆرینەیان لەگەڵ بەکرێگیراوانیان قەلاچۆکران و ماڵوسامانیان داگیرکرا. مزگەوتەکان رووخێندران و،سەرلەنوێ پەرستگەکانی زەردەشتیی ئاوەدان کرانەوە. پاش دووسەتساڵ لە داگیرکردنی کوردستان لەلایەن سوپای ئیسلامەوە، بابەک و سوپای بەهێزەکەی توانییان بەپشتیوانیی خەڵک، ئازادیی بگێڕنەوە بۆ نیشتمانەکەیان.

موعتەسەم لەگەڵ کاربەدەستانی ئیمپراتۆرییەکەی و هەموو فەرماندەکانی سوپای ئیسلام کۆبوونەوەی کرد، کە ڕێچارەیەک

بدۆزنەوە بۆ قەیرانی کوردستان. هەموو ئامادەکارییەکان بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان کران. لەلایەن خەلیفە موعتەسەمەوە فەرمانی جیهاد دەرکرا و، بڕیاردرا سەرەتا ناوچەکانی خوارووی کوردستان داگیربکەنەوە. لەساڵی 833ی زایینیی، سوپای ئیسلام بە فەرماندەیەتیی **"ئیسحاق ئیبراهیم مەسحەب"** بەرەو ناوچەکانی **کرماشان** و **لۆڕستان** بەڕێکەوت. کاتێ سوپای ئیسلام گەیشتە سنوورەکانی کوردستان، بەنیازی بڵاوکردنەوەی جەوی ترس و تۆقاندن و شکاندنی ورەی خەڵک و لایەنگرانی خۆرمدینان، دەستیانکرد بە سەربڕینی تێکڕای دانیشتووانی گوندەکان. ئەوجا، یەکبەیەک گەمارۆی شارەکانی ناوچەی کرماشان و لۆڕستان و هەمەدان و هەورامانیاندا. لەهەموو دۆڵ و شاخ و شار و کۆڵان وگەڕەکی کوردستانە جەنگێکی گەورە و خوێناویی دەستپێکرد، دوای چەندین مانگ شەڕی دەستەویەخە و تێکهەڵپرژان و سەرپەڕاندن و کەوتنی لاشەیەکی زۆری هەردوولا لە گۆڕەپانەکانی جەنگ، سەرئەنجام ئیسحاق ئیبراهیم و سوپای عەرەب بەربەرکانێی کوردانیان تێکشکاند. **شاری کرماشان (7*)** کە لەو سەردەمەدا ناوەندی بازرگانی و جوانترین شاری هەرێمەکە و ئاوەدان و پڕحەشیمەت بوو، سووتێندرا و تالانکرا. لەو زنجیرە ئەنفالانەی کە نێوی لێنرابوو **"جیهاد لەدژی کافران"**، دەیانهەزار گەورە و منداڵی کورد لەنێوچوون. هەزاران پیاوی جەنگاوەر لەگەڵ هەزاران ژنوکچ وکوڕی لاوومێردمنداڵی کورد، بوونە کۆیلە و بەرەو بەغدا بران.

کچان و ژنان و منداڵ و مێردمنداڵان لەنێو کۆشکی سوڵتان و سەردارانی سوپا دابەشکران، ئەوانەش کە مانەوە لەبازاڕەکانی کۆیلەفرۆشیدا، فرۆشران، تێکڕای لاوان و پیاوانیش سەریان بڕدرا".

**بەوتەی دوو مێژوونووسی بەناوبانگی دنیای ئیسلام "محەممەد جەریر تەبەری (8*)" و "عەلی محەممەد جزیری (ابن اثیر 9*)" پتر** لەشەست هەزار کورد لەو شەڕانەدا کوژران، ژمارەیەکی زۆریش بەرەو خاکی ئیمپراتۆریی مەسیحی (بیزانس) هەڵاتن. هەزاران لایەنگری خۆرمدینان لە ژنوپیاو بەدیلگیران و بران بۆ بەغدا...".

چەند لایەنێک لەشکستی سوپای خۆرمدینان لە هەرێمەکانی **هەمەدان و هەورامان و کرماشان و لۆڕستان و ئیلام** دەوری سەرەکییان هەبوو، **یەکەم:** دوای ئازادکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن خەڵک و شەڕڤانان و ڕێبەرانی خۆرمدینانەوە، خەلیفە موعتەسەم بەخێرایی سوپایەکی گەورەی بەڕێکرد بۆ سەرکوتکردنی شۆرشەکەیان، سوپای خۆرمدینان دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەستدا نەبوو، هێزێکی پەروەردەکراوی شەڕزانی خاوەنبیروباوەڕ و پۆشتەوپەرداخ بۆ بەربەرەکانێی هێرشی موسڵمانان ئامادەبکەن. لەکاتی گەیشتنی سوپای موسڵمانان بۆ هەرێمەکانی خوارووی کوردستان، زیاتر خەڵکی ئاسایی بوون کە بەداروبەرد بەرەوڕوویان دەبوونەوە، بۆیە نەیانتوانی لەبەرامبەر هێرشی بەربڵاوی سوپای پۆشتەوشەرکەری ئیمپراتۆریی ئیسلامیدا درێژە بەشەڕەکەیان بدەن و، بەرگریی لەخۆیان و شارەکانیان بکەن.

**دووەم:** ژمارە و نفووسی عەرەب لەو سەردەمەدا ئەوەندە زۆر نەبوو بۆ داگیرکردنی وڵاتان و، لەنێوبردنی شۆرشی مەزنی خۆرمدینان، هەر تەنیا بە ژمارە و هێزی چەکداری خۆیان پشت ببەستن، بەڵکو زیاتر لە سەدان خێڵ و هۆزی شام و قیبتی و بەربەر و کورد و ترک و فارس و چەرکەس و ئەرمەنی و قەفقازیی سوودیان وەردەگرت کە بەزۆرەملێ یان بەویستی خۆیان ببوونە موسڵمان، پیاوەکان و لاوانیان دەبوونە بەشێ لەسوپای ئیسلام و، شانبەشانی چەکدارانی عەرەب و لەژێر فەرماندەیەتیی سەردارانی عەرەب لە ئەنفال و داگیرکردن و تالانکردنی سامانی خەڵکی خۆیان و گەلانی دی بەشدارییاندەکرد. لەنێو گەلانی ناعەرەبدا سوپایەکی بەکرێگیراو دامەزرابوو، ببووە کەواسۆری بەرتیپ و، پێش چەکداری عەرەب دەکەوتن و، گورزیکی گەورەیان سازکردبوو، نێویاننابوو **"کافرکوژ"**. ئەم هێزە بەکرێگیراوە دەور و کارکردی زۆری هەبوو لە سەرکوتکردنی راپەڕینە گەورەکەی هەرێمەکانی **شارەزوور و کرماشان و هەمەدان و ئیلام و لۆڕستان.**

بەڵام سەرەڕای داگیرکردنەوەی ئەو هەرێمانە لەلایەن سوپای ئیسلامەوە، موعتەسەم و کاربەدەستانی حکوومەتەکەی دەیانزانی، دانیشتوانی کوردستان بەهۆی پێبەندبوونیان بە ئاینەکەیانەوە، هەرجارەی هەلیان بۆ هەڵکەوێ، تێدەکۆشن ناوچەکانی خۆیان رزگاربکەنەوە، بەتایبەتیی هەتا سەرکردەیەکی بلیمەتی وەک بابەک و سوپایەکی بەهێزی وەک خۆرمدینیان لەپشت بێت، هەموو کاتێ دەبێ

لەو هەرێمانەدا چاوەڕوانی سەرهەڵدانەوەی شۆرشی دژ بە عەرەب و ئاینی ئیسلام بن.

بەردەوامیی شەڕی قورس و خوێناویی سوپای ئیسلام لەگەڵ بەرەی دیان و سوپای خۆرمدین، سوپای ئیسلامی لاواز کردبوو، خەڵیفە موعتەسەم کە بەیەکێ لەزیرەکترین و لێهاتووترین خەڵیفەکانی حکوومەتی عەباسییەکان و بەگشتیی دەسەڵاتدارێتیی ئیسلام دەژمێردرێت، بەباشی تێگەیشت بە هێزی عەرەب و سەردارانی عەرەبەوە ناتوانن سوپای بابەک لەنێوبەرن، بیرێ بەمێشکیدا هات و وای بەباشزانی هەوڵبدات بە دانی پلەوپایە و بەخشینی زێڕوزێو بەگەورەکانی هۆز و سەرۆکخێڵەکانی ناعەرەبی وەک ترک و پارس و کورد و گەلانی دی، قورسایی شەڕ و قوربانی و ئاکامی زیانباری شکستەکان لە عەرەب دوورخاتەوە و شەڕی کورد بە کورد و، فارس بەکورد و ترک بەکورد بخاتەڕێ. موعتەسەم دەیزانی تێکڕای گەورەکانی زەردەشتیی **(مۆغەکان)** و سەرۆکخێڵ و بازرگان و شازادە و میرەکانی کورد و گەلانی دی، دژی بیروباوەڕی بابەکن، بەڵام ناوێرن ئاشکرای بکەن، چۆنکە لە گیانی خۆیان و بنەماڵە و لەدەستدانی سامانیان دەترسن زۆرینەی ئەو زەنگین و فیۆدالانەش لەگەڵی بوون و، دراو و خواردەمەنی و هەسپ و شتومەکیان دەنارد بۆی و باجیان دەداپێی، ئاواتەخوازبوون ئەم بەڵاگەورەیان لەکۆڵ ببێتەوە. ئەم راستینەیەش کاتێ ئاشکرابوو کە شۆرشەکەی بابەک بەرەو کزیی چوو،

هەموویان روویان لێوەرگێڕا و بوونە پشتیوانی حکوومەتی ئیسلامیی.

دوای قەڵاچۆکردنی چوار هەرێمی گەورەی کوردان **(کرماشان و شارەزوور و هەمەدان و لۆڕستان)**، بابەک سنوورەکانی ژێردەسەلاتی بچووک وتەسککرایەوە و تەنیا ئازەربایجانی بەدەستەوە ما. شکستی خۆرمدینان لەناوچەکانی خوارووی کوردستان نەک هەر نەبووە هۆی ورەبەردانی سوپای خۆرمدینان، بەڵکو هێزوباوەڕێکی زیاتری پێبەخشین و بەشەویخوێن و هێرشی لەناکاو و خستنەداوی هێزەکانی عەرەب لە شوێنەجیاجیاکان، تێدەکۆشین قەرەبووی شکست و قەڵاچۆی هەرێمەکانی خواروو بکەنەوە و سەرلەنوێ ئاگری شۆرش لەو هەرێمانەدا هەڵگیرسێننەوە. خەڵیفە موعتەسەم بۆ رێگرتن لە هەڵگیرسانی شۆرشێکی نوێ، لەسەر داوای راوێژکارانی و بیرکردنەوەی کوور و تێڕامانی خۆی، لەنێو هەموو فەرمانەکانی عەرەب و ناعەرەب و میروشازادەی گەلانی بندەستی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی، **"خدری کوڕی کاووس" (ئەفشین)** هەڵبژارد کە میرزادەیەکی ئازا و پسپۆڕێکی کەموێنە بوو لەپیشە و کاروباری جەنگیدا.

هەروەک لەلاپەڕەی (10) ی ئەم پەرتۆکەدا ئاماژەمکردپێی، شاعیر ومێژوونووسی گەورەی عەرەب بەناوی **"ئەبوو العلاء المعری"** لە پەرتۆکی **"رسالة الغفران" دا دەڵێ: ئەبوومسلم خۆراسانی و**

**خوشکەزاکەی بەناوی "بابەکی خوڕەمی" هەروەها فەرماندەی لێهاتوو "خدری کوڕی کاوس" هەرسێ کورد و زەندیقی بوون".**

وشەی "**ئەفشین**" لە زمانی کوردیی فەیلی کۆن بە "**پێشین**" و لە "**ئاڤێستا**" بە "**پیسیناه**" هاتووە. ئەم میرزادەیە، خەڵکی ناوچەی سەمەرقەند بووە لەسەرووی خۆراسان. بەوتەی مێژوونووسی بەناوبانگی ئێرانی "**ئەبولفەزل بیهەقی**"، ناوی راستینەی "**ئەفشین**"، "شناس" بووە و "**ئەفشین**" نازناو و پاشنێوی شاکانی "**ئەشترۆسنە**" بووە. ئەشترۆسنە و سەمەرقەند لە ئۆزبەکستانی ئێستا هەڵکەوتوون و، لە مێژووی یۆنانی کۆندا ناوەکەیان بە "**ماراکەند**" و "**ماداکەند**" هاتووە. لەسەردەمی ساسانییەکاندا بەشێ بوون لە خاکی ئیمپراتۆریی ساسانی و، زمانی فەرمیی ناوچەکە کوردیی فەیلی بووە. ئەم هەرێمە لەساڵی 705 ی زایینیی، کەوتە دەستی لەشکری موسڵمانانەوە.

خەلیفەی ئیسلام موعتەسەم، "**خدری کوڕی کاوس" (ئەفشین)** ی بانگێشتی کۆشکی کرد، وەک سەرۆک و میری وڵاتێکی گەورە چووە پێشوازی و رێزێکی زۆری لێنا و، لەگەڵی کەوتە ئاخافتن و پێیگوت: **ئێمە تۆمان هەڵبژاردووە بە سوپاسالاری سوپای ئیسلام بۆ بەربەرەکانێکردن و لەنێوبردنی شۆرشی خۆرمدین. پێشەکیی حوکمڕانیی هەموو کوردستان و ئەسفەهان دەدەمە دەستت، دوای سەرکەوتنیشت لەم جەنگە، دەبێتە یەکێ لەنێزیکانی ئێمە".** ئەفشین دەڵێ: **داوایەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە گەر هاتوو لەم شەڕەدا**

**سەرکەوتم، حوکمڕانیی خۆراسان بسپێرن بە من!".** خەڵیفە موعتەسەم بەڵێنی پێدەدا کە دوای سەرکەوتنی داواکەی دێنێتەجێ.

بەفەرمانی موعتەسەم خوانێکی گەورە ئامادەدەکرێت، زۆرینەی فەرماندەکانی سوپای ئیمپراتۆریی ئیسلامیی بانگهێشتدەکرێن و، دەڵێ: **لەئێستاوە ئەفشین سوپاسالاری ئیسلامە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆرمدینان، ئەوی لەگەڵی دەچێ، یان دواتر دەنێردرێت، دەبێ لەژێر فەرمانی سەردار ئەفشین دابێت".** موعتەسەم **هەروەها سەرۆکی هۆزەترکەکان و سەردارە بەناوبانگەکانی ترک بانگهێشتی کۆشکی دەکا، داوایان لێدەکا یارمەتی سەربازیی سوپاسالار ئەفشین بدەن. بەناوبانگترینی ئەم سەردارە ترکانە "ئەبوو مووسا" (بغا الکبیری) و "بغای صغیر" بوون، کە ئەمیان لەخزمان و دارودەستەی نێزیک بە خەڵیفە موعتەسەم بوو، نازناوی "مەولا امیر الموئمنین" پێدرابوو.**

لەلایەنی پێداویستیی سەربازی و خواردن و کەلوپەلی جەنگییەوە، بەفەرمانی موعتەسەم هەزاران تەن خواردن و جبەوکەلوپەلی سەربازیی لەگەڵ ئەفشین بەڕێکرا. لەڕووی داراییشەوە، بووجەیەکی زۆروزەوەنیشی بۆ ئەفشین و سوپاکەی تەرخانکرد. ڕۆژی دەهەزار دەرهەم دراوی ئەوکات بۆ کاتی پێشڕەوی و، ڕۆژی پێنج هەزار دەرهەم بۆ کاتی پشوو. لەهەر فرسەخێکدا دەستەیەک سوارچاک دانران، کە پەیام و نامە و هەوالەکان لە کەمترین ماوە، لە **سامەرا (سەرمەن ڕا)** وە بگەیەننە شاری **"ئەڵوەن" (حەلوان10*)، (پای تاق)**

لەنێزیکی **کرماشان**، لەوێشەوە بیگەیەننەوە سامەڕا. لەسەر هەر تەپۆڵکەیەکی نێزیک بەیەک چاودێری سەربازیی دانران، لەکاتی دیتنی نامەبەرەکان، بەدەنگی بەرز چاودێرەکەی دیکە لەهاتنی ئاگادارەکرا. پەیامەکان لەماوەی چوارڕۆژ لە ناوچەی کرماشانەوە دەگەیشتنە سامەڕا. لەکرماشان بەولاوە بەرەو بەشەکانی خوارەوە وسەرەوی رۆژهەلاتی کوردستان هەتاکو ئازەربایجانی ئێستا، ئەگەرچی شار و پێدەشتەکان داگیرکرابوونەوە، بەڵام هێشتا شۆرش و ناڕەزایەتیی بنبڕنەکرابوو، شۆرشگێڕان و لایەنگرانی ڕێبازی خۆرمدین بەشاخەکان و گوندەشاخاوی و کوێستانەکانەوە مابوون، سوپا و دەستوپێوەندەکانی عەرەب لەم ناوچانەدا هەستیان بە مەترسیی دەکرد، لەبەر ئەوە دەستەی سوارچاک و نامەبەر و چاودێر لەسەر گردۆڵکە و تەپۆڵکەکان دانەنرابوون و، بەناوچەی جەنگ و ناوچەی بابەک و پێڕەوانی ئەژماردەکران.

ئەمەش ئەو راستینەیە دەسەلمێنێ ناوەند و جەرگەی بزووتنەوەکەی خۆرمدینان، کوردستان بووە. هەرچییەک سەرچاوەی فارسییە، بەتایبەتیی ئەو نووسەر و مێژوونووسە فارسانەی لەسەردەمی **ڕەزاشای پەهلەوی بەملاوە کە لەئێران ڕێکەوتی 15ی گوڵانی 1926ی زایینیی رژێمی ناسیۆناڵی فارسی دامەزرێندرا**، تاکو ئەمڕۆ لەبارەی شۆرشی بابەک و خۆرمدینان نووسیویانە، هیچیەکێکیان پێوانە و پرنسیپی پیشەکەی خۆیان وەک مێژوونووس و نووسەر بەکارنەهێناوە و، پەنایان نەبردووەتە بەر ویژدانی خۆیان.

بۆ جارێکیش نێوی کوردستانیان نەهێناوە و، ناوی **ئازەربایجان** و **"جبال"** **(چیاکان)** یاننووسیوە، تەنانەت زۆر بێویژدانانە ئەوەشیان نەنووسیوە ئەو خەڵکەی بە وتەی ئەوان لە **"جبال"** ژیاون، سەر بەچ تیرە و رەگەزێ بوون!؟

بۆ لەنێوبردنی شۆرشی خۆرمدینان سوپایەکی مەزن لەسەتهەزار چەکداری عەرەب و ناعەرەب پێکهات. سەرداری عەرەب **"سەعید محەممەد کوڕی یوسف مزووری"** لەلایەن خەڵیفەی ئیسلام موعتەسەمەوە نێردرا بۆ **"ئەردەوێڵ" (11*) و "زەنگان" (12*) و "مادینشار" (فارسییەکەی کراوە بە ماهنشان) و "ماد ئاوا (13*)"** بۆ ئەوەی سەرجەمی ئەو پێگە و لەشکرگە سەربازییانە چاک کاتەوە کە سوپای بابەک لەنێوی بردبوون. دەستەیەک لەسوپای خۆرمدینان لەنێزیکی ئەروەوێڵ شەو هەڵدەکوتنەسەریان، بەڵام چەکدارەعەرەبەکان پێشتر لەڕێگەی سیخوڕ و بەکرێگیراوی خۆجێییەوە بەنەخشەکەیان دەزانن، هێرشەکەیان تێکدەشکێنن، ژمارەیەکیان لێدەکوژن، ئەوانی دیش دەگرن، سەری بڕاوی کوژراوەکان لەگەڵ دیلەکان بەنیشانەی سەرکەوتن، دەنێرن بۆ سامەرا و بەغدا. بەوتەی مێژوونووسی گەورەی ئیسلام **"تەبەری"**، ئەمە یەکەمین شکستی سوپای بابەک بوو!

دەسەڵاتدارانی ئەمارەتە **کوردی و ئەرمەنی و فارس و قەفقاز و ئۆزبەکی** هەر کە زانییان موعتەسەم دەسەلاتێکی زۆری بەخشیوەتە ئەفشین و، سوپایەکی گەورە و گران رووی لە هەرێمەکەیە، ئەوجا

یەکەیەکە لەهاوکاریکردنی بابەک خۆیانکێشایەوە و بەنهێنیی پێوەندییان گرت بە موعتەسەم و ئەفشینەوە، بەنێوبانگترین و دەسەڵاتدارترینی ئەمانەش دەرەبەگێکی کورد بوو بەناوی "**محمد البعيث**" (**محەممەد ئەلبەعیس**) کە هەر لەناوچەی ورمێ وە، هەتاکو **تەورێز مۆڵکی ئەو بوو. ئەم کابرایە بۆ پێشاندانی نیازپاکیی خۆی لەگەڵ خەڵیفە، یەکێ لەسەرداره بەناوبانگەکانی بابەک بەناوی "عیسمەت کورد"، ی بانگێشتی قەلاکەی کرد و، پێشوازییەکی گەرمی لێکرد. بەپێی پیلانێک پێشتر دایڕشتبوو، چەکدارەکانی محەممەد ئەلبەعیس پاسەوانەکانی عیسمەت کوردیان بردە حەوشەی دیکە و بەبیانووی نانخواردنەوە، شمشێر و تیروکەوان و خەنجەریان پێدانان، دوای چەککردنیان رژان بەسەریاندا و زۆربەیان کوشتن. ئەوجا لەنێو دیوەخانی قەڵا دەیان چەکداری محەممەد ئەلبەعیس پەلاماری "سەردار عیسمەت کورد" یاندا و بەگوریس و زنجیر بەستیانەوە. هێزێکی چەکدار ئامادەکرا بە پەلە دووریخەنەوە و تەسلیمی خەڵیفەی ئیسلامی بکەن. لەم رووداوەدا، چەند کەسێ لەجەنگاوەرانی عیسمەت کورد بەشەڕ وشۆرو کوشتنی دەیان کەس لەچەکدارەکانی محەممەد ئەلبەعیس توانییان ئازایانە بەرگری لەخۆیان بکەن، خۆیان لەکوشتارگەکە رزگاربکەن و، خۆیان بگەیەننە ناوچەی بندەسەلاتی خۆرمدینان و سەرۆک بابەک لە چۆنێتیی پیلانی محەممەد ئەلبەعیس و گیرانی عیسمەت کورد ئاگاداربکەن.**

**سەردار عیسمەت کورد، بەکۆتوزنجیر و هێزەوە دەنێردرێ بۆ بەغدا. ئەم سەردارە بەناوبانگەی شۆرشی خۆرمدینان، ماوەیەک بەدڕندانەترین شێوە لەبەغدا شکەنجەدەدری، لەبارەی تاکتیک و شێوازەکانی جەنگی سوپای خۆرمدینانەوە هەموو زانیارییەک لەزمانی دەردێنن، ئەوجا سەریدەبڕن، هەموو ئەندامانی لەشی لەیەک جیادەکەنەوە، ئەوجا پارچەکانی لەشی وەک گۆشتی قوربانیی، بەگۆڕەپانی شاردا هەڵدەواسن.**

**ئەفشین (خدری کاووس)،** بەلەشکر وچەکوجبەخانەی زۆروزەوەنەوە بەرەو باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان ملی ڕێیگرتەبەر. لەهەر شوێنێک هۆردووەکەی لایبدایە، مەتەرێز و خەنەق و پەرژین و داروداویان بەچواردەوری خۆیاندا دروستدەکرد. دەستەی شناسای و پشکنین بەچواردەوری هۆردووگەدا دەگەڕان. ئەفشین هەروەها دەستیکرد بە سازکردنی تۆڕی سیخوڕی و بەخشینی پارە و زێڕوزێو بە گوندنشینەکان و قەرەج و کۆخوکوێستاننشینەکان و، کڕینی خەڵک و کۆکردنەوەی زانیاریی ورد لەسەر هاتوچۆکردنی هێزەکانی خۆرمدین. تەتەرەکانی پەیتاپەیتا دەگەڕانەوە بۆ سامەڕا و دراو و چەک و زێڕی زیاترتان دەهێنابۆی. هەرچییەکی بویستایە موعتەسەم دەیناردبۆی و، هەموو جارێکیش **"ئەفشین"** ی ئاگاداردەکردەوە بەوپەڕی وردبینی و هۆشیارییەوە نەخشەکەی بەرێتە پێشەوە بۆ ئەوەی لەبەرامبەر بابەکدا تووشی شکست نەیەت. لەیەکێک لەو کاروانانەی کە خەڵیفە

بۆ یارمەتیدانی ئەفشین بەڕێیکرد، جگە لەناردنی هێزی تازە و، زێڕوزیوی زیاتر، هەروەها بەرگدرووی تایبەتی کۆشک و سەرئاشپەزی کۆشک لەگەڵ چەندین تەن درکی لەئاسندروستکراوی ناردبۆی کە بەچواردەوری هۆردووەکەیدا بڵاویکەنەوە بۆ بەرگری لەهێرشی سوپای خۆرمدین. کاتێک بابەک ئەم هەواڵەی بیست، گوتی: **"خەڵیفەی موسڵمانان کەسی بەدەورەوە نەماوە، سەرئاشپەز و جلدووری تایبەتی خۆی دەنێری شەڕمان لەگەل بکەن!".**

**دوای هاتنی هاتنی سوپای ئیسلام بە سەدهەزار کەسەوە بە فەرماندەیەتیی ئەفشین و، شکانی دەستەیەک لە جەنگاوەرانی خۆرمدین لە ئەردەوێڵ و دەسبەسەرکردنی "سەردار عیسمەت کورد" و، سەرپەڕاندنی و پارچەکردنی ئەندامانی لەشی بە فەرمانی خەڵیفەی موسڵمانان بەو شێوازەی لەسەرەوە باسمان لێوەکرد، سەردارێکی ترک کە ناوی "ئەبوو مووسا" ناسراو بە "بغاالکبیری" بوو، هاوڕێتی ئەفشینی دەکرد و، لەلایەن خەڵیفە موعتەسەمەوە بۆ چاودێریکردنی وردی کارەکانی ئەفشین لەگەڵی نێردرابوو، بارودۆخەکەی بە هەلزانی و بۆ پێشاندانی لێوەشاوەی ولێهاتوویی خۆی و، دەستخستنی پلەی سوپاسالاریی لەجێی ئەفشین، پیاوانی هۆزەکەی کۆکردەوە کە ژمارەیان بە دەهەزار ئەژمار کراوە، بەرەو گرتنی قەلای بابەک و چیاکانی ژێردەسەلاتی خۆرمدین بەڕیکەوت. سوپای خۆرمدین لەسەر بەرزاییەکانەوە ئاگاداری هاتنی هێزی ترکان بوون، لەگەڵ گەیشتنیان بەو شوێنانەی مەبەستی**

**فەرماندەکانی خۆرمدینان بوون، لەهەموو لایەکەوە دابارینە خوارەوە و گەمارۆیاندان و، هەزارانیان لێ کوشتن و ئەوانی مابوون لەگەڵ سەردارەکەیان هەڵاتن و خۆیان رزگارکرد. ئەم شکستەی ئەبوومووسا بوو بەخێر بۆ ئەفشین، چۆنکە لەوەبەدواوە ئیتر هەموو سەردارەکان بە کردەوە بوونە ملکەچ و جێبەجێکەری فەرمان و نەخشەی سەربازیی ئەفشین.**

جگە لەو هەولە سەربازییانەی کە ئەفشین سەرفەرمانداری سوپای ئیسلام بۆ دابڕانی خەڵک لە بابەک و سوپای خۆرمدینان ئەنجامیدان، هەروەها لەڕێگەی ئەو تۆڕە سیخوڕییە بەربڵاوەی بە پارەوپووڵی خەڵیفە سازیکردبوون، توانی لەسەر رێگەی هاتنوچوونی هێزەکانی خۆرمدینان زانیاریی ورد کۆبکاتەوە، هەروەها ئەو نهێنییەشی بۆ ئاشکرابوو کە بابەک و سوپاکەی بەچ لەونێک زانیاریی لەسەر سوپای هاوبەشی داگیرکەری عەرەب و شازادە ئەفشین کۆدەکەنەوە. ئەفشین لەسەررێی قەلای بابەک لەچیای بەز و ئەو رێگە و چیاودۆڵانەی کە سوپای خۆرمدین هاتووچۆیان پێدادەکرد، بەدرێژایی سەدان کیلۆمێتر پێگەی سەربازی و بورجوبارووی دروستکرد. هێزیکی زۆر و چەکوچۆڵێکی زۆری رژاندە کوردستانەوە. هەر یەکێ لە سیخوڕەکانی بابەک دەستگیردەکران، نەیدەکوشتن، بەڵکو خەلاتیدەکردن و زێڕوزێوی دەدانێ، تەنیا مەرج و داواشی ئەوە بوو لێیان هەر نهێنیەک دەزانن، بیدرکێنن و، لەمەودوا سیخوڕیی بۆ ئەم بکەن. ئەوجا ئەفشین

سوپایەکی تایبەتی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و پانزەفرسەخێ دوور لە شاری **ئەردەوێڵ**، لەچیای "**بەرزند**" هۆردووی لێدا.

ئەفشین بۆ ئەوەی بابەک بخاتە داوەوە، نەخشەیەکی زۆر زیرەکانەی کێشا. **بەناوچەکەدا هەواڵی تێپەڕبوونی کاروانێکی بڵاوکردەوە کە بەدراو و زێڕوزیو و خواردەمەنی و کەلوپەلێکی زۆری جەنگییەوە لەلایەن خەڵیفە موعتەسەمەوە دەنێردرێ بۆ ئەفشین. کاروانەکە هەتاکو شاری "زەنگان" هێزێکی بچووکی لەگەڵ دەبێ!**

**بابەک بەبیستنی ئەم هەواڵە، بیری بۆ ئەوەچوو، بەرەو زەنگان بچێ و دەستبگرێ** بەسەر کاروانەکەدا. لەڕۆژی دیاریکراودا کاروان بەو ناوەدا تێپەڕ بوو، بابەک هێرشیکردەسەری، بەڵام کاتێکیزانی لەهەموو لایەکەوە گەمارۆدراوە و، تێگەیی فێڵی لێکراوە. بەرەوڕووی جەنگێکی زۆر سەخت و دژواربوو، ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکەی تێداچوون، بەڵام توانی خۆی دەربازبکا و بەرەو "**دەشتی مۆغان**" رایکرد، لەوێشەوە گەڕایەوە بۆ قەڵاکەی لەچیای "بەز".

بابەک لەتۆڵەی ئەم شکستەی، یەکێ لەسەردارەکانی بەناوی **"تەرخان" (تەرخان وشەیەکی رەسەنی کوردییە و مانای "سەرپشک" و "ئازاد" ە)**، دەنێرێ لە شوێنێ بەناوی "**هەشتاسەر**" هێرش بکاتەسەر سوپای ئەفشین. "**تەرخان**" لەمانگی گەلاوێژی ساڵی 836ی زایینیی، خۆی دەگەیەنێتە هەشتاسەر و شکستێکی گەورە بەسەر سوپای ئەفشیندا دەهێنێ. ئەوجا بابەک سوپاکەی بەدرێژایی

پێگەسەربازییەکانی سوپای هاوبەشی عەرەب و ئەفشین بەچیا و دۆڵەکاندا بلاودەکاتەوە و، هەموو شەوێ هێرشدەکەنە سەریان. دەسنیشانکردنی ئەمشێوازەسەربازییە تازەیە لەلایەن بابەکەوە زیانێکی زۆر بە سوپای موسڵمانان دەگەیەنی. هێزەکانی خۆرمدین بەمەشەوە ناوەستن، گەلی جار لەرۆناکیی رۆژدا هێرشدەکەنە سەر ئەو کاروانانەی لەشارەکانی **"مەراغە"** و **"شەروان"** وە بەفەرمانی ئەفشین بۆ گەیاندنی خواردەمەنی و دراو و دەرمان بۆ پێگەکان بەرێدەکرێن، تالآن و تووناندەکرێن. شکستی یەکلەدواییەکی سوپای داگیرکاری عەرەب، ئەفسەرەکانی عەرەب لە "ئەفشین"دەخاتە گومانەوە و، هێندێکیان جەخت لەسەر ئەوەدەکەن کە ئەفشین ناراستەوخۆ و بەنهێنیی هاوکاریی بابەک دەکات!.

بەڵام ئەفشین بێگوێدانە گومان و دوودڵیی ئەفسەرەکانی عەرەب لەسەری، بەردەامدەبێ لەجێبەجێکردنی پلانە سەربازییەکەی. شەڕ و لێکدان و سەربڕێن و هەڵواسین و، شکەنجەدانی دیلوبریندارى یەکتری، بەدرێژایی مانگ و ساڵ بەردەوامدەبێ. لەهەردوولا زیانی گیانی و ماڵی زۆرن. سەرەڕای ئەو شکستانەی سوپای خۆرمدین بەسەر سوپای عەرەبیدا دێنێ، بەڵام پلانی زیرەکانەی ئەفشین و هێزی بێژوماری داگیرکەری ئیسلام و هێزی بەکرێگیراوی کورد و گەلانی ناعەرەب و، بەخشینی دراو و تالآنی پێیان، سەرەنجام ئەفشین دەتوانێ هێزەکەی لەنێوچەکە سەقامگیربکا و، تۆڕی سیخوڕییەکەشی فراوانتر کا. نەخشەی ئەفشین ئەوەبوو هێزەکانی

بابەک لە کوێستانەکان دوورخاتەوە و، بیانکێشێتە نێو دەشتاییەکانەوە. لەکاتی هێرش بۆ سەر پەل و دەستەکانی خۆرمدین لەیەکتریان دابڕێنێ و، نەتوانن بەهانای یەکەوە بچن، بەرە بەرە لاوازیان بکا، ئەوجا هێرشی گەورە و یەکجارەکیی بکاتە سەر قەلای بابەک،

**فەرماندەکانی عەرەب کە ئەم دووربینییەیان نەبوو، پەلەیان بوو، ئەفشین لەماوەیەکی کەمدا سەرکەوتنیان بۆ بەدەست بێنێ و، وەک قارەمانی نەبەردی خوێناویی خۆرمدینان بگەڕێنەوە بەغدا و پێشوازییان لێبکرێ. ئەم جەنگە درێژخایەنە لەنێو جەرگەی کوردستان نەک هەر ترسی خستبووە دڵی فەرماندەکانی عەرەبەوە، بەڵکو بەخشینی بەلێشاوی زێڕوزیو وناردنی سەدانهەزار چەکدار لەهێزەکانی عەرەب و ناعەرەب و ناردنی باشترین فەرماندەکانی عەرەب بۆ جەنگی کوردستان، لەترسی زۆری خەڵیفە موعتەسەم بەرامبەر بابەک و سوپای خۆرمدینان سەرچاوەی دەگرت. موعتەسەم مانوونەمانی خۆی و ئیمپراتۆریی ئیسلامی لەسەرکەوتن، یان ژێرکەوتنی جەنگی بابەکدا دەدیت. نەک هەر عەرەب، بەڵکو تێکڕای گەلانی ناوچەکە، لەخۆڕاگری و ئازایەتیی سوپای خۆرمدین و لێهاتوویی سەرکردەکەیان بابەک سەرسام مابوون. لەماوەی دووسەدساڵ پەیدابوونی ئیسلام، ئیمپراتۆریی گەورەی وەک ساسانی و دەیان دەسەلاتی دیکەیان بەماوەیەکی کەم و بەخێرایی تێکشکاندبوو، سەدان شا و شازادەی ولاتانیان ملکەچی ئاین و**

**دەسەلاتی خۆیان کردبوو، بەڵام بیست ساڵێک بوو چەندین سەرداری گەورە و سەدانهەزار چەکداریان لێ کوژرابوو، بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی جەنگەکەیان لێ دیاربێ.**

بەهۆی زۆروبۆریی سوپای داگیرکەری ئیسلام و ناردنی هێزوچەکوچۆڵی زیاتر بۆ بەرەکانی جەنگ لەناوچەجیاجیاکانی ولاتانی ئیسلامییەوە، ئەفشین توانی لەهەموو بەرەکانەوە پێشڕەوی بکا و، **چیای بەز (قەڵای بابەک)** گەمارۆ بدات. سوپای خۆرمدین بەچواردەوری قەلادا دەیان زۆنگ و چاڵاویان سازکردبوو، هەزاران چاڵی سەرداپۆشراوی پڕلەدڕکوداڵ و هەزاران تەڵەی جۆراوجۆریان چاندبوو. لەگەڵ نێزیکبوونەوەی لەشکری عەرەب و هێزەکانی بەکرێگیراوی ناعەرەب، سوپای خۆرمدینان بەرەو گردەکانی نێزیکی قەلا هەڵاتن، موسڵمانە چەکدارەکان دوایان کەوتن، بەڵام بە هەسپ و چەکوچۆڵەوە لەنێو قوراو زەلکاوەکاندا چەقین، یان بوون بە تەڵەوە، ئەوجا هیزەکانی بابەک شۆڕبوونەوە خوارەوە و هێرشیانکردەوە سەریان و، لەنیویانبردن، ئەفشین بەدیتنی لەنێوچوونی سەربازەکانی بڕیاری کشانەوەی نەدا، فەرماندەکانی بانگهێشتکرد و ئاگاداریکردن هێزەکانیان بۆ جەنگێکی چارەنووسساز ئامادەبکەن. بەفەرمانی ئەفشین دەیانهەزار چەکدار بەرەو قەلای بابەک کەوتنەڕێ.

**سوپای خۆرمدین چاوەڕێی نێزیکبوونەوەی چەکدارەکانی ئیسلامیان دەکرد، هەزاران تەن بەردی گەورە و بچووکیان لەسەر قەلا کۆکردبووەوە، لەگەل نێزیکبوونەوەی سوپای موسڵمانان،**

لەهەموو لایەکەوە خڕکەبەرد و بەردی گەورە وەک سێڵا و باران، رژێندرا بەسەریاندا. ئەو ڕۆژە بەراستی بەردباران بوو، لەجیاتی باران بەرد دەباری. هەزاران سەربازی ئیسلام لەبەردبارانەکەدا تێداچوون، یان بەدەستوپێ و سەری شکاوەوە بەرەو دواوە هەڵاتن، بەڵام ئەفشین و فەرماندەکانی عەرەب بەخێرایی هێزی تازەیان دەگەیاندە بن دیوار و تاشەبەردەکانی قەڵا و، ڕێیان لە ورەبەردانی سوپاکەیان دەگرت، رۆژی دوایی دەمەوبەیان هێرش دەستپێکردەوە، پاش نیوەڕۆکەی لە چەندلاوە هێزەکانی ئیسلام توانییان بە دیوار و تاشەبەردەکانی قەڵادا سەرکەون و، دوای کوشتنی جەنگاوەرانی خۆرمدین، ئالای ئیسلام لەچەند سووچێکی قەلا بەرزبکەنەوە و بەدرۆشمی "الله اکبر" و شەکاندنەوەی ئالای ئیسلام، مزگێنی سەرکەوتنەکەیان بە ئەفشین و فەرماندەکانیان بگەیەنن.

بەفەرمانی ئەفشین ژمارەیەکی زیاتر بەرەو قەڵا هەڵکشان، بەڵام هێزەکەی خۆرمدینان ئامادە نەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن، سەرکەوتن یان مردن، رێگەی دیکە نەبوو. سوپای ئیسلام لەچەند لاوە بەرەو ناوەندی قەلا دەهاتنە پێش. بابەک بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی هێزەکەی و، بۆ ئەوەی بەتەواوەتیی ئاگاداری بارودۆخی نێو قەلا بێت، داوای وتووێژی کرد و، داوای لە ئەفشین کرد رێ لەهاتنی زیاتری هێزەکەی بۆ نێو قەڵا بگرێت. جاڕی ئاگربەسیان دا، کەمتر لە نیوسەعاتێ شەڕ راگیرا، هێزی ئیسلام چاوەڕێی فەرمانی

فەرماندە ئەفشینیان دەکرد. بابەک بەخێرایی هێزەپەرتوبلاوەکەی لەنیو قەڵادا کۆکردەوە ئاگاداریکردن، دەرفەت بهێنن، بەهێرشێکی خێرا هیزەکانی ئیسلام لەنێو قەڵا لەنێوبەرن، جەنگێکی سەخت دەستپێکردەوە، ژمارەیەکی دیکە لەهەردوولا کوژران، بەڵام سوپای بابەک بەهۆی قوربانیدانی زۆر و زۆربوونی لەشکری دوژمن، نەیتوانی لەوەزیاتر بەرگری بکات. سەرەنجام قەلای بابەک، قەڵای سەرۆکایەتیی گەورەترین شۆرشی کورد، لەڕۆژی 9ی مانگی رەمەزانی ساڵی 222 کۆچی- مانگی (مانگی ئەگوستی ساڵی 837ی زاینیی)، لەلایەن موسڵمانانەوە داگیر کرا.

بابەک، نان وخواردەمەنی چی لەبەردەست بوو، هەڵیگرت و لەگەڵ ژمارەیەک لە چەکدارەکانی و ژنەکەی و چەند کەسێ لەئەندامانی بنەماڵەکەی، بەڕێگەی رەهۆڵێکی نهێنیی کە پێشووتر لەنێو قەڵادا سازیانکردبوو، خۆیگەیاندە دەرەوەی قەڵا و بەپەلە دوورکەوتەوە. لەنێو قەڵا تاکوتەرا چەکداری خۆرمدین مابوون، لەنێو ماڵان و پەنادیوار و تاشەبەرد و پەناوپەسێودا خۆیان حەشاردابوو، ئامادەنەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەمانە ئەو چەکدارە عەرەب و ناعەرەبانەیان لەنێودەبرد کە بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەل و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و کچانی خۆرمدینان بە تەنیا و دوو دوو بەنێو ماڵاندا وەردەبوون، بەڵام زۆری نەخایاند لە رووبەڕووبوونەوەکاندا ئەمانیش تێداچوون. کاتێ ئەفشین دڵنیابوو قەڵا بەتەواوەتیی داگیرکراوە، فەرمانیدا خانووەکانی نێو قەڵا

بسووتێنن و، بابەک و فەرماندەکانی خۆرمدین بە زیندوویی یان بە کوژراویی بدۆزنەوە. دوای پشکنین و گەڕانی ورد بەنێو لاشەی کوژواو و بریندارەکاندا، ئەفشین زانی بابەک هەڵاتووە، فەرمانیدا شوێنیکەون. بابەک و هێزە بچووکەکەی لەگەڵی بوون، لەگەڵ ژمارەیەک لەئەندامانی بنەماڵەکەی، چەند جارێک لەگەڵ دەستەکانی پشکنینی ئەفشیندا رووبەڕوو بوونەوە، دوای لەنێوبردنیان و، بەدەم شەڕ و خۆدەبازکردنەوە، خۆیان لەنیو بێشەلان و دەوەن و شیوی سەرڕێی چۆمی ئاراس شاردەوە، بەبێ وەستان و بێ پشوودان لەچۆمی گەورەی ئاراس پەڕینەوە و بەرەو چیاسەرکێشەکانی ئەرمەنستان رۆیشتن. (**بەم شێوەیە 1200 ساڵ بەر لە پەڕینەوە بەناوبانگەکەی ژنەراڵ مستەفا بارزانیی لەچۆمی ئاراس، بابەکی خۆرمدین سەرکردەی مێژوویی شۆرشی خۆرمدینان لەچۆمی ئاراس پەڕییەوە! ئەمە لەلایەک بندەستبوونی کورد بەدرێژایی 1200ساڵ پێشاندەدات، لەلایەکی دیکەشەوە ورەبەرنەدان و بەردەوامیی کورد دەسەلمێنێ بۆ گەیشتن بەئازادیی، کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ بەرگریی لە خاک و ناسنامە و هەبوونی خۆی کردووە**).

گرتنی قەڵای بەناوبانگی بابەک، نەک هەر ورەی خەڵک و لایەنگرانی خۆرمدینانی تێکشکاند، بەڵکو تێکرای ئەو سەرۆکخێڵ و دەرەبەگە گەورانەی کە سەردەمێک لەترسا و بەناچاریی خۆیان بە پشتیوان و لایەنگری بابەک دەدایە قەلەم، بەناردنی باجوبەرتیل و نامەی تایبەت بۆ ئەفشین و خەڵیفە موعتەسەم، خۆیان و هۆز و جەماوەرەکەیان بە سەربازی ئیسلام و جێنشینی پێغەمبەر- خەڵیفە

**موعتەسەم دەدایەقەلەم و، بابەک و هێزەکەی خۆرمدینیان بە هێزێکی دڕندە و بێدین نێودەبرد، بە لەنێوچوونی سوپای خۆرمدین پێخۆشبوون و شادمانییان دەردەبڕیی، مەڕوماڵاتیان سەردەبڕی و خێراتیاندەکرد. شازادە ئەفشینیش کە پێویستی بە پشتیوانیی سەرۆکخێڵی ناوچەکان بوو، رەزامەندیی خۆی و خەڵیفەی لە پشتیوانی و یارمەتییان دەردەبڕی، بانگهێشتیدەکردن بۆ لای خۆی، لە خێوەتی خۆی چەند هەنگاوێک دەهاتەدەرەوە، لە ئامێزی دەگرتن و، مێوانداریی گەرمی لێدەکردن. بەکورتی لەنێوچوونی شۆرشی خۆرمدینان هەلیدایەوە دەستی سەرۆکهۆزەکان و بازرگان و چینی دەولەمەند کە زەویوزار و کێڵگە و سامانیان لەدەستی هەژاران بهێننەدەرەوە و، وەک رابردوو بەئارەزووی خۆیان خەلکی هەژار و دەستکورتی گوند و شارەکان بچەوسێننەوە. شانبەشانی ئەم گۆرانکارییە سەربازییانە و، سەرکەوتنی سوپای ئیسلام لەجەنگی درێژخایەنی لەبەرامبەر سوپای خۆرمدین، بە هەموو ناوچە و هەرێمەکاندا جارچییەکان فەرمانی خەڵیفە موعتەسەم و ئەفشینیان بلاودەکردەوە، هەرکەسێک بابەک بکوژێ، یان بەزیندوویی تەسلیمی سوپای ئیسلامی بکا، خەلاتی دەکرێ و باری هوشترێک زێڕوزیوی پێدەدرێ. بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی بەدرۆی بابەک لێرەولەوێ و، لەهەموو گوندوشارێک، هێندەی دیکە ورەی بەخەڵک بەردابوو.**

ئەفشین لەڕێگەی سیخوڕەکانییەوە زانی، بابەک لەسنووری نێوان **ئەرمەنستان** و **کوردستان** لەدۆڵێکی رژد و بێشەلانی پڕ دارو هەژگ

و دەوەن دایە کە پشتیداوە بە کوێستانەبەرزەکانی ئەو ناوچەوە. ئەفشین کە مۆری تایبەتی خەڵیفە موعتەسەمی لەلابوو، بەناوی خەڵیفەوە نامەیەکی نووسی و دای بە یەکێ لەکوڕەکانی بابەک کە لەقەڵادا بەدیل گیرابوو- لەگەڵ دووچەکداری دیکەی بەدیلگیراوی خۆرمدین کە بیبەن بۆ بابەک. لەنامەکەدا نووسرابوو: **"گەر خۆت بدەی بەدەستەوە، خۆت و ژنومندال و خزمانت بەر لێبوردنی خودا و پێغەمبەری موسڵمانان دەکەون، ئاینی ئیسلام ئاینی لێبوردن و ئاشتی و برایەتییە..."** .

هاوکات لەگەڵ بەڕێکردنی کوڕەکەی بابەک بەنامەی خەڵیفەوە بۆ لای باوکی، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی هەڵگرت، ولەتاریکی شەودا بەبێدەنگی و بێ خشپە و تەقەوڕەقە خۆیان لە حەشارگەی بابەک نێزیککردەوە و، گەمارۆی دۆلەکەیاندا. درەنگانێکی شەو پاسەوانەکانی بابەک ئاگاداری هاتنی کوڕەکەی دەبن، دەیبەن بۆ لای باوکی. بابەک بێئەوەی چاو لە نامەکە بکات، دەڵێ: **کوڕم نامەکە بەرنەوە، لێبوردنی خەڵیفە پێشکێشی خۆی بێت. خۆم بەدەستەوەنادەم، مردنم گەلێک لەلا پیرۆزترە!"**.

لە سەدانهەزار چەکداری ئازا و دوژمنتۆقێنی خۆرمدین، ئێستا سەدکەسێ لەبنەماڵە و هاوڕێیان و چەند فەرماندەیەک و **ژمارەیەک شەڕڤانی ئازای لەگەڵ ماوە. کۆبوونەوەیەک دەگرن و تێکڕایان تکا لە بابەک دەکەن خۆی دەرباز بکا و دەڵێن: "کوژرانی تۆ کۆتایی بە شۆڕشەکە و ورە و "ڤین" (ارادە)ی خەڵک دێنێ، مانەوەی تۆ هەستی**

**بەرخۆدان و سەرهەڵدانی دوبارە لە دڵی خەڵکەکەمان دەهێڵێتەوە، لەبەر ئەوە، ئیمە گیانی خۆمان بەختدەکەین بۆ ئەوەی تۆ نەکەویتە دەستی ئەفشینی خۆفرۆش و سوپای داگیرکەری ئیسلامەوە".**

ماڵئاوایی لەیەکتردەکەن، بابەک و ژنەکەی و دەنەفەر چەکداری ئازا، لەتاریکیی شەودا لە دۆڵەکە دەچنە دەرەوە و، تاکو بەرەبەیان ڕێدەپێون وبەرەو بەرزایی شاخەکان دەڕۆن. شەبەق لەئاسۆوە سەرهەڵدێنی، هێزەبچووکەکەی خۆرمدین کە لەنێو دۆڵەکەدا ماون، بۆ دڵنیابوون لەدوورکەوتنەوەی زیاتری بابەک، سەرنجی هێزەکانی دوژمن بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، هەڵدەکوتنە سەر چەکدارانی ئەفشین، چەند کەسێکیان لێدەکوژن، لەهەموو لایەکەوە هەزاران چەکداری موسڵمان بەرەو شوێنیَ شەڕەکە هێرشدەبەن، دەستەبچووکەکەی خۆرمدین گەمارۆدەدەن، هێندێکیان تەسلیم نابن و، تا مردن شەڕ دەکەن، چەند کەسێکی دیکەشیان شمشێرەکانیان فڕێدەدەن و، خۆیان تەسلیم دەکەن. چەکدارانی ئیسلام، سەری کوژراوەکان دەبڕن و، لەگەڵ دیلەکان دەیانبەن بۆ خێوەتی فەرماندەیەتیی ئەفشین.

**ئەفشین چاوێک بەدیلەکاندا دەخشێنێ، جارێکی دیکە بابەک لە مردن رزگاری بووە و هەڵاتووە! بەپەلە، تەتەر و نوێنەر دەنێریَ بۆ نێو هۆز و خێڵەکانی هەرێمی ئەرمەنستان، ئاگاداریاندەکەنەوە، هەرکەسیَ نان بە بابەک بدا و بیشارێتەوە، نەک هەر خۆی، بەڵکوو بنەماڵە و هۆزەکەشی لە نێودەبرێن، هەر کەسێکیش بتوانێت بابەک**

**بەزیندوویی تەسلیمی سوپای ئیسلام بکا، ئەوا خۆی و هۆزەکەی وەکوو برا و هۆزێکی موسڵمان و پشتیوانی ئیسلام چاویان لێدەکرێ، پاداشی گەورەیان دەدرێتێ و، لەو دنیاش بەهەشت بە نەسیبی خۆیان دەکەن!.**

ئێستا بابەک خۆی ماوە و، ژنەکەی و دەکەسێ لە هاوبیرانی. دوای چەندرۆژ خۆشاردنەوە لەئەشکەوت و لووتکەی شاخان، برسێتی تینیان بۆ دێنێ. لەبەرزاییەوە بەچواردەوردا دەڕوانن، ئاسەوارێک لەبوونی سوپای ئیسلام بەدیناکەن. بابەک یەکێ لە چەکدارەکانی دەنێرێ بۆ نێو ئاواییەکی بناری شاخەکە بۆ هێنانی نان و خواردەمەنیی. چەکدارەکە بۆ ئەوەی شناسایی نەکرێ، شمشێر و تیروکەوانەکەی دادەنێ و، بەرەو گوند شۆڕدەبێتەوە. دەچێتە بەردەرگەی ماڵێک داوای نان دەکا. خانەخوێ لەزمانی تێناگا، هاوسێ ودراوسێ ئاگاداردەبن، هەواڵ دەگاتە ئاغای گوند کە ناوی **"سۆنبات"** دەبێ. سونبات بەچەکدارەکەی بابەک دەڵێ، دەزانم بابەک لەم نێزیکانەیە، بڕۆ پێی بڵێ خۆم و هۆزم لەخزمەتیداین، ترسی هیچی نەبێ، ئێمە دەیپارێزین!

بابەک بەرەو گوند دەچێ، لەلایەن سونباتەوە پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێ، خواردنەوە و خواردەمەنیی باشیان بۆ دادەنێن. پاش نانخواردن، پشوویەک دەدەن و دەحەسێنەوە، ئەوجا بابەک ڕوودەکاتە براکەی و پێیدەڵێ: **"باشوایە لەیەکدی جیاببینەوە، لەوانەیە پیلانێک لەدژمان بگێڕن، با پێکەوە نەکەوینە داو!"**. بابەک، براکەی

دەنێرێ بۆلای هاوڕێیەکی باوەڕپێکراو و جێمتمانەی بەناوی "**عیسای کوڕی یۆسف**". جارێکی دی ئەفشین چەند دەستەیەک شەڕکەر و تەتەر دەنێرێ و، بە گوندەکاندا **جاڕدەدەن، هەرکەسێ بابەک بە زیندوویی تەسلیمی فەرماندە ئەفشین بکا، باری چەندین هوشتر زێڕوزیوی پێشکێشدەکرێت. بەڵام بابەک لە نێو هەر گوند و هۆزێک بدۆزرێتەوە، دانیشتوانی گوندەکە و تێکڕای هۆزەکەیان سەردەبڕدرێن!**

**سونبات، لەترسا، یان لەتەماحی وەرگرتنی باری چەند هوشتر زێڕوزێو، هەواڵەکە دەگەیەنێتە ئەفشین و، ئاگاداریدەکا کە بابەکی لای خۆی گل داوەتەوە. ئەفشین سیخوڕ دەنێرێ و، دڵنیادەبێ هەواڵەکە راستە، زیاتر لە سی هەزار ( (30000) چەکدار بە فەرماندەیەتی ئەبوو سەعید محەممەد کوڕی یوسف دەنێرێ کە بابەک بەزیندوویی بگرن. سونبات، داوا لە بابەک دەکا پێکەوە بچن بۆ ڕاو. لەم لاشەوە شوێنی راوەکە بۆ هێزەکەی دوژمن دیاریدەکا. بابەک خۆی و سێ لە هاوڕێیانی لەگەڵ سونبات دەگەنە دۆڵێک، سونبات خۆی دەدزێتەوە، هەزاران چەکداری ئیسلام گەمارۆیان دەدەن. بابەک بەزیندوویی دەگرن، دەستوێیی بەزنجیردەبەستنەوە و، لەڕۆژی15/8/837ی زایینیی دەیبەنە ئۆردووگای ئەفشین. رۆژێ دواتر براکەشی (عەبدوڵڵا) بە خیانەتی خانەخوێکەیەوە (عیسای کوڕی یۆسف) دەگیرێ و تەسلیمی ئەفشین دەکرێت. ئەفشین هێزێک لە سوارچاکانی خۆی دەنێرێ کە بە پەلە هەواڵی گرتنی بابەک**

**بگەیەننە خەڵیفە موعتەسەم! خەڵیفە بەبیستنی هەواڵەکە، پەیامهێنەرەکان خەڵات دەکا و، نامەیەک دەنووسێ بۆ ئەفشین و ئاگاداریدەکات لە شاری "سامەرا" یەکتری ببینن.**

سوپاسالاری ئیسلام ئەفشین، دەستیکرد بەبژاردنی دیلەکان. بەپێی هێندێک سەرچاوە ژمارەی دیلەکان سێهەزار و سێسەد و نۆکەس، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی دیکە ژمارەیان 7600 کەس بوو. ژن و پیاو و لاو و کچ ومنداڵ و پیر خڕکراونەوە، دوای لێکۆڵینەوە لەسەر پلەی بەرپرسیارەتییان لە سوپای خۆرمدین و پێوەندیی خزمایەتییان بە بابەکەوە، لیستی ناوی هەموویان تۆمارکرا، ئەوجا ئەفشین، لەنامەیەکی تردا خەڵیفە موعتەسەمی لە ژمارەی دیلەکان ئاگادارکردەوە. موعتەسەم لەگەڵ خوێندنەوەی هەوالەکە، جارێکی تر جەختی کردەوە، بەپەلە بابک و دیلەکان بگەیەننە **"سەرمەن ڕا" (سامڕا).**

**لەنیوەی مانگی رەزبەری ساڵی 837ی زایینی، بابەک و براکەی و ئەندامانی بنەماڵەیان لەگەڵ هەزاران بەدیلگیراوی دیکەی خۆرمدین بەرەو سامەرا نێردران. دەیانهەزار چەکداری سوپای ئیسلام لەگەڵ کاروانی دیلەکان بوون.** بەفەرمانی خەڵیفەی موسڵمانان، بەدرێژایی هەزاران فرسەخ لە کوردستانەوە تاکو سامەڕا، چەکداری سوار دامەزران، بۆ ئەوەی فرسەخ بە فرسەخ و شەووڕۆژ و دەمژمێر بە دەمژمێر لەنێزیکبوونەوەی کاروانی بابەک و دیلەکان ئاگاداربێت. لەگەڵ بڕینی هەر فرسەخێ، موعتەسەم هەسپێکی رەسەن و باری

هوشترێک زێڕی بەدیاری دەنارد بۆ ئەفشین. ئەفشین لەبڕینی ڕێگە و گواستنەوەی دیلەکان بەرەو سامەرا پەلە نەکرد، فەرمانیدا بەکاوەخۆ و بەوریایی ڕێگە ببڕن. بۆ ڕێگرتن لەهێرشی پاشماوە و لایەنگرانی سوپای خۆرمدین لەکاتی ڕۆیشتندا چەکداری سوارە بەچواردەور و لەپێشەوەی کاروانەکەدا دەگەڕان. دەگەیشتنە هەر شار و مەڵبەندێکی کوردستان بەفەرمانی شازادە ئەفشین هۆردوو لێدەدرا. چەند ڕۆژێ دەمانەوە، جەماوەریان کۆدەکردەوە، سەرۆک بابەک و فەرماندەکان و دیلەکانیان پێشاندەدان  کە بەکۆتوقفڵ و زنجیرەوە لەنێو قەفەس کرابوون. هەڕەشەیان دەکرد و دەیانگوت: **"ڕێگەی ئیسلامەتی هەڵبژێرن، ئەوی دژایەتیی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکات، ئاکام و چارەنووسی وەکو بابەک و پێڕەوانی دەبێت".**

**کاروانی بابەک و دیلەکان، تاکو گەیشتن بە کوشتنگە ماوەی سێ مانگ و نیو ڕێگەیان بڕیی. پێیاننایە دەشتاییەکانی گەرمێنەوە. ئەفشین لەشوێنێ بەناوی "تاسول" هۆردووی لێدا کە پێنج فرسەخ لە شاری سامەڕاوە دوور بوو. مەعتەسەم لەگەڵ کاربەدەستێکی گەورەی بەناوی "قازی ئەحمەد ئەبی داوود" بەنهێیی چووە نێو هۆردووگەی ئەفشینەوە بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی بابەک ببینێت. کاتێ لەنێزیکەوە چاوی بە بابەک کەوت، هەردوودەستی بەروومەتیدا هێنا و سوپاسی خودای کرد! بە ئەفشینی گوت، سبەی لە سامەرا چاوەڕێتانم، بەپەلە لە هۆردووگە چووەدەرێ و، بەکەیفخۆشی بەرەو سامەڕا گەڕایەوە.**

بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە پێش هەڵهاتنی هەتاو ئەفشین کەوتەڕێ و، لای نیوەڕۆ گەیشتە سامەڕا. جارچییەکان بەدرێژایی سەدان کیلۆمەتر هەواڵی گیرانی بابەکیان بڵاودەکردەوە ، داوایان لەخەڵک دەکرد بچن بۆ تەماشای سەربڕینی بابەک. حەشامەتێکی زۆر ڕژابوونە شەقامەکانی "باب العامە" و "مطیرە". بەفەرمانی خەڵیفە، هەموو وەزیر و کاربەدەستانی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی بۆ ڕێزلێنان لە ئەفشین لەخێوەتەکانیان هاتنە دەرەوە و سڵاویان لە ئەفشین کرد و، پیرۆزباییان لێکرد بۆ سەرکەوتنی بەسەر سوپای خۆرمدین وگرتنی بابەک. یەکێ لە مێژوونووسانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بەناوی "محەممەد کوڕی حسێن بێهەقی" کە خەڵکی شاری "سەوزەوار"ی باکووری ئێرانە و لەساڵی 995 بۆ 1043ی زایینیی ژیاوە. دەڵێ: "لەوەزیرانی گەورەی حکوومەتی ئیسلامیی "حەسەنی کوڕی سەهل" و ژمارەیەکی دیکەیان ناڕازیبوون و پێیاننناخۆشبوو بچنە پێشوازی ناعەرەبێکەوە، بەڵام نەیانوێرا لەفەرمانی موعتەسەم سەرپێچی بکەن!".

هۆی ئەم پێناخۆشبوونەی وەزیرەکانی موعتەسەم بۆ چوونە پێشوازی شازادە ئەفشین لەوەوە سەرچاوەیدەگرت، دووسەت ساڵێک بوو ئاینی ئیسلام بڵاوببووەوە و بەهۆی فەرمانڕەوایەتیی گەلی عەرەب بەسەر گەلانی ناوچەکە، بیری ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزیی لەنێویاندا پەرەیسەندبوو. لەنێو خۆیان و لەنێو گەلانی ناعەرەبی موسڵمان، . گەلی عەرەب بە گەلێکی پیرۆز لەقەلەم دەدرا،

چۆنکە پێغەمبەری ئیسلام محەممەد عەرەب بوو، زمانی عەرەبییش بوو بە زمانی پیرۆز، چۆنکە قورئان بەو زمانە لەئاسمانەوە هاتبووە سەر زەوی. ئەوجا بندەستکردنی گەلانی دیکە و بەدیلگیرانی دەیانهەزار لەو هۆز و گەلانەی کە شەڕی سوپای ئیسلامیان کردبوو، بە ژن و پیاوەوە بوونە بەردەست و کۆیلە و خزمەتکاری عەرەب و، رۆلی کاریگەریان بینی لەبڵاوبوونەوەی بیری رەگەزپەرستی و خۆبەزلزانیی لەنێو عەرەبدا.

لەڕۆژی 7/1/838 ی زایینیی بەفەرمانی موعتەسەم، گەورەترین مەشقی سەربازیی بەڕێوەچوو. هەزاران چەکداری سوار ئەمبەروئەوبەری شەقام وگۆڕەپانەکانیان گرتبوو. حەشیمەتێکی زۆری عەرەب بۆ تەماشای سەربڕینی بابەک رژابوونە سەر شەقامەکان وگۆڕەپانی شاری سامەڕا. بابەک و براکەی سواری دوو فیل کرابوون. فیلەکەی بابەک دیاریی شای هێندستان بوو بۆ خەڵیفە موعتەسەم کەساڵێک پێشتر ناردبووی بۆی. بۆ سووککردنی بابەک لای جەماوەر، فیلەکە بە خەنە رەنگکرابوو، جلوبەرگێکی ژنانە کە رەنگێکی سووری تۆخی هەبوو کرابووە بەری بابەک وبراکەی. کڵاوێ لەپێستی سمۆرەیان لەسەر دانابوون. سەکۆیەکی تایبەت بۆ دانیشتنی موعتەسەم و کاربەدەستان سازکرابوو، لەلایەن پاسەوانی تایبەتەوە، بابەک بەسواری فیلەوە برایە بەر سەکۆکە. بە ئاماژەی موعتەسەم، بابەک لە فیل هێنرایە خوارەوە، بەڵام براکەی بەسەر فیلەوە هێڵرایەوە بۆ ئەوەی شاهیدی چۆنێتیی کوژرانی بابەک بێت.

**"محەممەد کوڕی عەبدولمەلک ئەلزیات" شاعیری عەرەب هاتە پێشەوە و، بەدەنگی بەرز ئەم شێعرەی خوێندەوە:**

**قد خضب الفیل کعاداته یحمل شیطان خراسان**

**ولفیل لاتخضب اعضاوه الی الذی شان من شان**

**واتە: " فیل خووی بەرەنگکردن گرتووە، شەیتانی خۆراسانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. فیل لەشی خۆی بۆ کەسێ رەنگدەکا، پێگەی لەسەرووی خەڵکی دیکەوە بێت!**

هۆنراوەی ئەم شاعیرەی عەرەب بەڵگەیەکی مێژوویی دیکەیە بۆ **کوردبوونی بابەک و، دڵنیابوون لەم راستینە گرنگ و مێژووییە** کە بابەک کچەزای سەرکردەی ناودار و مێژوویی **کوردەکانی خۆراسان "بێزادان"** (ئەبوموسلم خۆراسانی) بووە. **محەممەد عەبدولمەلیک ئەلزیات** شاعیری عەرەب لەبۆنەی تایبەتی سەربڕینی بابەک، لەبەردەم خەلیفە و دەیانهەزار بەشداربووی بۆنەکەدا دەڵێ: **فیلەکە هەڵگری شەیتانی خۆراسانە!** واتە زێدی لەدایکبوونی بابەک بەخۆراسان نێودەبات. ئێمە ئەمە لەهیچ **سەرچاوەیەکی نووسەرانی فارسدا نابینین. هەموو نووسەرانی فارس، خەباتی سەدان ساڵ پێشی کوردەکانی خۆراسان و گەلی بەلووچی بەڕەگەز کورد و جەماوەری ناوچەجیاجیاکانی کوردستان بە "ایران" و "ایرانیان" نێودەبەن، لەکاتێکدا نێوی ئێران وەک چەمکە سیاسییەکەی، یەکەمجار لە شۆرشی مەشرووتە و لەسەردەمی حکوومەتی موزەفەردینشای قاجاڕ،** لەلایەن شۆرشگێڕان و رۆشنبیران و

تێکنۆکراتەکانی گۆڕانخوازەوە کەوتە سەر زارانەوە. تەنانەت زانای گەورەی فارس **مامۆستا سەعید نەفیسی** کە خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەی مێژووییە و، لەپەرتۆکە مێژووییەکەیدا بەناوی **"بابک خرم دین دلاور آذربایجان"**، لەگەڵ ئەوەی هۆنراوەی ئەم شاعیرە عەرەبەی نووسیوە، بەڵام لەهیچ بەرهەمێکیدا بەلای کورددا نەچووە و، هەرچی پێوەندیی بەکوردەوە هەیە بەنێوی **"جبل" و "ایران"** و **"ایرانیان"** تۆماریکردووە. هیچ روونکردنەوەیەکی لەسەر ناوەرۆکی شیعرەکە نەنووسیوە. ئەمەش دزینی مێژووی پڕلەسەروەریی کوردە کە بەشێوازێکی سیستەماتیک و پلانبۆدارێژراو ماوەی سەتساڵێکە بۆ ونکردنی ناسنامە و مێژووی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە بەتایبەتیی گەلی فارسی دەسەڵاتدار لەدژی نەتەوەی کورد بەرێوەچووە و، دەچێت.

**ئەبووحەنیفە دینەوەری، کوردی دینەوەری سەر بە ناوچەی کرماشان کە لە 828 بۆ 889ی زایینیی بەرامبەر بە 222 بۆ 282ی کۆچی- مانگی ژیاوە و، چەندین بەرهەمی مێژوویی هەیە و، نووسینەکانی لەگەڵ زۆرینەی نووسەران و مێژوونووسانی عەرەب و ناعەرەبی موسڵمان، بەدوور لە دەمارگرژی ئاینی ورەگەزیی نووسیوە و، پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوە و بەڵگەی مێژوویی نووسەران و مێژوونووسانی پێش خۆی**، لەبارەی رەچەڵەکی بابەک لەپەرتۆکی **"اخبار الطوال"** ئاوای نووسیوە: **"پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت بۆم و، بۆم سەلمێندرا کە بابەک کوڕی "فاتمە" کچی**

ئەبوومو‌سلمی خۆراسانییە! هە ر لەبەر ئەمەشە بەشێک لە خۆرمدینان نێوی "فاتمییە" یان لەسەر خۆیان داناوە".

* * *

**پاش ئەم روونکردنەیە دێمەوە سەر پرۆسەی سەربڕینی بابەک و کوردانی خۆرمدین!**

جموجوڵێکی زۆر کەوتبووە نێو حەشیمەتەوە، هەرکەسەو هەوڵیدەدا لەنێزیکەوە بینەری سەربڕینی بابەک بێت. شادمان و کەیفخۆشبوون. قیرەوبانگ و هەراوزەنای خەڵک هەموو شارو دەوروبەری گرتبووەوە، بەوتەی موسڵمانان: "دەتگوت رۆژی حەشرە!". موعتەسەم فەرمانی بە بکوژ کرد، دەستپێبکا! بکوژ لەپێشدا دەستی راستی بابەکی لەبنەوە بڕییەوە، بابەک دەستی چەپی گرتە بەردەمارەکانی دەستی راستی و خوێنەکەی بەرووومەتیدا هێنا. موعتەسەم گوتی: "ئەی سەگی پیس ئەمەت بۆ کرد؟ بابەک گوتی: "بڕینەوەی دەستوپێم و خوێن لەبەر رۆینم، رەنگم زەرد دەکا، نامەوێ لە رەنگی زەردم وا تێبگەی لە مردن دەترسم!". بکوژ دەستی چەپیشی لەبنەوە بڕییەوە، هەر دوو ئەژنۆی لە لەشی جیاکردەوە، ئەوجا هەردوو ڕانی لەبنەوە بڕییەوە، بەساتوور و خەنجەر نێوسکی هەڵکۆڵی و جەرگودڵی رژاندە سەرزەوی. مەعتەسەم و کاربەدەستان و حەشامەتەکە کە لەنێزیکەوە شاهیدی پارچەکردنی ئەندامانی لەشی بابەک بوون، شادمان بوون و پەیتا پەیتا درۆشمی "الله اکبر" یان دەگوتەوە.

**دوای کۆتاییهاتنی بۆنەی سەربڕینی بابەک، ئەوجا دیلەکان ریزکران، یەکە یەکە دەهێنرایە بەر سەکۆی دانیشتنی موعتەسەم و وەزیرەکانی، پرسیاریان لێدەکرا: دەبن بە موسڵمان یان لەسەر بێدینیی خۆیان دەمێننەوە؟ ئەو کەسەی باوەڕی بە ئیسلام نەدەهێنا، هەر لەوێ سەری دەبڕدرا، ئەوی دوایی کە دەهێنرایە پێشەوە، بەچاوی خۆی سەری براوی باوک، برا یان هاوڕێ و خزمی خۆی دەدیت. بەم شێوەیە لەو هەزاران دیلە، زۆربەیان ئامادەنەبوون خیانەت لە بابەک و هاوڕێیان وریێبازیان بکەن و، سەریان بە بڕین چوو. ئەوانەی بوونە موسڵمان، موعتەسەم خەڵاتی کردن و ژن و منداڵی گێڕایەوە بۆیان. براکەی بابەک (عەبدوڵڵا) برا بۆ بەغدا و لەلایەن "ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم مەسعەبی" یەوە هەر بەو شێوەی بابەک، ئەنجنئەنجنکرا و چەند مانگێ پارچەکانی لەشی بە گۆڕەپان و کۆڵانەکانی شاری بەغدا بەهەڵواسراوی مایەوە.**

فەرماندرا هەر پارچەیەکی لەشی بابەک بەشەقام و جادە و کۆڵانەکانی شاری سامەڕادا هەڵواسن، ئەوجا سەری براوی برایەوە بۆ کوردستان و شار بەشار و ناوچە بە ناوچە جارچییەکان بەئالای ئیسلام و بەگوتنەوەی درۆشمی **"الله اکبر"** وە ، سەری بابەکیان پێشاندەدان کە بەسەر دارێکی درێژەوە هەڵواسرابوو، دەیانگوت: **ئەمە سزای هەر کەسێکە دژی خودا و پێغەمبەری ئیسلام وئاینە پیرۆز وئاسمانییەکەی بوەستێ!**

ترس وشین و ماتەم باڵی بەسەر کوردستان و هەموو ئەو هەرێمانەدا کێشابوو کە پێڕەوان و لایەنگرانی ڕێبازی خۆرمدینی لێدەژیان. لەکوردستانەوە سەری بابەک برا بۆ نێو کوردستانی خۆراسانێ، بۆ ئەوەی لایەنگرانی **"بێزادان" (ئەبوومۆسلم خۆراسانی و بابەکی خۆرەمدین)** بەچاوی خۆیان کەللەی ببینن و، لە مردنی دڵنیابن و، بیری سەرهەڵدان و دژایەتیکردنی ئیسلام لەمێشکیان بەرنەدەرێ.

بابەک تەنیا کچێکی بوو، کچەکەی بابەک لەگەڵ ژن وکچەکانی براکەی و ژنوکچانی ئەوجەنگاوەرانەی  سەریان بڕدرا، لەنێوان خەڵیفە موعتەسەم و کاربەدەستاندا دابەشکران. خەڵیفە موعتەسەم کچەکەی بابەکی برد بۆخۆی. لەم بارەوە **"خواجە نزامەلمولک" لە پەرتۆکی بەناوبانگی "سیاسەتنامە" دا نووسیویەتی: "دوای کوژرانی بابەک، بەفەرمانی موعتەسەم، لەنێو کۆشکی خۆیدا خووانێکی گەورەی بۆ سازدرا. موعتەسەم پاش تاوێ لەسەر سفرەی خواردن و شەراوخواردنەوە هەستا و چووە هۆدەیەکەوە، زۆری پێنەچوو هاتەوە سەرخووان و پێکی شەراوی هەڵدایەوە، دیسان هەستایە سەرپێ و، چووە نێو هۆدەیەکی دیکەوە، پاش تاوێ لەو هۆدەیەش هاتەدەرەوە،  پێکێکی تر شەراوی هەڵدا و، چووە هۆدەیەکی دی، ماوەیەکی پێچوو، هاتەدەرەوە، چوو خۆی شۆرد، دەستنوێژی گرت و چووە شوێنی نوێژخوێندن، نوێژێکی کورتی خوێند و، دووجار کڕنۆش (رکعت) ی برد، هاتەوە سەر خووانی خواردن و خوارنەوە.**

**یەکێ لە وەزیرەکانی بەناوی "قازی یەحیا" لێی پرسی: گەورەم ئەم نوێژە چی بوو! هێشتا کاتی نوێژ نییە؟ موعتەسەم گوتی: ئەم نویژ وپەرستکارییەم بەبۆنەی یەکێ لەو هەزاران خێروخۆشییانەیە کە خودێی گەورە بەخشیویەتی پێمان. ئەمڕۆ پەردەی کچێنیی سێ کیژم دڕیی، هەرسێکیان کچی سێ دوژمنی گەورەم بوون، یەکەمیان کچی بابەک، ئەوی دی کچی سوڵتانی رۆمی رۆژهەڵات، سێیەمیشیان کچی "مازیار (14*)"ی بێدین!".**

یەکێکی دیکە لەکاربەدەستانی دەزگەی حوکمڕانیی موعتەسەم بەناوی "**حەمدون کوڕی ئیسماعیل**" لەو بۆنە تایبەتەی موعتەسەمدا بەشداربووە و، نووسەری عەرەب "**یاقووت**" لە پەرتۆکی "**معجم الادبا**" لەزمانی **حەمدوون ئیسماعیلەوە** ئاماژەی بە گێڕانەوەی رووداوەکە کردووە.

**محەممەد جەریر تەبەری** مێژوونووسی بەناوبانگی ئیسلام لە پەرتۆکە مێژووییەکەی بەناوی "**تاریخ الامم و الملوک**"، (**مێژووی گەلان و سوڵتانەکان)** نووسیویەتی: "**دوای سەرکەوتنە گەورەکەی ئەفشین و لەنێوبردنی شۆرشی مەزنی خۆرمدینان، موعتەسەم حوکمڕانیی ئەرمەنستان و هەموو کوردستانی دایە دەستی ئەفشین، جگە لەوە هەزاران هەسپ و چوکوچۆڵی جەنگی و زێڕوزێوی زۆری پێبەخشی**".

**نزامەلموڵک**، شکستی بابەک و ئیمپراتۆریی رۆمی رۆژهەڵات **(بیزانس)** و، لەنێوبردنی بزووتنەوەی "**مازیار**" **لە تەبەرستان**

**(باکووری ئێران)** کە هاوپەیمانی نێزیکی بابەک و سوپای خۆرمدین بوو، بەسێ سەرکەوتنی مەزن نێودەبا کە ئیمپراتۆریی ئیسلامیی لەزەمانی خەڵیفە موعتەسەمی عەباسی بەدەستیهێنا.

## زمان، ئاین، ولات و جەنگەکانی سوپای خۆرمدین لەزمانی مێژوونووسانی عەرەب و ناعەرەبەوە!

هیچ بزووتنەوە و راپەڕینێکی جەماوەریی لەدژی دەسەلاتداریێتیی ئیسلامیی، بەڕادەی شۆرشی خۆرمدینان بەسەرۆکایەتیی بابەکی خۆرمدین لەنووسینی مێژوونووسانی موسڵماندا رەنگینەداوەتەوە. لەماوەی چەندسەتساڵێکدا ئیمە دەیان پەرتۆک و وتار و لێکۆڵین لەبارەی بابەک و شۆرشی خۆرمدینان و ئامانج و بیروباوەڕیانەوە دەبینین. زۆربەی نووسینەکانیش تەژین لە بوختان و درۆ و ناساندنی سوپای خۆرمدین بە کۆمەلێک بێدینی دڕندە و بێڕەوشت کە تەنیا بیریان لەخواردنەوە و مێبازی و کوشتن کردووەتەوە.

**سەرچاوەکان دەلێن سوپا بەهێز و سام وتۆقێنەرەکەی بابەک لە سەدانهەزار چەکداری پەروەردەکراوی خاوەن بیروباوەڕ پێکهاتبوو. ئەم سوپایە سەدان هێرشی گەورە و بچووکی سوپای ئیسلامی تێکشکاند سەتانهەزار موسڵمان و، دەیان فەرماندەی گەورە و بچووکی سوپای عەرەب و ناعەرەبی بەدیلگرت و لەنێوبردن. لەم بارەوە، جوگرافیناس و مێژوونووسی گەورەی سەردەمی "عەباسییەکان"، مەتهەر کوڕی تاهیر موقەدسی کە خەڵکی فەلەستین بووە و، یەکێ بووە لە جۆگرافیناس و مێژوونووسانی سەردەمی دەسەلاتداریێتیی عەباسییەکان، لە پەرتۆکی "البداء التاریخ" لە بەرگی (پێنجەم و شەشەم) دا لێکۆڵینێکی وردی لەبارەی بابەک و شۆرشی خۆرمدینانەوە**

کردووه و، دەڵێ: "سوپای خۆرمدین بە سەرۆکایەتیی بابەک لەماوەی بیست ساڵدا 300000 (سێسەت هەزار) موسڵمانی عەرەب و ناعەرەبیان کوشت.

فەیلەسووف، ماتماتیکزان، زمانناس و زانای گەورەی ئیسلامیی ئەبوو مەنسوور بەغدادی بەرەگەز کوردی خۆراسان کە لەساڵی 980 بۆ 1037ی زاینی ژیاوە، لە پەرتۆکی "الفرق بين الفرق"دا دەڵێ: خۆرمدینان بەسەرۆکایەتیی بابەک لەزەمانی دەسەلاتدارێتیی ئیسلامیی لە "محمرە" خۆیان ئاشکراکرد، خەڵکێکی زۆریان کوشت و، ژمارەی چەکداریان 300000 سێسەت هەزار بوو. دواتر کوێستانی "بەزین" یان کردە ناوەندی دەسەلاتیان. دوای بیست ساڵ شەڕ و خوێنڕشتن، لەزەمانی خەلیفە موعتەسەم، بابەک و براکەی گیران و لەشاری "سەرمەن ڕا" (سامەڕا) لەدار دران.

هەروەها "نزامەلموڵکی تووسی" لە پەرتۆکی 'سیاسەتنامە" دا دەڵێ: "یەکێ لە "بکوژ" (جەللاد) ەکانی بابەک بەناوی "نەوزەر" بە دیل گیرا. پرسیانلێی چەند کەست کوشتووە؟ لەوەرامدا گوتی: " ئێمە بیست بکوژ بووین، وەکو بکوژەکانی دی زۆر چالاک نەبووم، بۆیە نەمتوانی زیاتر لە 20000 (بیست هەزار) موسڵمان سەربڕم!".

"ابن العبرى" لە پەرتۆکی "مختصر الدول" نووسیویەتی: "تەنیا ژمارەی چەکدارانی سوارەی بابەک 20000 کەس بوون. هەر موسڵمانێ دەکەوتە دەستیان، لە ژن، منداڵ، پیاو یان گەنج زۆر

دڕندانە پارچە پارچەیاندەکرد و، لاشەیان دەکردە خۆراکی باڵندە و دڕندەی کێویی. سەرجەم 250000 موسڵمان لەلایەن سوپای خۆرمدینەوە کوژران. هەروەها "عوفی" لە "جوامع الحکایات" دا دەڵێ: "لە مێژووەکەی "موقەدسی" دا هاتووە کە ئەم خێڵە "هەزار هەزار (یەک ملیۆن) موسڵمانیان کوشتووە.

محەممەد کوڕی خواوەندشا ناسراو بە میرخواوەند نووسەری پەرتۆکی مێژوویی "روضة الصفا فی سیرة الانبیاء و الملوک و الخلفاء" خەڵکی "هرات" ی ئەفغانستان کە لەسەدەی 5 ی زاینیدا ژیاوە، ڕووداوەکانی سەدەکانی پێشووی جیهان و سەردەمی خۆی و خاکی ئیمپراتۆریێتیی ئیسلامیی لە (7) بەرگدا کۆکردووەتەوە و شیکردنەوەی لەسەر کردوون، ژمارەی ئەو عەرەبانەی بەدەستی سوپای خۆرمدینەوە کوژراون، بە ملوێنێک مەزەندە دەکات. یەکێکی دی لەم مێژوونووسانە بەناوی "ئیعتمادولسەڵتەنە" لە پەرتۆکی "منتظم ناظری" نووسیویەتی: "ژمارەی کوژراوەکانی سوپای بابەک لەماوەی 23 ساڵدا گەیشتە 250000 کەس.

عەلی حسێن مەسعوودی مێژوونووس و جۆگرافیناسی بەناوبانگی عەرەب (896 بۆ 957 ی زاینیی ژیاوە)، لە پەرتۆکی "التنبیة و الاشراف" دا دەلێ: "لەماوەی پتر لە بیست ساڵ لەزەمانی دەسەڵاتی خەلیفە مەئموون و موعتەسەم، سەرژمێری ژمارەی کوژراوانی سوپای ئیسلام و موسڵمانان کرا، زانرا بەلانی کەمەوە پێنجسەت هەزار (500000) بەدەستی سوپای بابەکەوە کوژراون.

*   *   *

**لەبارەی سەرزەوینی پێرەوانی خۆرمدینەوە، عەلی حسێن مەسعوودی لە پەرتۆکی "التنبیة و الاشراف" دا دەڵێ:**

"وەک لە دوو پەرتۆکی خۆم (المقالات فی اصول الدیانات) و (سرالحیاة) یشدا نووسیومە: پێڕەوانی ئاینی خۆرمیە و کوزەکیە و شاهیە لە خاکی ئەسفەهان، ززمعقل، ززا بودلف و گوندەکانی ورسنجان و قسم و کوزشت و لە ولاتی سەیمەڕە و لە مێهرجان قزق و "بلاد سیروان" و ئەریوجان، هەروەها شارەکانی "ماسبذان" (ماسبزان) و "هەمەدان" (15*) و ماە کوفە و ماەبەسرە و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و خۆراسان و قۆم و کاشان و شاری رەی دەژین".

(مەبەست لە "مێهرجان قزق (لۆڕستانە). "ززین" نێوی گوندێک بووە لە ناوچەی لۆڕستان. سەیمەرە ناوی شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە و، لە خوارووی لۆڕستانی ئیستا هەڵکەوتبوو. مادکوفە و مادبەسرە ناوی دوو شاری رۆژهەڵاتی کوردستان بوون "ماد کوفە" لەو سەردەمەدا ناوی شاری "دینەوەر" بووە کە ئێستا نەماوە و، بووە بە گوندێکی بچووکی سەر بە پارێزگەی کرماشان. مادبەسرە ناوی شارێ بووە لە نێوان "نیاوەن" (نهاوند) و بروویەرد (بروجرد). مانای (مادبەسرە) و (ماد کوفە) دوو شاری سەر بە ولاتی مادەکانە. "بلاد سیروان" (شاری سیروان). هەمەدان (هگمتان) لەو سەردەمەدا هەموو دانیشتوانەکەی کورد

بوون و، سەردەمی خۆی پێتەختی ئیمپراتۆریی ماد بوو. ئەوجا کرماشان لەو سەردەمەدا بە "قرمسین" و هێندێک جاریش بە "قرماسین" نێوی نووسراوە. دوای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن سوپای ئیسلامەوە، هەرێمەکانی ئیلام و لۆڕستان نێونرا "ماسبذان" (ماسبزان). گەورەترین پەرستگە و ئاگرگەی "زەردەشت لەم دەڤەرە نێوی "سیروان" بوو. پەرستگەی شاهانەی سیروان لەسەردەمی پاشایەتیی ئەردەشێر ئیمپراتۆری ساسانی دروستکراوە. سەرچاوەکان دەڵێن نێوی پاشای ئیلام و لۆڕستان لەو سەردەمەدا (ماد سبزان) بووە، عەرەبەکان ئەم دوو وشەیان تێکەڵکرد و هەردوو ناوچەکەیان نێونا "ماسبذان" و "مهرجان قذق" ئەوجا سەرتاسەری رۆژهەڵاتی کوردستان بە باشووری کوردستانیشەوە نێونرا "جبال" (چیا). میر و خانەدانە کوردەکانی ناوچەکە دەبوو زەکات و باج بنێرن بۆ حوکمڕانی ئیسلام لە کوفە، لەبەر ئەوە عەرەبەکان لە دابەشکردنی ئیدارەی ئیمپراتۆرییەکەیاندا نێوی "ماد کوفە" یان بۆ هەردوو هەرێمەکە هەڵبژارد.

بەباوەڕی من، مەبەستی مێژوونووس مەسعوودی لە "بلاد سیروان" ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور بووە، ئەگەرچی گەورەترین پەرستگەی زەردەشتی لە ئیلامی ئێستا ناوی "سیروان" بووە، بەڵام مەسعوودی ناوی "ماسبذان" (مادسبزان) و (سیروان) ی وەک دوو ناوچەی جیا لەیەک نووسیوە.

لەبارەی سنووری پێڕەوانی خۆرمدینەوە، **سەی مورتەزا کوڕی داعی حەسەن رازی** ناسراو بە **"سەفییەدین/علم الهدی تارانی"** لەزانایانی بەنێوبانگی شیعە **(نۆسەدوپەنجا بۆ هەزارساڵێک بەر لەئێستا ژیاوە)**، لەپەرتۆکی **"تبصرة العوام فی معرفة مقالات النام"** دا دەڵێ: **"ئەم گەلە لەهەرێمی لۆڕ و ئەسفەهان و شاری سیروان، لە مابەسرە و ماکوفە و نیاوەن (نەهاوەند) و برویەرد (بروجرد) نێویان "خرمیانە" (خۆرمیانە).**

**بەخستەڕووی ئەم سەرچاوە مێژووییانەی سەرەوە، ئەم راستینەیەمان بۆ ئاشکرابوو، ناوەند و چاوکانیی سەرهەڵدانی بیری خۆرمدینی لەسەرەتاوە لۆڕستان و کرماشان و ئیلام (ماسبزان) بووە، دواتر بەهەموو کوردستان و شارەکانی پارسنشین و تەبەرستان و خۆراساندا بڵاوبووەتەوە. نووسەری عەرەب "مجمل فصیحی" سەرەتای دەستپێکی بیری خۆرمدینی دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی 162 ی کۆچی و، دەڵێ: لەو ساڵەدا بیری خۆرمدینی لە ماسبدان بڵاوبووەوە و خەڵکێکی زۆر لەدەورەیان کۆبووەوە. لەلایەن سوپای ئیسلامەوە هێرشی گەورە کرایەسەریان و سەرکوتکران، ژمارەیەکی زۆریان بەرەو "ئاران" (ئازەربایجان) هەڵاتن!**

**ئەوجا لەبارەی ناوی شارەکانی ئازەربایجانەوە کە لەسەردەمی بابەکی خۆرمدین، چاوکانیی بەرخۆدانی گەورەی جەماوەریی بوون لەدژی سوپای داگیرکەری عەرەب و موسڵمانانی ناوچەکە**

بەگشتی، "ابن خردادیه" مێژوونووس و جۆگرافیناسی سەدەی سێیەمی کۆچی لەپەرتۆکی "المسالک و الممالک" (لاپەڕەی 119-120) ، هەروەها "ابن فقیه" لە پەرتۆکی "مختصر البلدان" (لاپەڕەی 128) دا ناوی شارەکانی ئازەربایجانیان بەم شێوەیە هێناوە: (ناوە کوردییەکانم لە نێو کەواندا نووسیوە) مراغە (مەراغە)، میانج، اردبیل (ئاردەوێڵ)، ورثان (وەرسان )، سیسر (سیسێر)، برزە (بەرزە)، سابرخاست، تبریز (تەورێز)، مرند (مەرەند)، خوی (خۆی)، کولسرە (کۆڵسەرە)، مغان (مۆغان)، برزند (بەرزەند)، جنیزە (جنێزە)، شهرپرویز (شار پەروێز)، جابروان (جابرڤان)، اورمیە (ورمێ)، سلْماس (سەلماس)، شیز، (شێز)، باجروان (باجرەوان).

هەرێمێکی دیکەی کوردانی ساسانی کە لەلایەن دەسەلاتدارانی بنەماڵەی عەباسییەکانەوە بایەخی زۆرپێدراوە و، سەرچاوە مێژووییەکانی ئیسلامییش بەوردی لەسەری نووسیویانە، لەخوارووی کوردستان – لە ناوچەی "دژپێڵ/دسفیل" هەڵکەوتبوو کە بەعەرەبی و فارسی کراوەتە (دزفول). ئەم شارە لەسەدەی چوارەمی زایینیی، بەفەرمانی شاپوور شای ساسانی، مێعماران و وەستاکارانی بەردتاش و چی وەستای دەستڕەنگینی کورد و مەسیحی و گەلانی دی هەبوون، بران بۆ دژپێڵ و، پرد و کۆشک و شوورە و قەڵایەکی گەورەیان لێ سازکرد. چەند هەزارساڵێک بەر لەساسانییەکانیش ئەم شارە خەڵکی لێژیاوە و، لەمێژووی کۆندا

نێوی "ئاوان" بووە، ناوەکەشی لەوەوە هاتووە زێیەکی گەورە بەناو شاردا تێدەپەڕێت. هەر لەلایەن شاپووڕ شای ساسانییەوە حەڤدە کیلۆمێترێک دوور لە شار و قەلای دژپێڵ، گەورەترین زانستگەی سەردەم سازکرابوو بەنێوی "گوندی شاپوور". وەکدەزانین تەنیا کورد بۆ "دێ" و "ئاوانی" و "ئاوایی" وشەی "گوند" یش بەکاردێنێ. لەم زانستگەیەدا زانایانی کورد و سەرجەم گەلانی دیکە کۆکرابوونەوە، دەستەیەک لە زانایان و پسپۆڕانی زمانەوانی و، زانستی سەردەم پێکهێنرابوو بۆ وەرگێڕانی پەرتۆکی زانایانی گەلانی دیکە بۆ سەر زمانی کوردی (فەیلی). ئەم زانستگەیە لەسەردەمی نەوشێروانی ساسانی زیاتر پەرەی پێدرا و، هەرچی بەرهەمی فەیلەسووفەکانی یۆنانی بوو، لەگەڵ زانستی پزیشکی کۆمەڵگەی مەسیحی و چینی وەرگێڕدرانە سەر زمانی کوردی. دوای رووخانی ئیمپراتۆریی ساسانی و داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عەرەبەکانەوە، زانستگەی گوندی شاپوور بۆ مەبەستی پەروەردەکردنی خوێندکارانی عەرەب و موسڵمانانی ناوچەکە وەک خۆی مایەوە، دراو وزێڕێکی زۆریش لەنێو زانایاندا بڵاوکرایەوە و، داوایان لێکرا سەرجەم پەرتۆکەکانی گوندی شاپوور وەرگێڕنە سەر زمانی عەرەبی و، بەفەرمی ئاگادارکران فێری زمانی عەرەبی ببن و، دەبێ لەوەبەدواوە بەرهەمەکانیان بەزمانی عەرەبی بڵاوبکەنەوە. لەسەردەمی عەباسییەکاندا

زۆرینەی زانایانی کورد و گەلانی دیکەی ناعەرەبی بەزۆر موسڵمانکراو، لە سەرمەنڕا (سامەڕا) و بەغدا کۆکرانەوە، ناوەندێکی زانستی پێکهێنرا و، راستەوخۆ ئەم ناوەندە کەوتە خزمەتی گەورەکردنەوەی لقوپۆپەکانی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی لەهەموو بوارێکی یاسایی و لەشکری و ئەستێرەناسی و، ماتماتیک و فەلسەفە و یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.

هێژای گۆتنە، لەبەر دەولەمەندیی زمانی کوردی، بۆ چەندین سەدە، واتە لەسەردەمی خەڵیفەی دووەم (عومەر) وە هەتا رووخانی حوکمدارێتیی عەباسییەکان کە نێزیکی 600 ساڵی خایاند، زمانی کوردی لەریزی ئەو زمانانەدا دابوو لەلایەن ئیمپراتۆریی ئیسلامییەوە بەفەرمی رێ بە ئاخافتنی درابوو. کۆی ئەو زمانانانەی لەلایەن عەباسییەکانەوە رێپێدراو بوون، بریتیبوون لە: (ئارامی، ئەرمەنی، ئامازیقی، قیبتی، گورجی، یۆنانی، کوردی (پەهلەوی و کرمانجی) و، زمانی ترکی.

هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا، ابن ندیم کوڕی ئەبوو یەعقووب کە لەسەدەی چوارەمی کۆچی- مانگی دا ژیاوە، لە پەرتۆکە مێژووییە بە ناوبانگەکەی (الفهرست) دا دەڵێ: "زمانی فهلە (فەهلەوی/پەهلەوی) زمانی دانیشتوانی هەرێمەکانی هەمەدان و ئەسفەهان و رەی و ماەنهاوەند و ماسبذان و ئازەربایجان و شاری مەداین و، دەوروبەریەتی. ئەم زمانە، زمانی فەرمیی

کۆشکی شاکان و بنەماڵە و دەسەڵاتدارانی ساسانی بوو. دانیشتوانی خۆراسانیش هەتاکو شاری "بەلخ" بەم زمانە قسەدەکەن ".

**دوای ئەم روونکردنەوەیە لەبارەی زمان و نشینگەی کوردانی خۆرمدین و ساسانی دەگەڕێینەوە سەر درێژەی باسەکەمان لەبارەی چارەنووسی کوردانی زەردەشتی دوای تێکشکانی شۆڕشی گەورەی خۆرمدینەوە!**

دوای لەنێوچوونی بابەک و شۆڕشەکەی، پاشماوەی لایەنگرانی خۆرمدین درێژەیان بە ڕێبازەکەیان دا، بەئاشکرا و بێترس و سڵکردن لە کوشتن و سەربڕینیان لەلایەن موسڵمانانەوە، داونەریتی ئاینیی خۆیان بەڕێوەدەبرد. لەلایەن عەرەب و موسڵمانانی ناعەرەب - بەکوردیشەوە بە **"رافضی" (لە دین وەرگەڕاو) و "زندیق"، (بەرەگەز بێدین)**. بانگدەکران. نووسەران و مێژوونووسانی عەرەب و ناعەرەب وەکو **نزامەلمولک، مەسعوودی** و **موقەدسی** کە لەو سەردەمانەدا ژیاون، نووسیویانە: **"بزووتنەوەکانی خۆرمدینی و مەزدەکی بەشێوازی پەرشوبڵاو تاکو سەدەی چوارەمی مێژووی ئیسلامیی واتە چوارسەدساڵێک دوای پەیدابوونی ئاینی ئیسلام بەردەوام بوو"**. زانا و مێژوونووس و جوگرافیناسی گەورەی ئیسلام بەناوی **محەممەد** کوڕی **عەلی** کوڕی **حوقل،** لەدایکبووی **"نێسیبین"ی باکووری کوردستان** کە لەسەدەی چوارەمی کۆچی- مانگیدا ژیاوە، هەروەها جوگرافیناس و نەخشەکێشی بەناوبانگی ئیسلام **ئەبوو ئیسحاق ئیبراهیم** کوڕی **محەممەد فارسی** لەدایکبووی شاری

**"ئێستەخر"** ی سەر بە ناوچەی **فارس (شیراز)**، کە ئەمیش لەسەدەی چوارەمی کۆچی- مانگی **(سەدەی 10ی زایینی)** دا ژیاوە، لەبارەی خۆرمدینانەوە نووسیویانە: **"زۆرینەی خۆرمدینان باوەڕیان بەئاینی ئیسلام هێناوە، ئێستا دەچنە مزگەوت و نوێژ دەکەن و قورئان دەخوێنن!"**.

**دوای چەندسەتساڵێک شۆرشی بەردەوام و خوێناویی لەکوردستان ئاڵوگۆڕی زۆر بەسەر پێکهاتە و بیروباوەڕی ئاینیی پێڕەوانی خۆرمدینی و مەزدەکی و بەگشتی زەردەشتیدا هات. هەرچییەک ناوچەکانی باکوور و ناوەڕاست و هەرێمی کوردانی خۆراسانە،** بۆ پارێزگارییی لە گیان و سامانی خۆیان وبنەماڵە و هۆزیان، زۆرینەیان بوونە موسڵمانی سوننە. ئەو هەزاران شۆرشگێڕ و نەیارانەی عەرەب و دەسەلاتدارێتیی ئیسلامیی کە بەرەو دارسانە شاخاوی و چڕوپڕەکانی **تەبەرستان (گێلان و مازندەران)** کۆچیان کرد، هەروەها کۆمەلەخەڵکێکی بەرێژەکەمیش لەشارەکانی **کاشان و قۆم و ئەسفەهان** دەژیان، لەرقی عەرەب و، بۆ بەردەوامکردنی رقوبێزاری و دوژمنایەتییان بەرامبەر عەرەب، بوونە شیعە. هەر لەمەشەوە بوو کە زیاتر لە پێنجسەت ساڵ بەر لە بەدەسەلاتگەیشتنی بنەماڵەی **"سەفەویی" (بەڕەگەز کورد)**، شیعەگەرێتیی و ئاینزای شیعە لەو هەرێمانەدا بوونی هەبوو. بەڵام **لە کوردستان هەتاکو "لەنگەرگەی گۆمبرۆن"** (بندر عباس) و **ئازەربایجان (کە ئەو سەردەمە هەمووی کوردبوون!)**، هەروەها لەنێو کوردی دەرەوەی

کوردستان وەکو **خۆراسان** و **بەلووچستان** ئەگەرچی زۆرینە ببوونە موسلمانی سوننە، بەڵام هەزاران کەس لەپیڕەوانی خۆرمدینی **لەناوچەکانی کرماشان و هەورامان و مووسڵ و دێرسیم و لەکستان و چەند ناوچەیەکی دیکەی ئێران وەکو قەزوێن و گێلان و ئازەربایجان لەسەر ئاینی خۆیان مانەوە و بەدرێژایی زیاتر لە هەزارودووسەتساڵ ئاین و داوونەریتی خۆیان پاراست و گەیاندیانە، ئەورۆ کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زاینیدا دەژین، ئەو هەزاران خۆرمدینی (یارسانی) یە کە لەو سێ هەرێمە بەتایبەتیی لە ئازەربایجان دەژین، ئەگەرچی دوای هەزارساڵێک زمانیان بووە بە ترکی ئازەربایجانی، بەڵام هەموو ساڵێ لەکاتی بۆنەکانی ئاینی یارساندا، لە ئازەربایجانەوە بەرەو ناوچەی کرماشان دەڕۆن، و لەگەڵ دەیانهەزار "یارسان" ی کوردستان لەسەر مەزاری سوڵتان ئیسحاق کۆدەبنەوە و، بۆنە و داونەریتی ئاینی و مێژوویی خۆیان بەرێوەدەبەن.**

## ئەو هۆکارانەی رۆڵی کاریگەریان هەبوو لەهەرەسپێهێنانی شۆرشی مەزنی خۆرمدینان بەسەرۆکایەتیی پاپەکی خۆرمدین!

جگە لەهێرشی بەرفراوان و، نواندنی ئەوپەڕی دڕندەیەتی و زۆروزەنگ و دەستدرێژی و رفاندن و راماڵدانی رەگەزی مێینە و تالانکردنی خەزێنە و مەڕومالآت و سامانی دانیشتوانی شار و گوندەکانی کوردەوارییی کە لەلایەن سوپای ئیسلام لەژێر ناوی **"جیهاد"** و **"ئەنفال"** بۆ مەبەستی تۆقاندن و هەرەسپێهێنانی ورەی کورد و تووناکردنی سوپای خۆرمدینان پێڕەوویاندەکرد، هەروەها چینەکانی دەستڕۆیشتوی کوردستانیش، کە لە دەرەبەگ و خاوەنسامان و بازرگان و بنەماڵەی میرانی ناوچەجیاجیاکان و مۆغەگەورەکانی زەردەشتی پێکهاتبوون، دژی شۆرشی خۆرمدینان بوون، ئەوانەشیان وا بەڕواڵەت پشتیوانی شۆرش بوون، سامان و موڵک و زەویوزاریان دەکەوتە نێو **کەوشەن** و خاکی سوپای خۆرمدینانەوە و نەیاندەوێرا دژایەتی شۆرش بکەن و، ناچاربوون داهاتووسامانیان لەگەڵ هەژاران و جۆتکارەکاندا دابەشکەن، بەڵام دوای بەردەوامیی جەنگ و ئەوکات کە زانییان سوپای خۆرمدین بەرەو شکان دەچێ، بەدزییەوە پێوەندییان بە خەڵیفە و سوپاسالاری ئیسلام **"ئەفشین"** وە گرت بۆ ئەوەی دوای لەنێوچوونی شۆرشەکەی بابەک، بەناوی هاوپەیمانی بابەک لەقەڵەم نەدرێن و، سەریان بەبڕین نەچێ و سامانیان بەتالآن نەبرێت. سوپاسالاری ئیسلام

"ئەفشین"یش بەڵینی دابوو بەهەموو میران و فیۆدال و بازرگانە گەورەکانی هەرێمی بندەسەڵاتی بابەک، دوای لەنێوچوونی بابەک و شۆرشەکەی، کێڵگە و سامان و بەردەست و جۆتکارەکان دەگێڕدرێتەوە بۆیان و گیانیان دەپارێزرێ، بەمەرجێ هاوکاریی بابەک و سوپا بیدێنەکەی نەکەن. ئەمەش سیاسەتێکی فێڵبازانە بوو لەلایەن خەڵیفە و دەسەڵاتداران گەورەی ئیسلامییەوە بۆ دابڕین و جیاکردنەوەی پشتیوانیی چینی ئاینی و دەوڵەمەندان لە شۆرشی رزگاریخوازی گەلی خۆیان.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، زۆرینەی کەسایەتی و زانا و رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە و سەدەکانی دواتریش، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و لەپێناو دەستخستنی پلەوپایە و خۆپێگەیاندن لەسایی دەسەڵاتدارانی عەرەبەوە، دژایەتیی بابەک و شۆرشەکەی و شۆرشەکانی دواتریان کرد و، پشتیوانی خەڵیفەکانی ئیسلام بوون.

**سوپای خۆرمدین، لەلایەک شۆرشێکی سەرومالّی و خوێناوییان لەدژی سوپای داگیرکەری عەرەب و هێزەکانی بەکرێگیراوی عەرەب هەڵگیرساندبوو، دژی ئاینی ئیسلام بوون و، ئامانجیان زیندووکردنەوەی ئاینی زەردەشتی بوو. هاوکات وەک ئاماژەمکردپێی دژی "مۆغ" (پیرەکانی زەردەشتی) و چینی میران و سەرۆکهۆز و بەگزادە و دەوڵەمەندی شارەکان بوون، چۆنکە لەسەردەمی ساسانیدا ئەم چینانە سەرجەم کێڵگە و زەویوزار و داهاتی هەژاران و جۆتکارانی ئیمپراتۆرییەکەیان لەنێوان خۆیاندا**

**دابەشکردبوو. چینی ئاینی و** دەسەلاتی سیاسی و سەربازیی وەک زاروو خوێنی خەڵک و بەری رەنجی هەژارانیان هەڵدەمژی. گەندەڵیی چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکەی لاواز کردبوو. بێگومان ئەمەش هۆکارێکی گرنگبوو لە رووخانی ئەو ئیمپراتۆرییە مەزنە لەبەرامبەر سوپای پەروەردەنەکراو و بێ ئەزموونی عەرەب، کە لەماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر ئیمپراتۆرییەکەدا گرت. دوای رووخانی ساسانی، خاک و کێڵگە و بەروبووی ئیمپراتۆرییەکە لەلایەن عەرەبەکانەوە نێویلێنرا **"اراضی مفتوح العنوة" (ئازادکردنی سەرزەمینەکان بەزەبری هێز). هەرچییەک باخ و کێڵگە و ئاوەدانی و زەوینی کشتوکاڵی بوو**، بەکرێ درایەوە بە فەرمانڕەوا عەرەبەکان و میر و پیاوانی گەورەی زەردەشتی و سەرۆکهۆزەکان. دوای دووسەتساڵێک کە ئاگری شۆرش و بەرخۆدان لە بەشێکی زۆری کوردستان هەڵگیرسایەوە، ئەم کۆنە میرو خانەدان و دەرەبەگە گەورانەی کوردستان و پەلاتی ئێران جگە لەدانی باج بە ئیمپراتۆریی ئیسلامیی، هەروەها هێزی چەکداریشیان شانبەشانی سوپای ئیسلام بەشداریکرد لەشەڕی **سوپای خۆرمدین و ئیمپراتۆریی رۆمی رۆژهەڵات (بیزانس).** ئەوجا ئەم چینە خۆییانە بۆ ئەوەی باجی حوکمرانە عەرەبەکان دابین بکەن و، وەکو رابردووش سوودیان دەستکەوێ، گوشاری زیاترتان دەخستەسەر جۆتکار و رەشایی و چینەکانی هەژارەوە. واتە دوای داگیرکردنی وڵات لەلایەن عەرەبەوە، برسێتی و هەژاریی زیاتر لە رابردوو تەنگی بە خەڵکی هەژار

هەڵچنیبوو. ئەمەش هۆیەک بوو بۆ ئەوەی ناڕەزایەتییەکی بەرینی جەماوەریی لەدژی دەسەلاتدارانی عەرەب و چینەکانی دەولەومەند و دەستڕۆیشتووی خۆیی پەرەبستێنێ. کاتێ **بابەک** بانگی رزگارکردنی گەل و ئاین و نیشتمانی لەژێردەستی داگیرکارانی ستەمکاری عەرەب و چینەکانی چاوچنۆک و بەرژەوەندپەرستی خۆیی بەهەموو کوردستان و پەلاتی ئێراندا بڵاوکردەوە، دەیانهەزار خەڵکی رەوشووڕووتی شارەکان و هەژارانی گوندەکان وەکو شارەمێرووله لەهەموو لایەکەوە بەرەو پێگەی فەرماندەیەتیی بابەک لە قەلای **"بەز"** کەوتنەڕێ و لەدەوری سەرۆک بابەک کۆبوونەوە و، هەر ئەمانەش بوون کە توانییان بۆ ماوەی 21 سال، ئەو سوپا بەهێز و تۆقینەرە پێکبهێنن کە بناخەکانی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی بەرەوڕووی گەورەترین مەترسیی بکاتەوە.

**لەگەڵ ئەو هەموو ئازایەتی و لەخۆبردووییەی کە چینی سەپان و رەنجدر و رەبەن لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی شۆرش ئەنجامیاندا، بیری خیانەتکردن لەئاین و نیشتمانی ئەوسای کوردەواریی لەسەردەمی عەباسییەکان - بەتایبەتیی لەسەردەمی موعتەسەم و سوپاسالاری ئیسلام (ئەفشین) لەنێو ئەو چینانەی دەسەلاتداری نێوخۆی کوردستانەوە سەریهەڵدا کە عەرەبەکان لەژێر حوکمداریێتیی خۆیاندا دەسەڵاتیان گێڕابووەوە بۆیان.**

**لەسەردەمی عەباسییەکاندا بوو کە بەرە بەرە ئەو دیاردە دزێو و نگریسە نێوخۆییە گەرایخست و پەرەگربوو کە ئەوڕۆکە**

**پێیدەگوترێت "جاش" و "جاشایەتیکردن". هەوڵدانی سەرۆکهۆز و میرەکان بۆ خۆنێزیککردنەوە لەدەسەڵاتدارانی عەرەب، بەدەستپێکی مێژووی سەدان ساڵەی کۆیلەتی و تەژی لە کارەساتی کورد ئەژماردەکرێت. لەسەردەمی عەباسییەکانەوە، کولتووری شانازیکردن بەبندەستیی داگیرکەری عەرەب بەناوی پیرۆزبوونی رەگەز و ئاینەکەیەوە، پێداهەڵدان و هەلپەرستی و، ماستاوچێتی و کاسەلێسیی سەرخووانی خەڵیفە و دەسەڵاتدارانی عەرەب لەلایەن چینی رۆناکبیر و زاناکانی ئەوسەردەمی کوردەوارییی، هەروەها کردنی جەماوەری کوردەوارییی بە پێشەنگ و چۆخەسۆری بەرلەشکری عەرەب بەفەرمانی میران و سەرۆکهۆزەکان و سەردارانی کورد، لەنێو جەماوەر و کۆمەڵگەی کوردەواریدا بڵاوبووەوە.**

شانبەشانی خیانەتی چینەکانی دەستڕۆیشووی کوردستان بەرامبەر شۆرشی گەورەی خۆرمدینان، هەروەک **لەسەرەوەش ئاماژەمکردپێی، زۆرینەی زاناگەورەکانی کورد لە ئەستێرەناس و، ماتماتیکزان و یاسازان و فەیلەسووفەوە هەتاکو سیاسەتزان و نووسەر و مێژوونووسی بەناوبانگە، لەپێناو کورسی و کۆشکنشینی و ناوبانگی زیاتر و دەولەمەندکردن و بەرژەوەندیی تاکی خۆیان، بوونە موسڵمان و ناو و نازناوی عەرەبییان لەجێی ناوە کوردییەکەیان دانا و، بەنووسین و بڵاوکردنی زمان و فەلسەفە و تیۆری و یاسا و بەرهەمەکانیان کەوتنە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵگە و ناوبانگ و بناخەی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی. ئەمەش**

**تاوانێکی ئاشکرا و گەورە بوو کە زانایان و ناودارانی کورد لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیی خۆیان**، پشتیان لە خاک و گەل و ئاین و مێژووی خۆیان کرد، دژایەتیی شۆرشی گەلی خۆیان کرد و، لای گەلی خۆیان رەوایەتییان بەو دەسەڵاتە داگیرکەرەدا کە بەناوی "**برایەتی**"، یەوە ئامانجی سەرەکیی، کۆیلەکردنی کورد و بەتاڵانبردنی سامانی نیشتمانەکەیانی بوو.

**بەکورتی، سەردەمی عەباسییەکان بە قۆناخێکی گەلێک گرنگ و چارەنووسساز لەمێژووی هەزاران ساڵەی کورد ئەژماردەکرێت. بیری دوڵەتداری و خۆشەویستیی گەل و ئاین و هۆز و خاک (بەتایبەتیی دوای تێکشکانی شۆرشی خۆرمدینان)، جێی خۆیدا بە بەردەستی و تێکۆشین لەپێناو پتەوکردنی بناخەی شوورەوقەلای خەڵیفەکانی عەرەب و بەهێزکردنی سوپای ئیسلام. ئەگەر لەسەردەمی ساسانیدا تێکڕای جەماوەری کوردستان لە ژێر چەتر و کیانێکی خۆیی و ئاینێکی خۆیی و هاوبەشدابوو، داگیرکردنی نیشتمانەکەی و داسەپاندنی ئاینی ئیسلام بەسەریدا بەزۆرەملێ و بەزۆری شمشێر، ئەو خاک و کیان و ئاینەهاوبەشەی لێزەوتکرد. ستەم و دەستدرێژی و سووکایەتیی بێسنووری دەسەڵاتداران و لەشکری عەرەب لە گەڵ نەیاران و جیابیرانی ئاینیی لە کوردستان، هۆیەکی کاریگەربوو بۆ ئەوەی کورد بچێتە ژێر ئالای ئیسلامەوە و، واز لە ئاینەکەی خۆی بهێنێت. دواتر کە دەسەڵاتداریتیی ئیسلامیی لەلایەن ترکانەوە لەژێر دەستی عەرەب دەرهێنرا و، ناوەند و**

**پێتەختی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی لەبەغداوە گوێزرایەوە بۆ ئەستەمۆڵ و، کاتێ لەساڵی 1507ی زایینیی بناخەی ئیمپراتۆریی شیعە لەلایەن سەفەوییەکانی بەڕەگەز کورد لە ئێرانی ئێستا و لەبەشێکی گەورەی خاکی کوردستان و باشووری عێراق دامەزرێندرا، کوردستان پێینایە دۆخێکی ئێجگار سامناکتر و کارەساتبارترەوە، چۆنکە لەسەردەمی ئۆمەوی و عەباسییەکاندا زۆرینەی کورد پێکەوە لەژێر ئاڵای ئیسلامی سوننەدا بوون، بەڵام دوای هاتنەکایەی دوو ئیمپراتۆریی شیعەی سەفەوی و عوسمانلی سوننە، هەرچی هۆز و ئەمارەت و هەرێمەکوردییەکان بوو، لەنێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییەدا و بەسەر ئەو دوو ئاینزایەدا دابەشبوون و، کەوتنە شەڕی خۆبەخۆ و یەکدی کوشتن و، شانبەشانی سوپای داگیرکەری لایەک، شار و گوندی هاونیشتمانی خۆیان کاول وتاڵاندەکرد، بەناوی رەوایەتیی یەکێ لەو ئاینزانە، نێرینەی هاوڕەگەز و هاوخوێنی خۆیان تووناندەکرد و، رەگەزی مێینە و سامانی گەلی خۆیان وەک تالانی و دەستکەوتی جەنگ راماڵدەدا و بەدرۆشمی "الله اکبر" و، هوتافکێشان و هەراوزەناوە بەرەو مەلبەندی خۆیان دەگەڕانەوە.**

جیا لەم هۆکارانەی سەرەوە لە لاوازکردنی شۆرشی خۆرمدینانادا رۆڵی کاریگەریان بینی، هەروەها بەشداریکردنی هۆزەکانی کورد و ئێرانی و گەلانی دیکە، **بەتایبەتیی هۆزەکانی ترک لەجەنگی دژ بە خۆرمدینان کە لەلایەن خەلیفە موعتەسەم کوڕی "هاڕوون ئەلڕەشید"، وە هێنرابوونە کوردستانەوە،** ئەوپەڕی دڕندەیەتییان

بەرامبەر دانیشتووانی کوردستان دەنواند. خەڵیفە موعتەسەم، زیاتر لە سوپای عەرەب، بایەخ و گرنگیی بە هۆزرکانی ترک دەدا، موعتەسەم زیاتر لە عەرەبەکان باوەڕ و متمانەی بە ترکان بوو، هۆی ئەم نێزیکایەتی و متمانەکردنەشی بەرامبەر ترکان لەوەوە سەرچاوەیدەگرت کە موعتەسەم لەکەنیژەکێکی بەڕەگەز ترک لەدایک ببوو، هەر لەمنداڵییەوە لەڕێگەی دایکی و خزمانی دایکییەوە سۆز و خۆشەویستیی بەرامبەر رگەزی ترک لە دڵ و مێشکیدا چێندرابوو. کاتێ هێشتا براگەورەکەی **(مەئموون)** لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتیی ئیسلام دانیشتبوو، موعتەسەم هێزێکی تایبەتی چوارهەزارکەسیی لە شەڕڤانانی ترکی لای خۆی گلدایەوە. دوای مردنی مەئموون و، بوونی بەخەڵیفەی موسڵمانان و جێگری **پەیامهێنەری ئیسلام (محمد)**، سەرۆکهۆزە ترکەکانی وەک راوێژکار بۆ **بەغدا** و **سامەڕا** بانگهێشتکرد، هەزاران چەکداری دیکەی ترکی بە هێزە تایبەتەکەی پێشوو زیاد کرد. لەنێو ئەم لەشکرە تایبەتەدا، هەزاران چەکداری **"بەربەر"** و **"ئۆسلاو" جێگیرکران.** (**لەشکری ئۆسلاوەکان لە جەنگاوەرانی مەکدۆنی و بولگاری و، ئەڵبانی و سربی و کرواتی و چێک و گەلانی ئۆروپای رۆژهەڵات پیکهاتبوون کە وڵاتەکانیان لەلایەن سوپای ئیسلامەوە داگیرکرابوون!) ئۆسلاوەکان** لە هاویشتنی تیری کەواندا بێوێنەبوون.

## چارەنووسی سوپاسالاری ئیسلام "ئەفشین"

## دوای سەرکەوتنی بەسەر خۆرمدینانداا!

دوای لەنێوچوونی شۆرشی خۆرمدینان، نارەزایەتیی لەدژی دەسەلاتداریتیی ئیسلامیی بنەبرنەکرا. چەندسالێ دوای کوژرانی بابەک و قەلاچۆکردنی خۆرمدینان، هەریمەکانی خۆراسان و ئۆزبەک و ئەفغانستان و بەلووچستان کە بەشێکبوون لە ئیمپراتۆریی ساسانی، بەسەرۆکایەتیی تاهیر کوری حسێن، راپەرین و حکوومەتێکی خۆجێی سەربەخۆیان بەناوی حکوومەتی "تاهیریی" راگەیاند. سوپای ئیسلام و موسلمامان لەجەنگی درێژخایەنی خۆرمدینان و ئیمپراتۆریی رۆمی رۆژهەلات (بیزانس) سەدانهەزاری لێ کوژرابوو، توانای ئەوەی نەبوو بەرەو خۆراسان لەشکرکێشیی بکاتەوە  وخۆی لە جەنگێکی تازەوە بگلێنێ کە ئاکامەکەی روون نەبوو، لەبەر ئەوە موعتەسەم ئەو بەلێنانەی پشتگوێخستن کاتی خۆی دابووی بە خدر کوری کاووس (ئەفشین). موعتەسەم تەنانەت ئامادەنەبوو هێزێک بدات بە ئەفشین کە خۆراسان بخاتەوە ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریی ئیسلامییەوە.

"ئەفشین" لەنێو شازادە و میر و چینەکانی بازرگان و دەرەبەگە گەورەکانی پەلاتی ئێران، خۆشەویستبوو، وەک سەردارێکی هەلکەوتوو و ئازا لێیاندەروانی، چۆنکە رۆلی سەرەکیی گێرابوو بۆ لەنیوبردنی شۆرشی خۆرمدینان و گێرانەوەی دەسەلات و سامان و

موڵکوکێڵگەکانیان. بەڵام ئەم نیوبانگی و خۆشەویستییەی ئەفشین لەنێو چینەکانی ناعەرەبی دەوڵەمەند.

ئەوەش بەدڵی موعتەسەم نەبوو، لەوە دەترسا ئەمیش وەکو ئەبوموسلم، خۆی و هەرێمی خۆراسان جیاکاتەوە، شۆرشیکی تازە هەڵگیرسێنێ و، لەداهاتوودا ببێت بە کۆسپ و مەترسییەکی تر بۆ سەر ئیمپراتۆریی ئیسلامیی. لەبەر ئەوە دوای لەنێوچوونی شۆرشی مەزنی خۆرمدین، دەسەلات و پلەوپایەی لەشکریی لێسەندرایەوە و، وەک مێوان لەکۆشکی خەڵفیە گلدرایەوە. ئەفشین تێگەیشت خەون وخەیاڵی بۆ بەدەستەوەگرتنی سامان و دەسەلاتی خۆراسان نەک هەر نەهاتنەدی! بەڵکو لەلایەن خەڵیفەوە بەکار هێنراوە و موعتەسەم ئیتر حیسابی بۆ ناکات! ئەمیش بڕیاریدا تۆلە بستێنێ و خەڵیفە و هەموو وەزیرەکانی بکوژێت. بۆ ئەم مەبەستە خوانێکی گەورەی بۆ خەڵیفە و وەزیر و کاربەدەستانی گەورەی عەرەب سازکردن کە نەخشەکەی جێبەجێ بکات، بەڵام یەکێ لە هاوڕێیانی بەناوی "بێژەن" بەنهێنی سیخوڕیی بۆ خەڵیفە دەکرد، نەخشەکەی بۆ خەڵیفە ئاشکراکرد. موعتەسەم بڕیاریدا ئەفشین و هاوڕییانی بگرن. دوای لێکۆڵینەوە، دانیان بە پیلانەکەیاندا نا. ئەمەش دەرفەتێکی باشبوو بۆ موعتەسەم کە "ئەفشین"یش لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. فەرمانیدا ئەفشین و هاوڕێیانی سەرببڕن.

تێکڕای جەماوەری خاکی پێشووی ئیمپراتۆری ساسانی بەکورد و ناکودەوە، تەنانەت هۆز و گەلەکەی ئەفشین خۆی، بە کوژران و سەربڕینی بێدەنگبوون، ئەمەش بەواتای تووڕەی وبێزاری و

پێخۆشبوونیان بوو بەرامبەر کوژرانی لەو چەشنەی شازادە و سەردارێکی خۆیان کە لەپێناو دەسەلات و بەرژەوەندیی خۆیدا گەورەترین خزمەتی بە داگیرکەری عەرەب گەیاند، عەرەبیش بە کوشتن و سەربڕین وەرامی چاکەیاندایەوە.

بەکورتی، خیانەتی میرزادە و سەردار و دەرەبەگ و سەرۆکهۆزەکانی کورد بەرامبەر یەکتر لەپێناو پاراستنی خۆیان و دەستخستنی پلەوپارە و ناوبانگ و خۆخستنەپێش لەسەردەمی عەباسییەکان، هەروەها بڵاوکردنەوەی ئاژاوە و چەندبەرەکی و بەڵێن و وادەی درۆ لەلایەن خەڵیفەکانی عەباسییەوە، هۆیەکی کاریگەربوون لەسەدەکانی دووەم و سێیەمی مێژووی ئیسلامیی بناخەکانی دەسەڵاتدارتیی ئیسلامیی لەکوردستان سەقامگیربێت.

## کۆتایی بەرگی یەکەم!

# ژێدەرەکان!

(1*) - میزۆپۆتامیا "Μεσοποταμία" وشەیەکی کۆنی یۆنانییە و یەکەم جار لەلایەن مێژوونووسی ناوداری یۆنان "پۆلی بیۆس" ئەم نێوە بەکار هێنرا بۆ ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە نێوان "دوو ئاوان" (دجلە و فۆرات" وە. چەند هەزارساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا چەندین شارستانێتیی گەورەی وەک Keldani, Ilami و چەندین Assuwa, Hatti, Hurrians, Mittani, Assyria, Kassite هۆز و گەلی تر لەم هەرێمە ژیاون، دواتر کە مادەکان لە باکووری قەفقازیاوە بەرەو زاگرۆس و میزۆپۆتامیا کۆچیانکرد، لەم هەرێمە نیشتەجێ بوون و لەسەر بناخەی شارستانێتیی ناوچەکە، بناخەی ئیمپراتۆری و شارستانییەکی تازەیان دامەزراند. میزۆپۆتامیا لە زمانی عەرەبی و فارسی بووە بە "بين النهرين"، لە کوردیشدا جگە لە "دووئاوان"، هەروەها بە زێی دجلە و زێی فۆرات نێودەبرێت.

(2*)- "مانی" کوڕی "پاتێگ" ناوی پێغەمبەرێکی کوردە و دامەزرێنەری ئاینی "مانی" یە، کە لەساڵی 210 بۆ ساڵی 276ی دوای لەدایکبوونی عیسا مەسیح ژیاوە. دایکوباوکی لەشاری "نەهاوەن" هاتوونەتە دنیاوە. شاری نەهاوەن یان نەهاوەند، لەنێزیکی هەمەدان و لەڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە. ئەم شارە لەسەردەمی ساسانییەکاندا بەشێ بوو لە هەرێمی "پاڵە/پەهلە ماد نەهاوەن". مێژووی شارستانێتیی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سێهەزارساڵ پێش زاین بۆ سەردەمی "کاسی" یەکان. زمانی دانیشتووانی هەرێمەکە کوردیی/فەیلیی بووە و ئێستاش دوای چەند هەزارساڵێک هەر بە زاراوەی فەیلی دەپیڤن.

باوکی مانی لەئاینی زردەشتیتییەوە روویکردووەتە ئاینی "کنۆستیسیزم" (Gnostikos). ئەم ئاینە لەسەدەی دووەمی زاینی لە ولاتی "رۆم" سەریهەڵدابوو، لەرێگەی قاشەکانییەوە گەیشتبووە هەرێمی "میزۆپۆتامیا". پێڕەوانی ئاینی "گنۆسیسیزم" بۆ پاککردنەوەی رەوان (رۆح) ی خۆیان لە خراپە، دەبوو واز لە ژن و خواردنەوەی ئەلکۆل و گۆشتخواردن و رابواردن بهێنن. لەبەر ئەوە لەژنەکەی جیابووەوە و، "مانیی" تەمەن هەشتساڵی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و، چوون بۆ نێو گنۆسییەکان. "مانی" هەر لەمنداڵییەوە وەکو باوکی کەوتە ژێر کاریگەریی باوەڕەکانی ئاینی "گنۆسییەوە" یەوە. تاکو تەمەنی هەرزەکاریی لەگەڵ ئاینەکانی ناوچەکە و زانست و فەلسەفەی ئاینەکانی دیکە ئاشنایەتیی پەیداکرد. زمانی سریانی بەباشی فێربوو کە یەکێ بوو لەزمانەکانی خاوەن شارستانێتی ئەو سەردەمە. زیرەکی و لێدوان و شیکردنەوەی ورد و ژیرانەی لەبارەی بابەتە ئاینی و فەلسەفییەکانەوە سەرنجی پێڕەوانی گنۆسی و پەرستکارانی پەرستگەکانی گنۆسی بۆلای خۆی راکێشا. هەر لە هەرەتی لاوێتیدا و هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە سیی ساڵ، رایگەیاند گەیشتووەتە پلەی رێپیشاندەر و، درێژەپێدەری رێبازی پەیامهێنەرانی وەک نووح، ئیبراهیم، سام کوڕی نووح، نیکۆتنۆس، خنۆخ، زەردەشت و ئەفلاتۆن و عیسایە و، دواپەیامهێنەر و کۆتایی پێغەمبەرانە و، دوای ئەم کەسێکی تر ناگاتە ئاستی پێغەمبەریی. وەکدەزانین دووسەتساڵێ دوای مردنی مانی، کاتێ پێغەمبەری موسڵمانان محەممەد ئاینی ئیسلامی دامەزراند، ئەمیش رایگەیاند دوایین پێغەمبەرێکە لەلایەن خودێوە بۆ رێنێوێنیکردنی مرۆڤ هەڵبژێردراوە!

مانی یەکێ بوو لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی زەمانی خۆی و، ئاینەکەی بۆ ماوەی چەندسەدەیەک یەکێ بوو لە ئاینە گەورەکانی سەرگۆی زەوی و ژمارەی پێڕەوانی بە

**ملیۆنان مرۆڤ ئەژمارکراوە. هەر لە ولاتی چینەوە تاکو رۆژهەڵاتی ناڤین و ئۆروپا ئاینی مانی بڵاوببووەوە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەنێو پەرستگەی مانستانەکانی ولاتی چین هەزاران لاپەڕەی دەستنووس لەژێر زەوی دۆزرانەوە و زۆبەی ئەو نووسراوانە بران بۆ "ئەنستیتۆی رۆژهەڵاتی ناسیی بەرلین/ئەڵمانیا). زۆربەی ئەم دەستنووسانە بەزاراوەی کوردیی/فەیلی نووسراون، بەشێکیان وەرگێڕانی ئاینی مانییە بەزمانی "قیبتی" و "یۆنانی"**

**ئاینی مانی وەک زەردەشتی باوەڕی بە "کراسگۆڕین"، (دۆنادۆن/تتناسخ بقاء) بوو. مانی دەیگوت: "ئاینەکەی من لە دە لایەنەوە لەسەرووی ئاینەکانی دیکەوەیە. بۆ شیکردنەوەی و تێگەیاندنی جەماوەری خەڵک لەبارەی ئاینەکەیەوە، چەندین پەرتۆکی نووسی کە ناوەکانیان بریتین لە:**

**- "ئەنجیلی زیندوو (ئەوەنگلیۆن)، ئەم پەرتۆکە لە بیست و دوو بەش پێکهاتووە و، بەزمانی "ئارامی" نووسراوە و، لە هەموو بەشەکانیدا لەوە دەدوێ چۆن مرۆڤ دەتوانێ رەوان و رۆحی خۆی لە خراپە و ناپاکی پاگژ بکاتەوە و رەوانی خۆی ئازاد بکات. پەرتۆکی "ئەنجیلی زیندوو" دواتر وەرگێڕدرایە سەر چەندین زمانی دیکە.**

**- پەرتۆکی "شاپوورگان" بە زمانی کوردی فەیلی و لەسەردەمی شاپووری ساسانی نووسراوە. هێژای گۆتنە زاراوەی فەیلی لەسەردەمی ساسانییەکان زمانی فەرمی و زمانی نووسینی حکوومەت بوو، بۆ چەند سەدەیەکیش دوای نەمانی ساسانی، کاریگەریی ئەم زاراوەیە لەسەر زمان و رێژەی لۆڕوکەڵوڕ و ناوچەی ئەردەلان و هۆرامان مابوو.**

**- پەرتۆکێکی دیکەی مانی ناوی "ئەردهەنگ" ە. "ئەردهەنگ" بەباوەڕی من بەواتای هەنگ یان هەنگوینی زەوییە. "ئەرد" لە کوردیدا بە زەوی و ئاخ دەگوترێت.**

وشەی عەرد لەبنەڕەتدا "عیبری" یە و لە "تەورات" دا بەشێوەی "هائارێتز" هاتووە. ئەم وشەیە کەوتووەتە زمانە ئۆروپاییەکانەوە و لە ئینگلیزیدا بووە بە Earth. لەزمانی عەرەبیشدا بووە بە "الارض". بۆ خوێندنەوەی زیاتری ئەم زانیارییە بڕوانە سەرچاوەکەی (وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی ل 126) لەنووسینی زانا و نیشتمانپەروەری ناوداری کورد جەمال نەبەز.

لەزمانی فارسی ناوی ئەم پەرتۆکەی مانی بە "ارژنگ" هاتووە. مانی روانگەی خۆی بە وێنە و نگارنەخشاندووە و ئەم پەرتۆکەی یەکێکە لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی.

- "بناخەی ژیان" بریتییە لە شیکردنەوەی رۆناکی و تاریکی و چۆنێتیی دروستبوونی ئەم دوو دیاردەیە. هەرچی کردەوەی چاکە دەچێتە خانەی رۆناکی و هەرچی کردەوەی خراپیشە جێی لە بەرەی تاریکیدایە. مێژوونووسی گەورەی ئیسلامی وەکو "ابن ندیم" ناوی ئەم پەرتۆکەی بە "سفر الاحیا" هێناوە.

- نامەکانی مانی:

"ابن ندیم" مێژوونووسی گەورەی ئیسلامیی کە لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە، نووسیویەتی: کۆی نامەکانی "مانی" (77) دانە بوون. مانی لەم نامانەیدا کە ناردوویەتی بۆ میر و گەورەی خانەدان و سەرۆکی هۆزی گەلان، زۆر زانایانە و بەکورتی روانگەی ئاینی و فەلسەفی خۆی روونکردوونەتەوە و داوایلێکردوون بۆ دابینکردنی دنیایەکی رۆناک، شەڕی تاریکی بکەن و دەستهەڵبگیرێت لە شەڕ و خراپەکاری و خوێنڕشتن.

- پەرتۆکی "رازان":

مەبەست لە "رازان" (نهێنییەکان) ە. وەرگێڕانی ناوی فارسی ئەم پەرتۆکە "اسرار"ە. "ابن نديم" لەباسی ئەم پەرتۆکەدا نووسیویەتی: کتێبی "سفر الاسرا" (رازان) لەبارەی ژیان و هاتنی پێغەمبەرەکانی پێش خۆی دواوە. نووسەری دیکەی بەناوبانگی دنیای ئیسلام، عەلی حسێن مەسعوودی ناوی ئەم پەرتۆکەی بە "سفر الاسرار" نووسیوە و، ئاماژە بەوەدەکات چەند بەشێکی ئەم پەرتۆکە لەبارەی گەڕانی رۆح (دۆنادۆن) ە.

- کوان (کاوێن) (Kawên):

ئەم پەرتۆکە لەبارەی دروستبوونی جیهانەوە دەدوێ کە هەزاران پەری بەفەرمانی ئێزدان لەئاسمانەکانەوە هاتنەخوارەوە، دوای دروستکردنی زەوی و ئاسمان، بەفەرمانی مانی هەموویان بوون بە "دێو"و خرانە بەندیخانەوە. دوای ماوەیەک دێوەکان شۆرشیان کرد، هەموویان لەگەڵ چوار لە سەرکردەکانیان گیرانەوە و، دیسان خرانە زیندانەوە، دووسەت کەس لەم دێوانە توانییان رابکەن و خۆیانگەیاندە سەر خڕەی زەوین و، بەهەموو جیهاندا بڵاوبوونەوە.

تادەهات ژمارەی پێڕەوانی مانی بەتایبەتیی لەنێو چینەکانی هەژار زێدەتر دەبوون، ئەمەش بەدڵی گەورەکانی زەردەشتی نەبوو، جگە لەترسی لاوازبوونی ئاینی زەردەشتی، لەوەش دەترسان بەرژەوەندیی چینایەتییان بکەوێتە مەترسییەوە. بەردەوام لای شا و بنەماڵەی شا و وەزیر و سوپاسالار و فەرماندە و سەرۆکی هۆزەکان لەدژی مانی و ئاینەکەی قسەیاندەکرد و هانیاندەدان رێی لێبگرن، سەرەنجام هەوڵی گەورەکانی زەردەشتی گەیشتە ئەنجام و "بارام" شای ساسانی فەرمانیدا مانی بگرن و بیسووتێنن و سەریان ببڕن. دوای کوشتنی ئەم فەیلەسووفەی کورد بەم شێوازە دڵتەزێنە، پێڕەوانەکەی ئێسکوپرووسکی مانییان کۆکردەوە و لە شاری تیسفۆن ناشتیان.

(3*) - کەرکووک یەکێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستان و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریی "هۆرییەکان" کە زیاتر لە هەزارساڵێک پێش زاین لەریزی شارە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە بووە. ناوی ئەم شارە سەرەتا "ئاراپخا" (Arraphka) بووە کە ناوێکی "هۆری" بووە. لەزمانی هۆری "ئاراپخا بەمانای "شار" بووە. دوای رووخانی دەوڵەتی "ئاشوور"، نێوی کەرکووک گۆڕدرا بۆ "کۆرکۆرا". ناوی "بابە گوڕگوڕ" یش هەر لەمەوە هاتووە کە ئاماژەیە بۆ بوونی نەوت لەو شارە. لەسەردەمی ساسانییەکان نێوەکەی بوو بە "گەرمکان" کە ئاماژەیە بۆ بوونی "کان" و "کانزا" ی گەرمی ژێر زەویی ئەو شارە کە مەبەست لێی نەوتە. وشەی گەرمکان دواتر لەلایەن کوردی هەردوو بەشی باشور و رۆژهەڵاتەوە بوو بە "گەرمیان" و "گەرمێن".

(4*) - ئێران! ناوی ئێران مێژوویەکی چەندین هەزار سالەی هەیە و، هیچ پێوەندییەکی نییە بەم چوارچێوە جۆگرافیایەی کە دەسەڵاتدارانی گەلی فارس ماوەی سەتساڵێکە بۆ ئامانجی داگیرکاری و جێنۆسایدی مێژوویی نەتەوەی کورد، ناوی "ئێران" یان گرێداوە بە "پرشیا" (فارس) وە. دوای ئەوەی رەگەزی "ئاری" لە باکووری قەفقازیاوە بەرەو خوار هاتن، هۆزی گەورەی "ماد" لەلایەن گەلی "ئاری" یەوە، یەکەمین ئیمپراتۆریی دامەزراند نێوی "ئێریانۆ خشتەر" یان لەسەر وڵاتەکەیان دانا کە مانای "وڵاتی پاشایەتیی ئێرانی" بووە. دواتر ناوەکەی بوو بە "ئێران شتەر". وشەی "ئاریا" لە ئاوێستا کە بەزمانی کوردی/فەیلی نووسراوە، بە "ئێریە" و "ئاریە" هاتووە و مانای "مەزن و سەروەر و لێهاتوو بووە. لەسەردەمی ساسانییەوە ناوی ئێران بۆ هەموو وڵاتانی بندەستی ساسانی بەکارهێنرا. دواتر لەڕووی جۆگرافیاوە وشەی ئێران بۆ پەلاتی ئێران بەکار هێنرا و هەموو گەلانی وەک تاجیک و ئازەربایجان و کورد و

بەلووچ و فارس و پاکستانی و ئەفغانی و چەند گەلیکی تری دەگرتەوە کە لەسەر پەلاتی ئێران دەژیان.

(5*) - "دین" وشەیەکی زۆر کۆنە. لە "ئاڤێستا" دا بەشێوەی "دائێنە"(Daene)، لەپەهلەوی دا بەشێوەی (دین Din) هەیە. هەروەها لەزمانە سامییە کۆنەکانیشدا هەیە. بۆ وێنە لەزمانی "ئەکەدی" دا بەشێوەی "دینۆ Dino) هاتووە کە بەمانای ویژدان و قانوون و دادپەروەری دێ. لەزمانی عەرەبیدا لەجیاتی ئاین (Ayin)بەکار دێ. دین لە قورئاندا بەمانای "رۆژی دادپەروەری" (رۆژی پەسلان - قیامەت)، "مالک یوم الدین" واتە: خاوەنی رۆژی دادگەیی و لێپرسینەوەیە. بەمەدا دەزانین وشەکە عەرەبی نییە و، بەڵکو کوردییەکی کۆنە و لە وشەی "دیوان/Diwan) ەوە هاتووە. کوردی کۆن ئەم وشەی "دیوان"ەیان بۆ ئەو فەرمانگەیە بەکار هێناوە کە خەڵک رووبانتێکردووە. وشەی "دیوەخان" یش کە شوێنی میوانانە، هەر لەم وشەوە هاتووە. سەرچاوە: پەرتۆکی "وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی" نووسینی دوکتۆر جەمال نەبەز. بۆ خوێندنەوەی ئەم پەرتۆکە بڕوانە سایتی کۆنگرە: www.kncsite.com.

(6*) - ئەحمەد کوڕی داوود وەنەندی ناسراو بە ئەبوو حەنیفە دینەوەری، لەدایکبووی گوندی دینەوەری سەر بە کرماشان، ساڵی 828ی زاینی هاتووەتە دنیاوە و تاکو ساڵی 889ی زاین ژیاوە. خوێندنی لەئەسفەهان و کوفە و بەسرە تەواو کردووە. ئەبووحەنیفە لەسەردەمی خۆیدا گەورەترین ئەستێرەناس، جۆگرافیزان، ماتماتیکزان و، زمانزان، هێندشناس و، هەروەها لەزانستی دەرمانی و گیاشناسیدا بێوێنە بووە. لەم بارەیەوە یەکێ لەزانایانی ئەو سەردەمەی عەرەب بەناوی "ئەبن بیتار" دەڵێ: ئەبوو

حەنیفە دینەوەری ناوی زیاتر لە پەنجا گیای دەرمانی نێوبرد و لە کتێبەکەیدا شیکردنەوەی لەسەرکردن کە پێشتر نەبیسترابوون و، کەس لەبارەیانەوە هیچی نەدەزانی.

لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی کتێبی "کتاب النبات" ە کە بەگەورەترین سەرچاوەی گیاشناسی ناسراوە. هەروەها سەبارەت بە مێژووی کوردان کتێبێکی نووسیوە بەناوی " کتاب الاکراد. کتێبە مێژووییەکانی دینەوەری لەنێوان سالانی 1888 بۆ 1912ی زاینی، لەلایەن "ولادیمیر گرگاس"، کراخۆفسکی" وەرگێڕدرانە سەر زمانی فەرەنسا ئەوجا بەزمانی ئینگلیزیش بڵاوکرانەوە. کۆی بەرهەمەکانی بریتین لە:

1- تفسیر قورئان. 2 -الانواء 3- ایلاح المنگق. 4- لحن العامه. 5- الفحیا. 6- حساب الدور والویایا. 7- الزیج. 8- النبات (لە دوو بەرگدا). 9- الجبر و المقابله. ١٠- جواهر العلم. ١١- الرد علی رێد الایبهانی. ١٢- الشعر و الشعراء. ١٣- التاریخ. ١٤- اخبار الگوال. ١٥- فی حساب الخگائین. ١٦- البلدان. ١٧- القبله و الزوال. ١٨- البحپ فی حساب الهند. ١٩- الجمع و التفریق. ٢٠- نوادر الجبر، ٢١- کتاب الاکراد.

(7*)- کرماشان گەورەترین شاری رۆژهەڵاتی کوردستانە و، لەنێوان چیاکانی زاگرۆس هەڵکەوتووە. مێژووی ئاوەدانی و ژیانی بەکۆمەڵ لەم دەڤەرە دەگەڕێتەوە بۆ (9) هەزارساڵ بەرلە ئەمڕۆ بۆ چاخی بەردین و چاخی نوێبەردین. دوای گەرمبوونی زەوین، خەڵک لەم ناوچەیە لە ئەشکەوتەکان هاتنە دەرەوە و، یەکەم کۆمەڵێکی مرۆڤن لەسەر رووی زەوین، توانییان گۆزە و دێزە دروستبکەن و بۆ دروستکردنی خانوو خشت دروستبکەن. هەروەها یەکەمین گوندی هەرێمی "میزۆپۆتامیا" و رۆژهەڵاتی ناڤین لە ناوچەی کرماشان دروستکراوە. کاری کشتوکاڵی و دەستەمۆکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ و

باڵنده لێرەوە بڵاوبووەتەوە. زۆرینەی ئاسەواری سەردەمی چاخی بەردین لە رۆژاوای شاری "هەرسین" ی سەر بەناوچەی کرماشان دۆزراونەتەوە.

کرماشان لەڕووی مێژووییەوە بە "دەروازەی گەیشتن بە سنووری میزۆپۆتامیا" بەناوبانگ بووە. پرد و رێگەی هاتووچوو بووە لە چین و هێندستان وپەلاتی ئێرانەوە بۆ گەیشتن بە "دووئاوان" (میزۆپۆتامیا). لەسەدەی چوارەمی پێش زاین، کرماشان بوو بە ناوچەیەکی بازرگانیی گرنگ و، لەشارەکانی "گۆدین" و "کەنگاوەر" و "چغاگاوانە"، بازاڕی گەورە دامەزران و لە بەردەنووسەکانی "ئاشووری" و "بابلی" دا هاتووە، دانیشتوانی زاگرۆس لە گەلی "لۆلۆیی" و "گۆتی" پێکهاتوون.

دواتر لەسەردەمی ساسانییەکاندا کرماشان زیاتر پەرەی پێدرا و ئاوەدانتر بوو، بەفەرمانی خەسرەو شای ساسانی کۆشکێکی یەکجار جوان و رازاوە بە بەرزایی (45) میتر بە ئاسن و بەردسازکرا بێئەوەی ئاسنەکان دیاربن، ئەمەش ببووە هۆی سەرسووڕمانی خەڵک. ئەم کۆشکە تایبەت بوو بۆ پێشوازیکردن لە میرو خانەدانەکانی وڵاتانی دیکە. بەکورتی کرماشان پێتەختی دووەم و شوێنی حەسانەوە و پێشوازیکردنی مێوانانی میرانی ساسانی بوو.

کاتێ محەممەد پەیامهێنەری ئیسلام، نامەیەک دەنێرێ بۆ خەسرەو پەروێز شای ساسانی و داوای لێدەکات ببێت بە موسڵمان. خوسرەو پەروێز لە قەراخ چەمی "قەرەسوو" لە کرماشان دەبێ، نامەکە دەخوێنێتەوە، تووڕەیی لەشی دادەگرێ، نامەکەی محەممەد دەدڕێنێ و دەیخاتە نێو چەمەکەوە. لەساڵی 640ی زایینیی سوپای عەرەب هێرشیکی گەورەی کردە سەر شاری "دینەوەر" کە ئەوکاتە شارێکی ئاوەدان و پڕحەشیمەت بوو، بەڵام نەیانتوانی داگیربیکەن، ئەوە بوو بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی

**دینەوەر، هێرشیانکردە سەر کرماشان و، شارەکەیان بە تەواوەتیی خاپوور کرد و گەنجینە و خەزێنەی پاشایەتی و سامانی دانیشتوانەکەیان بەتالان برد، هەزاران منداڵ و ژنوکچی شارەکە و دەوروبەریان راپێچی ئۆردووگەکەیانکرد. دوای ئەوەی لەهێرشەکانی دواتر و لەسەردەمی "ئۆمەوییەکان" و "عەباسییەکان" کە سەرجەم کوردستان لەلایەن سوپای موسڵمانانەوە داگیرکرا، بە کرماشانیان دەگوت: 'قرماسین" ئەوجا تەواوی وڵاتی ماد بە "عێراقی عەجەم" نێونرا. کرماشان و دەوروبەری لەسەردەمی دەسەلاتدارێتیی عەرەبدا، چەند جارێک تووشی ئەنفال و وێرانکاریی هات،چەند سەدەیەک دواتر لەسەردەمی مەغۆل و لەساڵی 1220ی زاینی وێران و تالانکرا و هەزاران کەس لە دانیشتوانەکەی بەدەستی چەکدارەکانی مەغۆل کوژران. زۆرینەخایاند سەر لەنوێ لەلایەن سوپای میر تەیموور (تەیمووری شەل) کە بە رەگەز مەغۆل بوو، کرماشان کاولکرا.**

**یەکێ لەو شوێنە مێژووی و گرنگانەی ناوچەی کرماشان کە لەسەرەوەش ناومهێنا، گردی "گۆدین" ە، کە لەسەردەمی مادەکاندا گەرەترین قەڵای شاکانی ماد بوو، بیناکە بە بەرد و ئاسن و بەشێوەی بازنەیەکی خڕ دروستکرابوو، شەش ستوون وکۆڵەکەی جوان و رازاوە میچی قەڵایان راگرتبوو، بێئەوەی ئاسنەکان بە دەرەوە بن. مێعمارییەکی ئەوتۆ وەستایانەی تێدا بەکار برابوو کە خەڵک لە دوور و نیزیکەوە دەچوون بۆ بینینی ئەم قەلا جوان و رازاوەیە کە هەمووی لە بەردی مەڕ مەڕ دروستکرابوو. دوای رووخانی ئیمپراتۆریی ماد لەلایەن چەند هۆزێکی پارتەکانەوە بە سەرۆکایەتیی کۆرش، کۆشکی هەخامەنشی لە "پارساگاد" لەرووی نەخشەی ئەم قەڵایەوە دروستکرا. کۆنینەناسان بوونی ئاوجۆ "بیرە" یان لەنیو گۆزەی ئەم قەلایەدا دۆزییەوە کە مێژووەکەی**

دەگەڕێتەوە بۆ 3500 ساڵ پێشزاین بۆ سەردەمی "گۆتی" و "لۆلۆیی" یەکان کە لەو چاخ و سەردەمانە لەوێ ژیاون.

لەسەردەمی "سەلجووقییەکان" کە بەرەگەز ترک بوون و، لەسەدەی یازدەی زاین ڕۆژاوای ئاسیا و کوردستانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و، زمانی ترکیان کرد بە زمانی فەرمیی حکوومەت و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان، لەدابەشکردنی هەرێمیی وڵاتانی ژێردەستیاندا شاری "کرماشان" یان وەک ناوەند و گەورەترین شاری کوردستان دەستنیشانکرد و، بە فەرمی وشەی "کوردستان" یان بۆ وڵاتی کوردان بەکارهێنا.

دوای چەند هەزار ساڵی پڕ لە کارەسات و کاولکاری و جێنۆساید و تاڵانوبڕۆ شاری کرماشان و ناوچەی کرماشان وەک هەرێمیکی دێرینی کوردەواریی ڕەسەنایەتیی خۆی پاراستوە و وەکو زۆرێک لە ناوچە دێرینەکانی کوردستان لەنێو ڕەگەزی داگیرکەرانی کوردستان نەتواوەتەوە. ناوچەی کرماشان ئەوڕۆکە نموونەیەکی ڕاستینەی پێکەوە ژیانی چەندین ئاین و ئاینزای جۆربەجۆرە.

(8*)- محەممەد جەریر تەبەری ساڵی 218ی هەتاوی نێزیکەی دوانزەسەدەیەک بەر لەئەمڕۆ، لەشاری ئامۆل لەباکووری ئێران هاتووەتە دنیاوە. خاوەنی پەرتۆکێکی مێژوویە بەناوی "تاریخ گبری"، هەموو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و ئێران بۆ ماوەی چل ساڵ بەرێکوپێکی تۆمارکردووە. لەسەدەکانی دواتردا، ئەم پەرتۆکەی تەبەری بوو بەسەرچاوەی زانیاریی بۆ هەموو ئەو نووسەرانەی لەئیسلام و دەسەڵاتدارێتیی ئیسلامییان کۆڵیوەتەوە. تەبەری ساڵانێکی زۆر لە بەغدا ژیا و جگە لەنووسینی پەرتۆکی مێژوویی، سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی قورئان بوو لەبەرگێکدا بەناوی "جامع البیان عن تاویل". لەسەر داوای "ئەلمۆکتەفی" خەڵیفەی

عەباسی، دوو کتێبی دیکەی نووسی، یەکیان، کۆکراوەی بیروڕای هەموو زانایانی ئاینی و پیاوچاکانی ئیسلام تاکو ئەوکات سەبارەت بە ئاینی ئیسلام دواون، دووەمیان، ژیاننامەی چوارخەڵیفەی "راشدین" (ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی).

(9*)- عێزەدین ئەبولحەسەن جزیری (ابن اثیر)، کوڕی ئەبووبەکر محەممەد عەبدولکەریمی مووسڵی لەزانایانی سوننەی شافعی، ساڵی١١٦٠ ی زاینی لەباکووری کوردستان هاتووەتەدنیاوە، عێزەدین حەسەن جزیری لەگەڵ دووبراگەورەکەی (ئەبووسەعادەت مەجدەدین موبارەک و ئەبولحەسەن عەلی)، لەریزی گەورەترین زانایانی ئیسلامن. لەنێو ئەم سێ برا زانا و هەڵکەوتووەدا، عێزەدینی براچکۆلە (ابن اپیر)، بەگەورەترین لێکۆڵەر و مێژوونووسی دنیای ئیسلام لەقەلەم دراوە. لەماوەی ژیانیدا ئەم بەرهەمانەی نووسیوە:

"اسد الغابە فی معرفە الصحابە" (ناو و کورتەیەک ژیانی 7500 کەس لە یاران وپیێڕەوانی نێزیکی پێغەمبەری ئیسلامی تێدا تۆمارکراوە). 2- پەرتۆکی مێژوویی "ئەتابەکانی مووسڵ". 3- "کتاب تحفە العجائب و گرفە الغرائب" ٤- پەرتۆکی "جامع الکبیر فی علم البیان". 5- پەرتۆکی "الکامل فی التاریخ" ڕووداوەکانی جیهانی تاکو ساڵی ٦٢٧ی کۆچی - مانگی تێدا تۆمارکردووە. 6- پەرتۆکی " اللباب فی معرفە الانساب ".

گەورەترین بەرهەمی عێزەدین جزیری کتێبە مێژووییەکەیەتی کە هەتاکو ئەوڕۆش بە گەورەترین سەرچاوەی مێژوویی زانستی دادەنرێ. سەردەمی ژیانی عێزەدین جزیزی هاوکات بووە لەگەڵ کۆتاییەکانی حوکمڕانیی سوڵتان جەلالەدین خوارەزمشا و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریی مەغۆلەکان. ڕووداوەکانی ئەوسەردەمەی بەوردی وەک خۆی

تۆماركردووه، لەبەر ئەوە كتێبە مێژووییەكەی بەگەورەترین سەرچاوەی باوەڕپێكراو دادەنرێ سەبارەت بە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی دەسەلاتی مەغۆلەكان.

(10*)- شاری "ئەڵوەن" (حەلوان)، لەنێزیكی شاری كرماشان هەڵكەوتبوو، لەریزی ئەو شارانەدا بوو كەوتبووە سەر هێڵی "جادەی هەورێشم" وە. دەیان زانا و كەسایەتیی گەورەی ئاینیی لەسەدەكانی یانزە و دوانزەی زاینی لەم شارەوە سەریانهەڵدا. دواتر ئەم شارە بەرەو وێرانی چوو، هۆی ئەمەش نازانرێ، پاش دەیانساڵ "سەرپێڵ زەهاو" كە ئەوكات گوندێكی بچووک بوو، بەرە بەرە ئاوەدانی تێكەوت و پەرەی سەند و بوو بەشارێكی گەورە و جێی شاری "ئەڵوەن"ی گرتەوە. ئەم شارە دێرینە ئێستەش ئاسەوارەكەی ماوە.

(11*)- وشەی "ئەردەوێڵ" كە فارسەكان كردوویانە بە "اردبیل" "ئار – دەوێرە". "ئار" وێنەیەكی دیكەی "ئاگر" ە. "دەوێر" "دەڤەر" ە كە لە كوردی باكووردا بەكاردەبرێ و مانای شوێن و جێیە. وشەی "دەوار" یش كە بەجێی مەڕ و ماڵات و گا و مانگا دەگوترێ، هەر لەمەوە هێنراوە. "وار" و "وێر" بەمانای شوێنی نیشتەجێبوونە.

بڕوانە: (چەند وشەیەک لەبارەی ئەم پەرتۆكەوە، پێشەكیی دوكتۆر جەمال نەبەز بۆ پەرتۆكی: "مێژووی دەسەلاتداریێتیی ئاینی لەئێران" لەنووسینی سیروان كاوسی لاپەڕە 12 ساڵی 2010).

(12*)- شاری "زەنگان" كە عەرەب كردوویانە بە "زنجان" و فارسەكانیش لە عەرەبەوە وەریانگرتووە وپێی دەڵێین: "زنجان". لە سەر چۆمی "قەزڵوەزان" هەڵكەوتووە و، ئەوڕۆكە یەكێكە لە شارەكانی ئازەربایجان و لە نەخشەی ئێراندا لە

باکووری رۆژاوا هەڵکەوتووە و، بەپێی سەرژمێریی ساڵی 2010ی زایینیی، ژمارەی دانیشتوانەکەی نێزیکەی نیو ملیۆن کەسە.

مێژوونووس "حەمدوڵڵا مستۆفی" کە خەلکی قەزوێن بووە و لە نیوەی سەدەی 13 و سەرەتای سەدەی 14ی زاینی ژیاوە، لە پەرتۆکە مێژووییە بەناوبانگەکەی بەناوی "نزهة القلوب" کە 676 سال لەمەوبەر نووسیویەتی، دەڵێ: "زمانی دانیشتوانی زەنگان و مەراغە و تالش گشتاسبی، کوردی پەهلەوییە. مێژووی دامەزرانی بناخەی شاری زەنگان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "ئەردەشێری پاپەکان"دامەزرێنەری ئیمپراتۆریی ساسانی و ناوی ئەم شارە لەسەردەمی "ئەردەشێر" نێویلێنرا "شەهێن".

هێژای گۆتنە "تالش گشتاسبی، زمانی بەشێ لە دانیشتوانی شار و گوندەکانی لێواری زەریاچەی خەزەر لە باکووری ئێران کە بە کوردی ناسراوە. شاری زەنگان لەزەمانی هێرشی سوپای ئیسلام، بەرەنگارییەکی زۆریکرد و پاش چەند ساڵێک شەڕوپێکدادانی بەردەوام سەرئەنجام لەلایەن سەرداری ئیسلام "براء کوڕی عازب" داگیر و بەتەواوەتیی وێرانکرا. جارێکی تر لەسەدەی (12) ی زایینیی بەهۆی هێرشی سوپای مەغۆلەوە شارەکە بە تەواوەتیی خاپوور کرا و، زیندەوەری تێدا نەهێڵرا و، چەند سەدەیەک کەلاوە و ئاسەواری رووخاوی کۆشکوبازاڕ و باڵەخانەکان شاهیدی ئەوەیاندەدا کە سەردەمێک ئێرە شارێکی ئاوەدان وپڕحەشیمەت بووە. زەنگان لەسەردەمی دامەزراندنی ئیمپراتۆریی سەفەویی کە پتر لە پەنجسەت ساڵێک لەمەوبەر دامەزرا، دیسان ئاوەدانی تێکەوتەوە و، بەرە بەرە لەتەنیشتی شارە رووخاوەکەوە، بناخەی شارێکی تازە دانرایەوە. دوای ئەم مێژووە تاڵوتفتە، زەنگان لە چەند سەدەی رابردوو بەملاوە بەرە بەرە لەنێو زمان و کولتووری رەگەزی ترکدا توایەوە و، وەکو زۆرینەی شارەکانی ئازەربایجان خۆیان بە ترک و رەگەزی مەغۆل دەزانن و، زۆرینەی بەفیت و پیلانی

رژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا، دوژمنایەتیی کوردی هاوڕەگەز و هاوزمانی دێرینی خۆیاندەکەن.

(13*)- "مادشا" (ماهنشا) شارێکی گەورە و شوێنی نیشتەجێبوونی سەردەمی مادەکان بووە کە لەسەردەمی ئێستادا لە پارێزگەی "زەنگان" هەڵکەوتووە. ئێستەش گوندێک لە پانزە کیلۆمێتری شاری مادشا بەناوی "ماد ئاوا" هەیە. هۆزی گەورەی "ماد" کاتێک بەرەو پەلاتی ئێران و کوردستانی ئێستا هاتن، بەشێکی لەچۆمی قەزڵوەزان مانەوە کە ئێستەش بەناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەژماردەکرێت.

(14*)- مازیار کوڕی "کارن" لەبنەماڵەی میرانی تەبەرستان و بەرەگەز لە کوردانی بەلووچستان بوو. دوای سەرکەوتنەکانی سوپای خۆرمدین، لەگەڵ سەرۆک بابەک پێوەندیی گرت و بوون بە هاوپەیمانی یەک و بەڵێنیاندا بەیەک تا دەرکردنی داوودەزگە وسوپای داگیرکاری عەرەب، پشتیوانی یەک بن. مازیار بۆ ماوەی شەش ساڵ، لەساڵی 832 تاکو 838ی زایینیی شۆرشێکی گەورەی لە دژی خەلیفەی موسڵمانان موعتەسەم هەڵگیرساند. دوای شکستی خۆرمدینان و کوژرانی بابەک و براکەی و سەردارانی شۆرش، مازیار لەنێو دارسانەکانی مازندەرانەوە تاکو لێوارەکانی زەریا، شۆرە و مەتەرێز و تەڵەوداوی دانا و ئامادەی هێرشی سوپای عەرەبی کرد. خەلیفە موعتەسەم یەکێ لەسەردارەکانی کە ناوی "حسەن کوڕی مەسعەب" بوو، نارد بۆ لەنێوبردنی شۆرشەکەی مازیار. دوای حەفتەیەک شەڕی بێئەنجام، "حەسەن کوڕی مەسعەب" توانی بە بەخشینی دراوێکی زۆر، ژمارەیەک لە پاسەوانەکانی دەرگای قەڵا و سەر دیوارەکان بکڕێ و، سوپاکەی دزە بکەنەوە نێو قەڵا و هۆردووی مازیارەوە. حەسەنی کوڕی حسێن کە فەرماندەیەکی دیکەی عەرەب بوو، دەستنیشانکرا بۆ گرتنی

**مازیار و توانی مازیار بگرێ و بینێرێ بۆ بەغدا. خەڵیفە موعتەسەم فەرمانیدا بە قەمچی بیکوژن. دوای لێدانی چوارسەدوپەنجا قەمچی لە تاو ئازار گیانی لەدەست دا. لاشە و سەری براوی مازیار لە تەنیشت سێدارەکەی بابەکەوە هەڵواسرا.**

**(15*)- شاری هەمەدان لە نێوان کرماشان و سنە و قەزوێن و زەنگان، لە داوێنی چیای بەناوبانگی "ئەڵوەند" هەڵکەوتووە.**

**"هەمەدان" لە مێژووی ئیلامی کۆن بە "ئەگمەدەنە"، لە زمانی ئاکدی بە "ئەگمەتن" کە مانای "وڵاتی ماد" ی هەیە، لەزمانی یۆنانی بە "ئەگباتانا"، لە زمانی لاتین "ئەکباتانا"، لە زمانی "ئارامی" بە "ئەحمەت"، لە زمانی ئەرمەنی بە "هەمەتن و ئەکبەتن"، لە زمانی کوردیی/فەیلی کۆن بە "هەمەدان" نێوبهاتووە.**

**هەمەدان کۆنترین شاری دنیایە و خاوەنی مێژوویەکی هەزاران ساڵەیە و پێش هاتنی ئارییەکان، شاری هەمەدان نشینگەی سەرەکیی گەلی "کاسی" بووە. لە بەردەنووسەکانی "ئاشووری"، کە لەهەزارەی دووەمی پێش زاینەوە بەجێماون، دەڵێ: "هەمەدان لەریزی هەرێمەکانی گەلی "کاسی" یە. شای ئاشوور "تێگلات پاڵسەری یەکەم" ئەم شارەی لەساڵی 1100پێش زاین داگیرکردووە، کاتێ لەسەرەتای هەزارساڵی دووەمی پێش زاین، رەگەزی "ئارییەکان" لە باکووری قەفقازیاوە بەرەو خواروو شۆڕبوونەوە، هۆزی گەورەی "ماد" بەرەو ناوچەکانی دەوروبەری گۆلی "ورمێ" و ناوەند (ئەسفەهان و کرمان) و باکووری ئێستای ئێران (گێلان و مازندەران و ئازەربایجان و خۆراسان) لەلای خوارووی رۆژهەڵاتی ئێرانیشەوە بە "بەلووچستان"، لە رۆژاواش بە دەشت و داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا بڵاوبوونەوە. سەرۆکهۆز و گەورەکانی ماد بەشێکیان لە شاری هەمەدان نیشتەجێبوون. بەرە بەرە ئەم شارە بوو بە**

ناوەندی کۆبوونەوەی گەورەکانی "ماد" بۆ لێدوان لەبارەی پیشەی بازرگانی و، پارێزگاریکردن لە شار و بازاڕ و ڕێگرتن لە هێرشی دەرەکی بەتایبەتیی "ئاشوورییەکان" و کردنەوەی پێوەندیی بازرگانیی لە گەڵ وڵاتانی میزۆپۆتامیا.

بەوتەی مێژوونووسی گەورەی یۆنانی "هێرۆدۆت"، لە یەکێ لەو کۆبوونەوانەی لەنێوان گەورەکانی ماد لە شاری " ئێکباتان" (هەمەدان) گیرا، "دیاکۆ" بەسەرۆکی هەموو گەلی ماد هەڵبژێردرا. دیاکۆ کەسێکی ژیهاتی و زانا و بلیمەت بوو. لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، دەستیکرد بە سازکردنی سوپا و سازکردنی قەڵا و شوورە و مەتەرێز بەدەوری شارەکاندا. لەسەر گردێکی گەورە قەلا و کۆشکوبارەویەکی گەورە و پتەو و قایمی لەشاری هەمەدان سازکرد، کە بە کۆشکی "حەوت حەوشە" بەناوبانگبوو. لەنیو هەر حەوشەیەکدا کۆشکێک بە ڕەنگێکی تایبەت سازکرا. میچ و دیوار و کۆلەکە و ستوونەکانی نێو کۆشکەکان بە سەدان پەیکەری لە زێڕ و ئاوی زێڕ سازکران. دیوار و ستوونەکان لەبەردی مەڕمەڕ بوون و بەوێنەی ڕەنگاورەنگ و جوان ڕازابوونەوە. نێو حەوشەکانیش بە گوڵی ڕەنگاورەنگ و باخچە و باخ و میوەی جۆربەجۆر داپۆشرابوو. بەدەوری هەر حەوشەیەکیشدا دیوار و مەتەرێز و پاسەوان دانرابوون. کۆشکی حەوتەم شوێنی ژیانی دیاکۆ و خەزێنەی حکوومەت بوو. وەزیر و کاربەدەست و فەرماندەکانی سوپا بەپێی پێشەیان لەهەر یەکێ لە کۆشکەکاندا نیشتەجێکران. ڕەشەخەڵکەکەش لەدەرەوە و بەچواردەوری قەلادا، گەڕەکیان بۆ سازکرابوو.لە سەردەمی دیاکۆ، شاری هەمەدان بوو بە جوانترین شاری سەرڕووی زەوین. بەوتەی "هێرۆدۆت" "حەوتکۆشکی شاکانی ماد بە درێژایی و پانتایی فرسەخێک بوون.

شاری هەمەدان لە "تۆرات" یشدا ناوی بە "ئەخمسا" هاتووە و ئەم شارەی بە شاری "ئاشتی و پێکەوەژیان" نێوهێناوە، چۆنکە شاکانی ماد لە هاویناندا سەرۆکی وڵاتان و هاورێیانی خۆیان بانگهێشتی ئەم شارە دەکرد.

جەنگەکانی نێوان ئاشورییەکان و کاسییەکان و، دواتر دەولەتی ماد نیزیکەی سەت ساڵی خایاند. لەسەردەمی "هۆوەخشەترە"، سنووری ژێردەسەلاتی ماد خاکی سەدان گەل و وڵاتی تەنیی. هۆوەخشترە سوپایەکی بە هێز و ئازای پەروەدە کرد و، هێرشی کردە سەر شاری نەینەوا پێتەختی ئاشوور، دوای جەنگێکی سەخت توانی شارەکە بگرێ. شای ئاشوور خۆی وبنەمالەکەی لەنیو ئاگردا سووتاند. سوپای ماد تەواوی شارەکانی ئاشووری خاپوورکرد و سەرجەم دانیشتوانی ولاتی ئاشوور لەنێوبران. لەسەردەمی پاشایەتیی "ئیشتۆویگۆ" (ئاستیاگ)، یەکێ لە نەوەکانی بەناوی کورش کە لە دایکەوە "پارس" بوو، خیانەتی لە رەگەز و بنەماڵەی باپیرانی خۆی کرد و لەگەڵ هۆزەکانی پارس و ژمارەیەک لە سەردار و پاسەوانەکانی کۆشکی پاشایەتیی کودەتای کرد و، کۆتایی بە ئیمپراتۆریی گەورەی ماد هێنا کە لەساڵی 550 بۆ 728ی پێشزاین، بۆ ماوەی 180 ساڵ بەسەر کیشوەری ئاسیا فەرمانڕەوایەتیکرد.

بە وتەی مێژوونووس "تەبەری"، دوای رووخانی ئیمپراتۆریی ساسانی و هێرشی عەرەب بۆ سەر کوردستان، شاری هەمەدان لەسەردەمی ئیمام عومەر داگیرکرا. دوای چەند مانگێ لەسەردەمی خەلیفە عومەر شاری هەمەدان راپەڕین و هێرشیانکردە سەر سوپا و داوودەزگەی عەرەب، بەڵام پاش چەند رۆژێ راپەڕینەکەیان سەرکوتکرا و، سەدان چەکدار گیران و سەریان بڕدرا. دوای کوژرانی ئیمام عومەر و بوونی عوسمان بە جێگری، دیسان خەڵکی هەمەدان و دەوروبەری هێرشیانکردەوە سەر عەرەبەکان. ماوەی

سێ رۆژ جەنگێکی سەخت وخوێناویی تەواوی شاری گرتەوە. لەرۆژی چوارەمدا سوپای عەرەب توانی هێزی دیکە لە زەنگانەوە بێنێ و، بەزۆری شمشێر و سەربڕین و دەستدرێژیی راپەڕینەکە دامرکێنێتەوە. دوای ئەوە چەند هۆزێکی عەرەب گوێزرانەوە بۆ هەمەدان و لەوێ نیشتەجێکران و، یەکێ لەسەرۆکهۆزە عەرەبەکان بەناوی "بنۆ سەلمە" بوو بە حاکمی شاری هەمەدان.

دوای هەزاران ساڵ، رەگەزی ترک زۆرترین پێکهاتەی شاری هەمەدان پێکدێنن، بەدوایدا کورد و ئەوجا فارس. دانیشتوانی کورد لە پارێزگەی هەمەدان کەوتوونەتە گوندەکانی دەوروبەر و، ناو شارەکەش بەزۆریی ترکزمان و فارسزمانن.

هەزاران کەلوپەلی بەنرخ و پەیکەری زێڕین بەدرێژایی ئەم هەزارن سالە لەلایەن داگیرکارانەوە دزران و، ئەویشی مایەوە دوای هاتنەسەرکاری رژێمی ناسیۆنالی فارس لەلاین رەزاشاوە، نێزیک بە سەت ساڵێک لەمەوبەر، هەرچی ئاسەواری مێژوویی هەمەدان و بەگشتی کوردستانە برا بۆ مۆزەخانەی ئێران و، وەک بەشێ لە مێژووی خۆیان تۆماریان کردووە. کورد کەی وچ سەردەم و رۆژگارێ دەگاتە ئەو ئاستە لە هۆشیاریی نەتەوەیی کە دەسەلاتێکی پێشکەوتووی مۆدێرن لەسەر خاکی هەزاران سالەی پڕ لەشانازیی باوباپیرانی دامەزرێنێ و، هەموو ئەو ئاسەوارە بەنرخانە لە ئێران و لە وڵاتانی ناوچەکە و لە ئۆروپای وەرگرێتەوە و ببێ بە خاوەنی مێژووی خۆی!

# سەرچاوە


From Wikipedia, the free encyclopedia, 1 -Mesopotamia

2- "مانی" (ویکی پدیا - دانشنامە آزاد) بەزمانی فارسی

3- "فەرهەنگی کوردستان" گیوی مۆکریانی چاپی یەکەم/ هەولێر ساڵی 1999

4- "فەلسەفە و رامانی یارسانی" لە نووسینی دوکتۆر جەمال نەبەز کۆپلەی 1 لاپەرە 11

5- "وشەنامەکی ئیتمۆلۆژیای زمانی کوردی" ل 80 نووسینی جەمال نەبەز

6- سەرچاوە: سایتی : یاریکورد، نووسینی زەردەشت میکایلی

http://yarikurd.net/ku/bash/kurdistan/page

7- خۆشەویستیی خاک یان بیری نەتەوەیی لەئەدەبی هەورامی دا نووسینی سدیق بابایی

8 - وەبهافەرید (زین الاخبار، لاپەڕەی (119-120)

9 - سەرچاوەی "سانبا" پەرتۆکی "نیشابور شهر فیروزە" (لاپەڕەی 42 و 43).

10- سەرچاوەی "سانبا" پەرتۆکی "بزووتنەوەکانی ئاینیی ئێرانی لەسەدەکانی دووەم و سێیەمی کۆچی (لاپەڕەی 183) بەزمانی فارسی.

11- ویکی پدیا (دانشنامە ئازاد) بابک خرمدین بەزمانی فارسی.

12- "بابک خرمدین دلاور آذربایجان" چاپی تاران/ ئێران ساڵی 1954ی زایینیی(نووسینی: مێژوونووس، شاعیر و وەرگێڕی ناوداری ئێرانی سەعید نەفیسی.

13- پەرتۆکی "زین الاخبار" (لاپەڕە 120 - 119)

14- ویکی پدیا دانشنامە آزاد /عمارلو خراسان.

15- "نادر شای هەوشار" بڕوانە مێژووی دەسەڵاتداتیێتیی ئاینی لەئێران/ نووسینی سیروان کاوسی لاپەڕەی (54)

16- ناوی خۆراسان سەرچاوە "ویکی پدیا/ دانشنامە آزاد" بەزمانی فارسی.

17- تەپۆڵکەی گودێن (گودین تپە) ویکی پدیا/ دانشنامەء آزاد.

18- کرماشان و مێژووەکەی (ویکی پدیا/ دانشنامەء آزاد).

19- هێرشی "ئەمیر تەیموور" (تەیموورە شەل) بۆ کرماشان لەسەدەی هەشتەمی زاینیی، پەرتۆکی: "نزهة القلوب".

## بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر:

1- ئەفیون   Drag تلیاک  چاپی یەکەم مانگی گەڵاڕیزانی ساڵی 2009 لە ولاتی نۆرویژ چاپکراوە.

- چاپی دووەم لەلایەن "سەنتەری ئاشتی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە" زنجیرەی لێکۆڵینەوە ژمارە (13) لەشاری سلێمانی باشووری کوردستان، ساڵی 2012 چاپکراوەتەوە.

2- مێژووی دەسەڵاتدارێتیی ئانیی لەئێران بەرگی (1) چاپی یەکەم ساڵی 2010 لەولاتی نۆرویژ چاپکراوە.

3- کۆبەرهەم  ژمارە (1) مانگی گوڵانی 2011 لەولاتی نۆرویژ چاپکراوە.

sirwan.kawsi@gmail.com